# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 522 پێنجشەممە 30/ 7/ 2009 نرخ 500 دینار No.522 Thu 30/ 7/ 2009


«لیستی گۆڕان ناوچەگەرێتی ناهێڵێت»
ل٣

گەڕاندنەوەی ماف، کاری یەکەمی لیستی گۆڕانە
ل٨


گرووپی کۆمپانیاکانی دیوان
diwan دیوان
مۆبیلیات . کەوانتەر . PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ:
- فەرمانبەران بەگشتی و قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ بە پیمانگاکان ٨ هەشت قیست
- کاسب و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیابارانکراو و بریک و راوا ١١ یانزە قیست


# لیستی گۆڕان: هیواداریین کۆمسیۆنی باڵا بێ لایەنانە بڕیاربداتو تا ئەو کاتە ئەنجامە بەراییەکان قابیلی قبوڵ نین

## ئیجرائاتی دەسەڵات لەگەڵ خەڵک قبوڵ ناکەینو لێی بێ دەنگ نابین

ل٢

## زیاتر لە ١٥٠ هەزار دەنگ سکاڵایان لەسەرە

رۆژنامە

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، بەهۆی بوونی سکاڵاوە لەسەریان دەنگەکانی ٣٢٤ سندوق کە زیاتر لە ١٥٠ هەزار دەنگ دەکات، راگیراونو بەپێی ئەنجامە بەراییەکانیش لیستی کوردستانی یەکەمو لیستی گۆڕان دووەمو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی سێیەمو لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی چوارەم بوون هەروەها لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی پلەی یەکەمو د.کەمال میراودەلی پلەی دووەمی بەدەستهێناوە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ لە ئوتێل شیراتۆنی شاری هەولێر بەڕێوەچوو، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمیان راگەیاند کە رۆژی ٢٥ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو، بەو پێیەش لیستی کوردستانی ٥٧,٣٤٪و لیستی گۆڕان ٢٣,٧٥٪و لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی ١٢,٨٪و بزووتنەوەی ئیسلامیی ١,٤٥٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوەو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمیش مەسعود بارزانی ٦٩,٥٧٪و د.کەمال میراودەلی ٢٥,٣٢٪ی دەنگەکانیان بە دەستهێناوە.

لەمیانی کۆنگرە رۆژنامەنوانییەکەدا، فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، ئەو ئەنجامانە کۆتایی نینو دوای راگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان قەوارە سیاسییەکان بۆیان هەیە تانە لە ئەنجامەکان بگرن.

هەروەها حەمدیە حسێنی، سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، سکاڵا لەسەر دەنگەکانی ٣٢٤ وێستگە تۆمارکراوە، کە ١٩٦ سکاڵایان زەردن کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان نابێتو سکاڵای سەوزو سکاڵای سوور کە تەنیا لەسەر هەشت وێستگە هەن کە ئەگەر سکاڵاکان سەلما، ئەوا دەنگەکانیان رەتدەکرێنەوەو کۆمسیۆن لە چەند رۆژی داهاتوودا بەو سکاڵایانەدا دەچێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە بەشێک لە سندوقەکانی شاری هەولێر رەت دەکرێنەوە بەهۆی بوونی کەموکوڕیی لە ئەنجامەکانی ئەو سندوقانە.

هەندرێن محەمەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی وت: لە بەغداوە داوامان لێکراوە کە دەنگەکانی هەژدە سندوق لەشاری هەولێر بژمێرینەوە، بەهۆی ئەوەی کە هەڵە هەبووە لە پڕکردنەوەی ئیستیمارەکان، «بەشێک لەو ئیستیمارانە بەهەڵە لەلایەن بەڕێوەبەری وێستگەکانەوە پڕکراونەتەوە»، وتیشی: «دووبارە ژماردنەوەی ئەم دەنگانە کاریگەریی نابێت لەسەر ئەنجامە سەرەتاییەکان، بەڵام دوای راگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان لەگەڵ سکاڵاکان، رەنگە بەشێک لەو سندوقانە رەتبکرێنەوە».

هەروەها سەید تاهیر، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن بە رۆژنامەی وت» «بەهۆی دیارنەمانی چەند فۆرمێکی ٤٠١و ٤٠٢ کە تایبەتن بە تۆماری دەنگەکان، ٢٩ سندوقیان دووبارە جیاکردووەتەوە بەمەبەستی دڵنیابوون لە دەنگەکانو زانیارییەکانی تایبەت بەو سندوقانەو دووبارە داتاکان رەوانەی بەغدا کراونەتەوە».

## پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی مسۆگەر نییە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

فەلاح مستەفا، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، پۆستی سەرۆکی حکومەت یەکلاییدەکاتەوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: «رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتی تا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوەو دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی هەردوولا دەبەسترێت بۆ گفتوگۆکردنو یەکلاییکردنەوەی پرسی پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەڵام تائێستا هیچ بڕیارێکی کۆتایی لەوبارەیەوە نەدراوە».

دەربارەی ئەوەش کە ئایا پارتی پۆستی سەرۆکی حکومەت بەحەقی خۆی دەزانێت یان نا، فەلاح مستەفا روونیکردەوە «ئەوکەسانەی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی هەردوولادا بەشداردەبن، بەپێی بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی کوردستانو خەڵکی کوردستانو بەرژەوەندیی هەردوولاو بەپێی پێویستیو لێکتێگەیشتنو رێککەوتنی نێوان هەردوولا بڕیار لەسەر ئەو پۆستە دەدەن».

## سەرنووسەری کوردستانی نوێو جێگرەکەی دەستیان پێ لەکارکێشرایەوە

رۆژنامە

دوێنێ هەریەک لە کاوە محەمەد، سەرنووسەرو شێرکۆ مەنگوڕی، جێگری سەرنووسەری کوردستانی نوێ، نێردرانەوە ماڵەوەو بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار: مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوایان لەسەرنووسەرو جێگری سەرنووسەری کوردستانی نوێ کردووە، دەستلەکاربکێشنەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کوردستانی نوێ-وە بە رۆژنامەی راگەیاند: لەبەر خراپیی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و شکستی لیستی کوردستانی لە سلێمانی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیانوایە کوردستانی نوێ نەیتوانیوە بەباشی ئیش بکاتو رۆڵی خۆی ببینێت، هەربۆیە دوێنێ داوایان لەهەریەکە لە کاوە محەمەدو شێرکۆ مەنگوڕی کردووە دەستلەکاربکێشنەوەو بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە.

کوردستانی نوێ رۆژنامەیەکی رۆژانەیەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکاتو تائێستا ٤٩٣٦ ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە.

کوردستانی نوێ

KURDISTANÎ NWÊ







# ...اوچەگەریتی ناهێڵێت


فۆتۆ: هیوا جەمال

### کۆتاییهێنان بە چەقبەستوویی بارودۆخی هەرێم

مایکڵ رۆبن، نووسەرو لێکۆڵەری ئەمریکی، لە بابەتێکیدا کە لە ماڵپەری (ئەمێریکان ئینتەر پرایس)دا بڵاویکردووەتەوە، سەردەمی دوای هەڵبژاردن بە «سەردەمێکی نوێ بۆ کورد» وەسفدەکاتو دەنووسێت: «سەرکەوتنی لیستی گۆڕان بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا، جگە لە کۆتاییهێنان بە چەقبەستوویی بارودۆخی هەرێمەکە، رەنگدانەوەی بەسەر دابەشکاریی پۆستو داهاتی هەرێمەکەش دەبێت، هەر لەم رووەوە رەنگە چیتر تاڵەبانی چانسی بردنەوەی سەرۆکایەتیکردنی کوردی لە بەغدا نەبێت، ئەگەری ئەوەش هەیە پارتیی پۆستی نوێەرایەتیکردنی کورد لە ئەمریکا لە قوباد تاڵەبانی وەربگرێتەوە».

مایکڵ رۆبن پێیوایە بە بەدەستهێنانی رێژەی دەنگەکانی هەولێر لەلایەن لیستی گۆڕانەوە، پەیامێکی روون دەداتە پارتیو هەرێمی زەرد، کە چیتر ناوچەکە بێ رکابەر نامێنێتەوە.

### هێزێکی نوێی رکابەر

ماڵپەری میامی هێرالدی ئەمریکی، هەر سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو هاتنەئارای بزووتنەوەیەکی نوێی سیاسی بۆ رکابەریکردنی هەریەک لە پارتیو یەکێتی، بە کۆتاییهاتنی بارودۆخی دوو ئیدارەییو دابڕانی ناوچەکانی هەرێم وەسفدەکات، بەوەی ئەمە یەکەمین جارە هێزێکی نوێ کە خاوەنی چەکو هێزی میلیشیاو پارە نییە، بتوانێت رکابەری ئەو دوو پارتە بکاتو لە گەورەترین پارێزگای ئەو هەرێمەشدا پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، بەوپێیەی تائێستاش هێزە کوردییەکان لە ناوچەکانی سلێمانی گوزارشت لە هێزی یەکێتیو لە هەولێرو دهۆکیش گوزارشت لە هێزی سەربازیی سەر بە پارتی دەکەن.

# رێکخەری تۆڕی شەمس:

# بە بەڵگەوە ساختەکاریمان لە هەولێر تۆمارکردووە

پشتیوان سەعدوڵڵا

رێکخەری گشتی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمدا پێشێلکارییو ساختەکاریی کراوەو پێدەچێت ژمارەیەک سندوقی دەنگدان هەڵبوەشێنرێنەوە.

رۆژی (٧/٢٥) نزیکەی (٢) ملیۆن دەنگدەری هەرێمی کوردستان لە سێ پارێزگاکەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) روویان لە سندوقەکانی دەنگدان کردو بۆ ئەو مەبەستە (١١٨٥) بنکەی دەنگدان بە رووی دەنگدەراندا کرابوونەوەو بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، لیستی کوردستانی یەکەمو لیستی گۆڕان دووەمو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی سێیەمی هەڵبژاردنەکە بوون.

بەوپێیەی کە لەم هەڵبژاردنەدا چەند لیستێکی جیاواز بەشدارییان کردو بە تایبەتیش لیستی گۆڕان کە رکابەرێکی گەورەی لیستی کوردستانی بوو، بەرپرسانی یەکێتیو پارتی دڵنیابوون لەوەی کە لەم هەڵبژاردنەدا شکستدەهێنن، بۆیە لە رۆژی هەڵبژاردنەکەدا هەموو رێگەیەکی نادروستو ساختەیان گرتەبەر بەو مەبەستەی کە ئەنجامی پرۆسەکە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن.

لە چەند رۆژی رابردوودا دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، رێکخراوەکانی چاودێریی هەڵبژاردنو چاودێران جەختیان لەوە کردەوە، کە لیستی کوردستانی ژمارەیەکی زۆر ساختەکارییو خروقاتیان ئەنجامداوە.

هۆگر چەتۆ، رێکخەری گشتی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە وەکو تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان ژمارەیەک تێبینیو سەرنجمان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەیەو لە راپۆرتەکانماندا دەیانخەینەڕوو، لەوانە نەشارەزایی دەنگدەران لە وێستگەکانی دەنگدان، یەکێکیتر لە کێشەکانی هەڵبژاردن ئەوەبوو، کە بەشێکی دەنگدەران نەیاندەزانی لە کوێ دەنگبدەن، ئەوەش بووە هۆی بێبەشبوونی بەشێک لە دەنگدەران لە دەنگدان، دەبێت کۆمسیۆن میکانیزمی گونجاوتر بدۆزێتەوە، هەروەها لایەنێکی دیکە ئەو مەرەکەبەی لە هەڵبژاردنەکەدا بەکارهات جۆرەکەی خراپبوو زوو دەسڕایەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دەرفەت بدات خەڵکانێک هەبن زیاترلە جارێک دەنگبدەن.

لە رۆژی دەنگداندا بەرپرسانی حیزبی بەتایبەتی بەرپرسانی پارتی بەبێ گوێدانە یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆن دەستیانکردە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو هەڕەشەیان لە دەنگدەران دەکردو تەنانەت دەچوونە ناو بنکەکانی دەنگدانەوە.

هۆگر چەتۆ، دەڵێت: «لایەنێکی دیکە بینینی کۆمەڵێک خەڵکی رێگە پێنەدراو بوو لە بنکەکانی دەنگداندا، لە بەشێکی زۆر لە بنکەکانی دەنگداندا خەڵکانی ( موختار، بریکاری خۆراک، ئاسایشو پۆلیس، بەرپرسی حیزبی) بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای هەولێر دەبینران، کە ئەمەش پێچەوانەی رێکارو یاساکانە، هەروەها مەسەلەی دەنگدانی خەڵکانی نەخوێندەوار، ئێمە لە هەندێک لە بنکەکانی دەنگداندا تێبینیمان کرد، بەڕێوەبەری وێستگەی دەنگدان هیچ رێنماییەکی دەنگدەری نەخوێندەواری نەکردووەو بە ویستی خۆی دەنگی بۆ داوە، بۆ نموونە لە قەزای بەردەڕەش ئەو حاڵەتە زۆربوو، لە بەشێک لە بنکەکانی دەنگدان پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەکراو ئەوەیش کاریگەریی لەسەر دەنگدەر دروستکردووە».


هۆگر چەتۆ

لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنداو بەتایبەتی لە کاتژمێرەکانی کۆتایی پرۆسەکەدا لیستی دەسەڵات، کەوتنە کاری ساختەو تەزویر بە مەبەستی زیادکردنی رێژەی دەنگەکانیان.

رێکخەری تۆڕی شەمس، رایگەیاند: لە سەعاتی درێژکردنەوەی دەنگداندا لە ژمارەیەکی زۆر لە بنکەکانی دەنگداندا خەڵک بە کۆمەڵ هێنراونەتە ژوورەو دەنگیانداوە، لە شاری هەولێرو لە (٩) بنکەی دەنگداندا خەڵک بە کۆمەڵ دەنگیانداوەو ئێمە بە بەڵگەوە ئەو ساختەکارییانەمان تۆمارکردووە، هەروەها لە دهۆکیش ئەو حاڵەتانە روویانداوە، ئێمە ئاگادارین ژمارەیەک سندوق نیشانەی لێدرابوو، من دڵنیام ئەنجامی ئەو سندوقانە رەتدەکرێنەوە».

# وەزیری ناوخۆ، دەست لەکار بکێشەوە

سامان بەشارەتی

ئەو کلتوورە ناشرینانەی کە لەلایەن چینێکەوە مومارەسە دەکرێن، پێویستە بە بنەڕەتی بەربەستو رێگری لەو مۆدێلە کۆنو نائاساییانەی کە لەلایەن چەند لایەنێکەوە پراکتیزە دەکرێن، مەترسییەکی گەورە لە ئارادا دەبێت، کە ئەو مۆدێلە زیاتر تەشەنەبکات، لێرەدا لەبەردەم چاوی هەموو قونسوڵخانەی نوێنەرانی جیهانو راگەیاندنەکانی هەموو دنیا لە پایتەختی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا هەموولایەک چاوەڕێی ئەوەبوون کە وەک چۆن هەڵبژاردنەکان بەبێ خوێنڕژان کۆتایی هات، هەر بەمجۆرەش قەوارە سیاسییەکان چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەبوون، بەڵام لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەستنەکردن بەهیچ بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقیو سیاسیو مێژوویی کەوتنە سەر شەقامەکانو هێرشیان کردە سەر لایەنگرانی لیستی گۆڕانو چەند لایەنێکی دیکە، وەک کاری هەمیشەییان چەند بارەگایەکیشیان تاڵانکرد، ئەمە لەکاتێکدا ئەو رووداوە پێچەوانەی ئەو لێدوانەی وەزیری ناوخۆبوو کە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە ئێوارەی (٧/٢٥) دا کە ئاماژەی بەوەدا هەڵبژاردنەکان بێ هیچ توندوتیژییو کێشەیەکی ئەمنیی کۆتایی هات، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو پێشبینیەکان وەک ئەوەی پایتەخت هیچ ئەمنو ئاسایشێکی لێنەبێت رێژەیەکی زۆری گەنجو پیری شاری هەولێر کە سەر بە لایەنگرانی پارتی بوون کەوتنە تەقەکردن بە ئاسمانو هێرشکردنە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو نووسینگەی رۆژنامەو کەناڵی KNN، بە بەرچاوی ئاسایشو پۆلیسەوە ئەو گەنجانە چەکیان بەدەستەوەبوو تەقەیان دەکرد بە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕاندا، ئەم کردارە لەکاتێکدایە بەرپرسە ئەمنییەکانی کوردستان چەندجارێک ئاماژەیان بەوەکردووە هەڵگرتنی چەک بە نایاسایی قەدەغەیە، بەداخەوە ئەم لێدوانانە تەنیا گاڵتەکردنە بە شعوری خەڵک، ئەگینا لەم وڵاتە بە حیزبکردنەی ئێمەدا سەدەها هاوڵاتی هەیە لە ماڵەکەی خۆیدا چەکی نایاسایی هەیە، کە ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە لەسەر وڵاتو ژیانی هاوڵاتییانی کوردستان، لەهەر وڵاتێکی دیموکراسیدا، ئەگەر کێشەیەکی ئەمنیی روویدا، هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە هەستیان بە مەترسی ئەمنیی کرد، دەستبەجێ دەبێت وەزیری ناوخۆ دەستلەکاربکێشێتەوە، چونکە ئەو بەرپرسە لە ئەمنییەتی وڵاتو ژیانی هاوڵاتییاندا کەمتەرخەمە، وەک ئاشکراشە لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا چەندین نموونەی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆمان لایە کە لەسەر کێشەیەکی سادە کە زیانی هەبووە لەسەر ئەمنییەتی وڵاتو ژیانی هاوڵاتییان، بەڵام بەداخەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا سەدان کارەسات روودەدەن کەچی بەرپرسە ئەمنییەکانی ئێمە لەبەردەم سپلێتەکانیان نایەنەدەرەوەو هیچ باکیشیان نییە، ئەم وڵاتە وێران ببێت.

بە بۆچوونی من ئەو ئەو هێرشکردنەی بۆ سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو تەقەکردن بەسەر بارەگاکانیدا ئەوەندەی رقو داخلەدڵی ئەو حیزبەبوو بەرامبەر بە لیستی گۆڕان، نیوئەوەندە تەقەی خۆشی نەبوو، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان زانیی لیستی گۆڕان لە شاری سلێمانی بە پلەی یەکەم دەنگەکانی بەدەستهێناوە، لێرەدا چەند پرسێکی گرنگ دێنە پێشەوە، ئێمە دەپرسین ئەگەر لە وڵاتێکدا تۆزقاڵێک هەستی بەرپرسیاریەتیو دیموکراسیبوونی هەبێت، ئەوا ئەو بەرپرسەی کە دەبێتە هۆکاری بوونە قوربانی کەسێکو برینداربوونی چەندان کەس، ئەوا بەبێ هیچ فشارێک بە ویستی خۆی ئەو بەرپرسە دەستلە کاردەکێشێتەوە واز لە پۆستەکەی دەهێنێت، دواتریش دەبێت لەلایەن حکومەتەوە دادگایی بکرێت ئەگەر کەمتەرخەمییەکە سەلمێنرا؟ بەڵام ئەوەی لای هەموومان جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە زاتی وەزیری ناوخۆ بابەتەکەی هەر بە خەیاڵدا نەهاتووە، لێرەدا دەبوو لەجیاتی سەرۆکی حکومەت بەڕێزی داوای لێبوردنی لە زەرەرمەندو قوربانییەکان بکردایە.

samanbesharety@yahoo.com

# تورکیا بەدوای چارەسەری کێشەی کورددا دەگەڕێت

نیان مەجید

کێشەی کورد لە تورکیا هەرسێ وڵاتی ئەمریکاو عێراقو تورکیا کۆدەکاتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەو کێشەیەو بەرپرسانی تورکیاش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە پەککە بەشێک نییە لەو چارەسەرە.

لە ماوەی دوو رۆژی رابردوودا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی تورکیاو عێراقو ئەمریکا لە ئەنقەرەی پایتەخت، کۆبوونەوەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتە بەستراو کۆمیتەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە پێکهێنراو بڕیاریشە کۆبوونەوەی داهاتوویان لە بەغدا بەڕێوەبچێت.

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسەکانی دەنگوباس لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لە ریشەکێشکردنی چەکدارانی پەکەکە کراوەتەوەو وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی وەسفیانکردووە، کە لە خاکی عێراقەوە چالاکی بەرامبەر تورکیا ئەنجامدەدات.

حکومەتی تورکیاش داوای داخستنی کەمپی مەخمور دەکات، کە کەمپێکی ئاوارە کوردەکانی تورکیا.

بەشیر ئاتالای، وەزیری ناوخۆی تورکیا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە خاوەن بڕیارینو بەشێوەیەکی ئارامو بوێرانە هەنگاوی بۆ دەنێینو بەردەوام دەبین بە شێوازێکی سیستماتیکو بە یارمەتی سیاسەتمەدارو رێکخراوو پارتە سیاسییەکانو سەندیکاو هەموو لایەنێکی پەیوەندیدارو رای گشتی دەتوانین چارەسەری کێشەکە بکەین».

ئەو وەزیرە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەو هیچ بۆچوونێکی خراپی لەسەر پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردی نییە، کە لە هەڵبژاردنی شارەوانی رابردووی تورکیا ئەنجامی باشی بەدەستهێنا.

# هەڵوێستی لیستی گۆڕان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی کوردستان

جەماوەری گۆڕانخوازی کوردستان:
سڵاوتان لێبێت

پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٧/٢٩ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە هەولێر، ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند.

سەبارەت بەم ڕووداوە، هەڵوێستی خۆمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە:

١- جەماوەری کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە چاودێرانی نێودەوڵەتی بەچاوی خۆیان بینییان، کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار فێڵو ساختەکارییەکی زۆریان کردووە، بەوهۆیەوە لیستی گۆڕانو لیستی چاکسازیی ژمارەیەکی زۆر شکاتیان بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەرزکردووەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە وەکو لیستی گۆڕان چاوەڕێی ئەنجامی شکاتەکانمانو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانین، کە هیواداریین کۆمسیۆنی باڵا بێلایەنانە بڕیاربدا، بۆئەوەی ڕاستگۆیی خۆی لەدەستنەدا، تا ئەو کاتە ئەنجامە بەراییەکان لەلای لیستی گۆڕان قابیلی قبوڵ نین.

٢- داوا لە جەماوەری گۆڕانخوازی سەرکەوتوو دەکەین، دانبەخۆیاندا بگرنو بوار بۆ لیستی دەسەڵات نەسازێنن ڕقی شکستیان پێبڕێژن. هیواداریین جەماوەری گۆڕانخواز خۆشیو شادی سەرکەوتن لە ماڵەکانی خۆیاندا بگێڕن. لیستی دەسەڵات لە شارێکدا کە شکستی یەکجارەکی هێناوە، دەیەوێت جەماوەر ئیستیفزاز بکات، تا زەمینە بڕەخسێنێت بۆ تۆڵەسەندنەوە، بۆیە تکا لە خەڵکی بەڕێزی شاری سلێمانی دەکەین خۆیان لە گێچەڵی دەسەڵاتداران بپارێزن، بۆئەوەی خۆشیو شادی سەرکەوتنی لیستەکەمان لەناوجەرگەی شاری هەڵمەتو قوربانیدا بەفیڕۆنەڕوات.

٣- گەلی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا توانی کلتوری پاوانکردنی دەسەڵات تێکبشکێنێتو سەردەمێک دەستپێبکات، کە هێزی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی جوامێرانەی تێدا بنوێنێت.

جارێکی تر پیرۆزبایی سەرکەوتنو سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی گەلو وڵات لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین.

**لیستی گۆڕان**
٢٩-٧-٢٠٠٩

# ڕوونکردنەوەیەک لە لیستی گۆڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

وەکو ئاگادارن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەپێش هەڵبژاردنو لە ڕۆژی هەڵبژاردندا کۆمەڵێک پێشێلکاریو ژمارەیەکی زۆر تەزویریان کرد.

بەمەش جارێکی تر پڕۆسەی هەڵبژاردنیان لەبەرچاوی ڕای گشتی ناوخۆو دەرەوە لەکەدار کرد.

هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەبەرئەوەی بەپێشێلکاریو تەزویریشەوە نەیانتوانی ئەو ڕێژەیە بهێنن، کە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد. تووشی هیستریا بوونو لە ڕۆژی دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەوە دەستیانکردووە بە هەندێک ئیجرائات، کە پێچەوانەی یاساو پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤن.

وەکو: هەڕەشەی دەرکردن لە ژمارەیەکی زۆری مامۆستا، سوێندخواردنی کارمەندانی دەزگاو دایرەکانو سوێندانی ئەفسەرانی پێشمەرگە، پۆلیسو ئاسایش، کە ئاخۆ دەنگیان بەچ لیستێک داوەو دەرکردنی هەندێکیانو گواستنەوەی هەندێکی تریان بۆ ئەو شوێنو فەرمانگایانەی کە بەهەرهۆیەکەوە بێت ناتوانن دەوامی تێدابکەن.

سەرەڕای هەموو ئەو ئیجرائاتە نامرۆڤانانەیەی حیزبەکانی دەسەڵات، کەشو هەوایەکی نائارامو پڕ لە ترسو تۆقاندنیشیان بۆ هاوڵاتیان دروستکردووە.

بەم بۆنەیەوە، بە جەماوەری کوردستان ڕادەگەیەنین، کە نە ئەم ئیجرائاتانەی دەسەڵات قبوڵ دەکەینو نە لێیان بێدەنگ دەبین، لیستەکەمان بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات لەشوێنی خۆیدا هەموو ئیجرائاتێکی قانونی دەگرێتەبەر.

ئەگەر دەسەڵات واز لەم ڕەفتارە نادیموکراتیو ناشارستانییە نەهێنێتو ڕێز لە قانون نەگرێت، ئەوا پەنادەبەین بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراقو دادگای دەستوری، بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپاو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ.

داوا لە گۆڕانخوازانی کوردستان بەگشتیو ئەوانەی ئیجرائاتی ناقانونییان بەرامبەرکراوە بەتایبەتی، دەکەین کە هەم دان بەخۆیاندا بگرن، هەم بەزوویی لەو ئیجرائاتانە ئاگادارمان بکەنەوە، کە حیزبەکانی دەسەڵات لە دژیان ئەنجامیان دەدەن.

لەکۆتایدا بەپێویستی دەزانین بەرپرسیارێتی ئەم ئیجرائاتە نادیموکراسیو نامرۆڤانانە بخەینە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو داوایان لێدەکەین بە زووترین کات (تدخل) بکەن بۆ ڕاگرتنی ئەم بێویژدانییە، تا دەسەڵاتی ئەم هەرێمە لەوە زیاتر ناشرین نەبێت.

**لیستی گۆڕان**
٢٠٠٩/٧/٢٩

# گۆڤاری تایم: لیستی گۆڕان ن

سەرکەوت لەتیف

### ڕێککەوتنی ستراتیژیی بایەخی نامێنێت

گۆڤاری تایمی ئەمەریکی، ئاماژە بەوە دەکات، کە هەرچەندە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وەک دۆڕانی تاڵەبانیو پارتەکەی دەبینرێت، بەڵام مەترسییە گەورەکە بۆ بارزانیو پارتەکەیەتی، بارزانی بەهۆی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی لەگەڵ تاڵەبانی، توانی نفوزی خۆی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی بپارێزێتو بەردەوامبێت لە قۆرغکاریی ئابووریو سەروەتو سامانی هەرێمەکەی خۆی، بە بردنەوەی سلێمانی لەلایەن لیستی گۆڕانەوە چیتر ڕێککەوتنی ستراتیژیی بایەخی نامێنێتو کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان، گۆڤاری تایم باس لە ڕەوشی هەرێمی کوردستانو ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە ئەو هەڵبژاردنە بەدوای خۆیدا هێناوە، «هەرچەندە لیستی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، بەڵام ئەنجامە بەراییەکان سەرکەوتنی هێزێکی نوێ نیشاندەدەن کە لە یەکەم هەنگاویدا زەبری کوشندەی لە تاڵەبانی داو پێگەی جەماوەریی خۆیشی لە هەرێمی زەرد بەهێزکرد».

گۆڤارەکە لەو ڕووەوە نووسیویەتی: سەرەڕای ئەو ئارامیو ئاسایشەی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو، بەڵام بارودۆخی ناوخۆی هەرێمەکە لە ململانێیەکی خەفەکراودا بوو، بەتایبەت کاتێک هەردوو هێزی دەسەڵاتدار دەستبەرداری ململانێکردنی یەکتربوونو «بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەی نێوانیانەوە قۆرغی تەواوی بازاڕو ئابووریو بازرگانیی وڵاتیان کردبوو، هەروەها لەمەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤەوە هەرێمی کوردستان چەندجارێک خرایە لیستی ڕەشەوە، تەواوی ئەم بارودۆخە هێزێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە سەرەتا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی تاڵەبانییەوە دەستپێیکردو توانی لە سنووری پارێزگای هەولێریش ببێتە ڕکابەرێکی بەهێزی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە».

گۆڤاری تایم ئەوە دەخاتەڕوو کە هەمیشە لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی، هێزی زۆرو پارتی سیاسی جۆراوجۆر مومارەسەی کاری سیاسییان کردووە، بەڵام لە سنووری دەسەڵاتی پارتی، کە «زیاتر هێزێکی خێڵەکیو بنەماڵەییە»، هێزە سیاسییەکان کەمتر ململانێیان کردووە، «بە هاتنە ئارای لیستی گۆڕان زیانی گەورە بە پارتی دەکەوێتو چیتر ڕەچاوکردنی ناوچەگەرێتی نامێنێتو ڕەنگە بەندەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژیش گۆڕانی بەسەردابێتو چیتر تاڵەبانی کەسی یەکەمی کورد نەبێت لە بەغدا».



# سلێمانی دەسەڵات تورە دەکات

بەرهەم خالید

سلێمانی لە هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەمموزداو لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە ڕازی نەبوو جارێکی دیکە دەنگ بۆ مانەوەی دەسەڵاتبەدەستانی ئێستای کوردستان بدات، بە زۆرینەی دەنگی هاوڵاتییان چانس درایە لیستی گۆڕانو لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات، ئەوەش وەک تۆڵەیەک بەرامبەر ئەو فەرامۆشکردنەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەری کراوە.

بەشداریکردنی چەند لیستێکی نوێو هاتنەکایەی قەوارەی نوێ لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی هەرێمدا، تایبەتمەندییەکی جیاوازی بەخشییە پڕۆسەکە، لەبەرئەوەی جیاواز لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) دەنگدەران لەبەردەم چەند ڕەنگو لیستێکی جیاوازدا خۆیان دەبینییەوە، ئەوەش بواری ئەوەی بۆ ڕەخساندن کە جگە لە دەسەڵات دەنگ بە لیستو قەوارە نوێیەکانی وەک لیستی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازی بدەن کە دروشمی شەفافیەتو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییان هەڵگرتبوو.



لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە ناوچەکانی هەرێم کێشەی کەمیی پڕۆژەی خزمەتگوزارییان هەبووەو بەوهۆیەوە چەندین خۆپیشاندانو نارەزایی لە شارەکانی هەرێم ڕوویانداوەو تائێستاش هیچ کام لە کێشەکانی ئاوو کارەباو سووتەمەنی چارەسەری تەواویان بۆ نەدۆزراوەتەوە، شاری سلێمانیش بێبەشنەبووە لە پەراوێزخستن بە جۆرێک لەماوەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێم کەمتر ئاوڕی لەم شارە داوەتەوە ئەوەش چەندین خۆپیشاندانو نارەزایی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیو حکومەتی هەرێم وەک پێویست بەدەم داواکاری خەڵکی سلێمانییەوە نەچوون، هەرچەندە لەماوەی چەند هەفتەی پێش هەڵبژاردن چەند پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری خرانەڕوو کە بە بۆچوونی چاودێران بەشێک بوون لە بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە.

خەمساردی حکومەتو دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر بە سلێمانی لەماوەی ڕابردوودا خەڵکی ئەم شارەی تووشی نیگەرانیو تووڕەیی کرد بە جۆرێک حکومەتیان بە حکومەتی خۆیان نەدەزانیو هەستیان دەکرد کراونەتە قوربانی شارەکانی دیکە، هەربۆیە لە هەلێک دەگەڕان تاکو بتوانن تۆڵەی خۆیان لە دەسەڵات بکەنەوە.

دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییو سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەمموز نەک هەر چاوەڕواننەکراوبوو بۆ سەرکردە سیاسییەکان، بەڵکو تووشی شۆکو سەرسوڕمانی کردن بەتایبەت کە لە شاری سلێمانی لیستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پێکەوە تەنیا (٣٩٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوەو لەبەرامبەردا لیستی گۆڕان (٥١٪)و لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیش نزیکەی (١٠٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

هەروەها بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لیستی کوردستانی کە لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتییە لە سلێمانی لە کۆی (١٥) قەزا، تەنیا لە هەرسێ قەزای پێنجوێنو سەیدسادقو چەمچەماڵ یەکەم بووەو لەبەرامبەردا لیستی گۆڕان لە هەریەکە لە قەزاکانی (کفری، کەلار، دەربەندیخان، شارەزوور، چوارتا، ماوەت، قەلادزێ، ڕانیە، دوکان، قەرەداغ، کۆیە) پێش لیستی کوردستانی کەوتووەو یەکەم بووەو لە قەزای هەڵەبجەی شەهیدیش لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی یەکەم بووەو ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ نارازیبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە بە ئیدارەی پێشووی سلێمانی ناسراوە لەلایەکی دیکەوە ڕاپۆرتی چاودێرە بیانیو بێلایەنەکانی هەڵبژاردنەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە «ئەگەر ساختەکارییەکانی دەسەڵات نەبوایە، لە هەردوو شاری هەولێرو دهۆکیش لیستی دەسەڵات نەیدەتوانی زۆرینە بەدەستبهێنێت».

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، ڕۆژی (٧/٢٦) بڵاویکردەوە، کە لە هەڵبژاردنەکەی هەرێمدا «ئۆپۆزسیۆن ئەنجامێکی گەورەی چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێناوە»، ئەو ڕۆژنامە ئەمریکییە لەسەر زاری د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی لیستی کوردستانییەوە دەڵێت: «لە هەندێک شوێن لە سلێمانیو هەولێر ئەنجامەکان بۆ لیستی کوردستانی خراپنو چاوەڕواننەکراوبوون».

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا د.بەرهەم بە ڕۆژنامەکە دەڵێت: «لە دڵەڕاوکێداینو ئەنجامە سەرەتاییەکان بۆ ئێمە جێگەی سەرسوڕمان بوو».

لەلایەکی دیکەوە قوباد تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕایگەیاندووە، کە «جەلال تاڵەبانی نیگەرانە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستانو دەیەوێت بزانێت ئەوە چی بوو ڕوویدا».

نیویۆرک تامیز نووسیویەتی «جەلال تاڵەبانی، بەهۆی ئەنجامە سەرەتاییەکانی شاری سلێمانی دووچاری نیگەرانی بووەو سەرکردایەتی حیزبەکەی بانگهێشتکردووە بۆ ماڵەکەی خۆی لەو شارە».

# ئەبلەحەد ئەفرام: کورسی مەسیحییەکان، ئیرادەی مەسیحییەکان نییەو لەژێر هەڕەشەی پارتیدا بەدەستهاتووە

**بەهادین یوسف**

پەرلەمانتارێکی مەسیحی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەخنە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێت کە «لە ڕێی ناوچەو لقەکانیانەوە دەستیان وەرداوەتە کاروباری هەڵبژاردنی مەسیحییەکانەوە لە دهۆکو ئامێدیو عەینکاوە، خەڵکیان هانداوە دەنگ بە لیستێکی دیاریکراو بدەن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بۆئەوەی کورسی مەسیحییەکان لەبەرژەوەندیی خۆیان بشکێننەوە».

ئەبلەحەد ئەفرام ساوا، نوێنەری مەسیحی لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەمینداری گشتی حیزبی یەکێتی دیموکراتی کلدانی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکاتی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا چەند خروقاتێک لە سنووری هەولێرو دهۆک ڕوویداوە، لەلایەن لقو ڕێکخراوەکانی پارتییەوە فشار خراوەتە سەر مەسیحییەکان بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بە لیستی ژمارە (٦٨) لیستی (مەجلسی شەعبی کلدانی سریانی ئاشووری)و دەنگ نەدەن بەلیستەکانی دیکە، ئەمە دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆیە لەکاروباری مەسیحییەکان». هەروەها «ئەندامە کوردەکانی پارتی ئاگادارکراونەتەوە کە دەنگ بدەنە ئەو لیستە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی مسۆگەر بێت»، چونکە بەوتەی ئەبلەحەد: «لیستی (٦٨) نزیکە لەسەرکردایەتی پارتییەوە، لەچەند شوێن لە دهۆک لە سمێلو زاخۆو ئامێدی، لافیتەکانی ئێمە لێکرانەوەو لە بری لافیتەی ئێمە لافیتەی کوردستانی دانرا، «هەرچەندە گرێبەستمان هەبوو لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕیکلام، بەڵام ئەو لافیتانە دڕێنران».

سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش وتی: «کارگێڕێکی لقی زاخۆی پارتی کاندیدی یەکێک لە لیستەکانی مەسیحی بوو، ئەوان لیستی حاکمن لەو ناوچەیەو ئەوەش کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەبوو، چونکە ئەو کەسە دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێت، بۆ ئەو مەبەستە بەدەستی خۆی لەچەندین گوند لافیتەو پۆستەراتەکانی ئێمەی دڕاندبوو، ئەوەش دەستدرێژیی بوو بۆ سەر مافەکانی ئێمە لە دهۆکو عەینکاوەو شوێنەکانی دیکە».

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، سیستمی کۆتا پەیڕەو کرا، بەجۆرێک هەریەکە لەپێکهاتەکانی مەسیحیو تورکمان پێنج کورسیو ئەرمەنەکانیش کورسیەکیان بۆ تەرخانکرابوو، چوار لیستو هاوپەیمانی بۆ لیستی تورکمانەکانو سێ کەسایەتی بۆ تاکە کورسیەکەی ئەرمەنو چوار لیستو قەوارەش بۆ پێنج کورسی مەسیحییەکان کێبڕکێیان دەکرد، کەپێکهاتبوون لە (لیستی ڕافیدەین، مەجلسی شەعبی کلدانی ئاشووری سریانی، لیستی کلدانی یەکگرتوو، لیستی حوکمی زاتی بۆ کلدان ئاشوری سریانی).

سەبارەت بەڕێژەی دەنگی مەسیحییەکانیش ئەبلەحەد ئەفرام، ئەمینداری گشتیی حیزبی یەکێتی دیموکراتی کلدانی کە لەچوارچێوەی لیستی کلدانی یەکگرتوو بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردبوو، وتی: «بەداخەوە لەهەڵبژاردنەکەدا ڕێدرا بەدەنگدانی چەندین کەس کە خەڵکی کوردستان نین، زۆر کەس لەکوردی موسڵمان ئەندام بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگیاندا بۆ لیستی مەجلسی شەعبیو بەمەش ڕێژەی دەنگدەران بەرزکرایەوەو ئەوانەی دەنگیاندا هەموویان مەسیحی نین، چونکە بەپێی پێشبینی ئێمە کورسی مەسیحی پێویستی بە (١٥٠٠) دەنگ هەبوو، لەبەر ئەوە برادەرانی ڕێکخراوەکانی پارتی خەڵکی خۆیان نارد دەنگ بەو لیستەی خۆیان بدەن تا بەو ڕێژەیە یەک کورسی بهێنن».


بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکی گشتیی زیاتر لە (١٨)هەزار دەنگ پێویستە، بەڵام بۆ کورسیەکی کۆتای مەسیحیو تورکمانی کەمتر (٥/١)ی ئەو دەنگانە پێویستن تا کورسیەکی پێ مسۆگەر بکرێت.

سەبارەت بەو لێدوانەی لە میدیا عێراقییەکاندا بڵاوکرایەوە، گوایە پارتی هەڕەشەی کوشتنی لە مەسیحییەکان کردبێت ئەگەر دەنگ نەدەنە لیستەکەی ئەوان، وتی: «من بەهیچ شێوەیەک لە ئاژانسی ناوخۆی عێراق نەموتووە پارتی هەڕەشەی لە مەسیحییەکان کردووە کە ئیبادەیان دەکات ئەگەر دەنگ نەدەن بە لیستی (٦٨)، ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە».

دەربارەی سیستمی کۆتای مەسیحییەکانیش ئەمینداری یەکێتی کلدانی وتی: «سیستمی کۆتا، قۆستراوەتەوە بۆ بەرژەوەندلا لایەنێکی مەسیحی»، ئەگەر ئەو کۆتایە لەبەرئەوە بێت خەڵکی دیکە دەست لەکاروباری مەسیحییەکان وەربدات، ئێمە پێویستمان بەو کۆتایە نییەو ڕەتیدەکەینەوە، ئەگەر بەدڵێکی پاک کۆتا بۆ ئێمە تەرخان بکرێتو ئەوانەی پەیوەندیان نییە بەکاروباری مەسیحییەکانەوە دەستوەردان نەکەنو واز لە کەمەنتەوەکان بهێنن تا نوێنەری خۆیان هەڵبژێرنو کێبڕکێی دیموکراسی خۆیان بکەن، ئەوا شتێکی باشە.

هەروەها ئەبلەحەد ئەفرام ئاماژەی بەوەشکرد «کورسی مەسیحییەکان کە لە هەڵبژاردنەکەدا بەدەستهاتووە، گوزارشت لە ئیرادەی مەسیحییەکان ناکات». لیستی مەجلیسی شەعبی کلدانی سریانی ئاشووری بەوە تۆمەتبارکرد کە «نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی مەسیحییەکان ناکاتو لە کەسە نزیکەکانی پارتینو ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە زیاتر لەنیوەی هی مەسیحی نییەو لە ژێر هەڕەشەی ئەو لیستەدا بوون». وتیشی: «لیژنەی مەسیحی لەژێر دەستی ئەواندایەو هەڕەشەی ئەوەیان لە خێزانی مەسیحییەکان کردبوو، ئەگەر دەنگ نەدەن بە لیستی (٦٨) ئەوا ئەو یارمەتییە دەبڕین کە لەدەرەوە بەناوی مەسیحییەکانەوە دێت، ئەوەش کارێکی بێویژدانییە».

یونادەم یوسف کەننا، سەرۆکی لیستی ڕافیدەین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «شوێن هەیە یەک مەسیحی تێدا نییە، بەڵام (٢هەزار) دەنگ بۆ مەسیحییەکان بەدەستهاتووە، تەنیا لیستی مەجلسی شەعبی زیاتر لە (٩) هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢و ٢٠٠٥)یشدا نزیکەی (٨ هەزار)دەنگی مەسیحی هەبووە، یەک لەسەر سێی دەنگەکانی ئێستا، بەڵام ئێستا (١٧ بۆ ١٨) هەزار دەنگ هاتووە، ئەوە نە مەنتیقەو نە زانستییە، هەندێک شوێن تەنانەت یەک مەسیحی لێ نییە، بەڵام چوار هەزار دەنگیان هێناوە».


ئەبلەحەد ئەفرام

> مەسیحییەکان کردبوو، ئەگەر دەنگ نەدەن بە لیستی (٦٨) ئەوا ئەو یارمەتییە دەبڕین کە لەدەرەوە بەناوی مەسیحییەکانەوە دێت، ئەوەش کارێکی بێویژدانییە

---

بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆن:

# ئەگەر سکاڵاکان بەهێزبوون، دەتوانین ئەنجامی بنکەکانی دەنگدان ڕەتبکەینەوە

**ڕۆژنامە**

بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژە بەوەدەکات، دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ئەنجومەنی کۆمسیۆن لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان دەکاتو ئەگەر سکاڵاکان بەڵگەی بەهێزیان لەگەڵ بوو، کۆمسیۆن دەتوانێت ئەنجامی وێستگەو بنکەکانی دەنگدان ڕەتبکاتەوە.

هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی هەرێمی کوردستان کۆتاییهاتو سەرەڕای ساختەکارییەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان چاودێرانی نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکانو لیستە بەشداربووەکانی پرۆسەکە قسە لەسەر کەموکورتییەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەکەنو گومان لە بێلایەنی کۆمسیۆن دەکەن.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وتی: «ئێمە کە سەرپەرشتیاری پرۆسەکە بووین لە پارێزگای سلێمانی، پرۆسەکە زۆر سەرکەوتوو بوو سەرەڕای ئەوەی بە گشتیی لە هەرێمی کوردستاندا هەندێک گیروگرفت هەبووە».

بەرپرسانی کۆمسیۆن پێش هەڵبژاردنەکە ئەوەیان ڕاگەیاندبوو، کە «باشترین جۆری مەرەکەب» بەکاردەهێنرێت کە دوای (٧٢) سەعات بسڕدرێتەوە، بەڵام ئەو جۆرە بەکارنەهات لە هەڵبژاردنەکەدا.

بە بۆچوونی عەبدولڕەحمان خەلیفە ئەو مەرەکەبەی بەکارهاتووە خراپ نەبووە، «من نازانم مەرەکەبەی بەکارهاتووە زوو سڕراوەتەوە یان درەنگ، ئەگەر قەوارە سیاسییەکان ڕەخنەیان هەیە، دەتوانن قسەی خۆیان لەوبارەیەوە بکەن، هەرچەند جۆری مەرەکەب بەشێکە لە زەمانەتی پاکیی پرۆسەکە، بەڵام کۆمەڵێک میکانیزمی دیکە هەبوو بۆ زەمانەتی پاکیی».

بڕیاربوو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە سەعات (٦)ی ئێوارە کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام کاتەکەی درێژکرایەوەو لەو ماوەیە زیادکراوەشدا زۆرترین تەزویرات کراوەو گومانیش دەکرێت کۆمسیۆن لەژێر فشاری دەسەڵاتدا ماوەکەی درێژکردبێتەوە.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، دەڵێت: «ئێمە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کاتەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە سەعات (٨)ی بەیانی بۆ (٨)ی ئێوارەیە، لەبەرئەوە کۆمسیۆن مافی هەبووە کاتەکە کەمبکاتەوە، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن لە سەعات (٨) بۆ (٦)ی ئێوارەیە، بۆیە یاسا ڕێگەی بە کۆمسیۆن داوە، ئێمەش بە مافی هاوڵاتیانی دەزانین کە تا سەعات (٨) دەنگبدەن، هیچ پەیوەندییەکی بەو قسەیەوە نییە کە دەوترێت دەسەڵات داوای درێژکردنەوەی کاتەکەی کردووەو دەسەڵاتیش بۆی نییە ئەو داوایە بکات».

دوای دڵنیابوونیان لە شکستی لیستەکەیان لە هەڵبژاردنەکاندا، دەسەڵاتدارانی لیستی کوردستانی چەندین ڕێگەی ساختەو نادروستیان گرتەبەر بۆ زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکانیان، بەوهۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر سکاڵا لە کۆمسیۆن تۆمارکراوەو لیستە بەشداربووەکانیش چاوەڕانی ئیجرائاتی کۆمسیۆنن.

بەرپرسەکەی کۆمسیۆن ڕایگەیاند: «هەرچەند لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕەخنە لە کۆمسیۆن گیراوەو چەند لیستێک سکاڵایان تۆمارکردووە، بەڵام ئێمە هەتا لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان نەکەین، ناتوانین هیچ بڵێین، پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ژمارەیەکی زۆر سکاڵا تۆمارکراوە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو سکاڵایانە ڕەتکرانەوە، چونکە بەڵگەی تەواویان لەگەڵدا نەبوو، سکاڵاکانی ڕۆژی هەڵبژاردنیش بەو شێوەیە دەبێت».

سکاڵای سەر لایەنەکان سەبارەت بە ئەنجامدانی کاری ساختەکاریی بۆ سێ ئاست پۆلێندەکرێت، کە بەرزترین ئاستیان سکاڵای سوورە، ئەگەر سکاڵاکان گەیشتنە ئەو ئاستە کۆمسیۆن دەتوانێت ئەنجامی وێستگەو بنکەکانی دەنگدان ڕەتبکاتەوە و دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان ئەنجومەنی کۆمسیۆن، لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان دەکاتو پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی بڕیاریان لەسەر دەدات».

بەڕای چاودێران دواکەوتنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بووەو هەوڵی ئەوەیان داوە هەرچۆنێک بێت ڕێژەی دەنگەکان بە ویستی ئەوان بێت.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمسیۆنیش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، «دواکەوتنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکان پەیوەندی بە زانیاری داتاوە هەبووە، نەک پەیوەندی بە فشاری دەسەڵاتی کوردستان».

وتی: «لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا نەخشەی سیاسی لە باشووری عێراقدا گۆڕا، ئەو کەسانەی کە بێدەسەڵات بوون دەنگی زۆریان بەدەستهێنا، خۆ بۆ کۆمسیۆن باشتربوو فەرمانی دەسەڵاتی عێراق جێبەجێ بکات، نەک لە کوردستاندا، جگە لەوەش ئێمە چۆن دەتوانین دەستکاری ئەنجامەکان بکەین، لەکاتێکدا قەوارەو لیستەکان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە ڕێژەی دەنگەکانیان دەزانن».


عەبدولڕەحمان خەلیفە


# ناوی ئه‌و ٤٤ ئه‌فسه‌رو ده‌ره‌جه‌دارانه‌ی ئاسایش، كه‌ له‌ دهۆك‌و زاخۆ نوێنه‌رایه‌تی لیستی كوردستانییان ده‌كرد له‌ بنكه‌كانی ده‌نگدان

قائمة باسماء الضباط المعينين كمدراء مراكز ومحطات انتخابية في محافظة دهوك

| ت | الاسم | | موقع الوظيفة |
|---|---|---|---|
| 1 | رائد | محمد رمضان | مديرية آسايش دهوك |
| 2 | رائد | سفر حيتو بالتي | مديرية آسايش دهوك |
| 3 | رائد | اكرم محمد صالح | مديرية آسايش دهوك |
| 4 | رائد | شفان سليمان اسماعيل (كوچر) | مديرية آسايش دهوك |
| 5 | نقيب | نشوان خورشيد يونس | مديرية آسايش دهوك |
| 6 | ملازم اول | شوكت قاسم عيسى | مديرية آسايش دهوك |
| 7 | ملازم اول | محمد مصطفى حسن | مديرية آسايش دهوك |
| 8 | ملازم اول | شلال طاهر حاجي | مديرية آسايش دهوك |
| 9 | ملازم اول | نعمان نوري طيار | مديرية آسايش دهوك |
| 10 | ملازم اول | كيوه حميد صالح | مديرية آسايش دهوك |
| 11 | ملازم ثاني | محمد صالح حسن عبدالرحمن | مديرية آسايش دهوك |
| 12 | ملازم ثاني | عبدي ممود علي خان | مديرية آسايش دهوك |
| 13 | ملازم ثاني | ميهفان سليم جوهر | مديرية آسايش دهوك |
| 14 | ملازم اول | رمضان صالح نبي | مديرية آسايش دهوك |
| 15 | ملازم اول | سردار سرور صادق بهاء الدين (ئاميدى) | مديرية آسايش دهوك |
| 16 | ملازم اول | مصطفى اسعد مصطفى | مديرية آسايش دهوك |
| 17 | ملازم اول | عمرعبدالرحمن عمر | مديرية آسايش دهوك |
| 18 | ملازم اول | جميل سليمان اسماعيل | مديرية آسايش دهوك |
| 19 | ملازم اول | بزار رشيد عبدالرحمن | مديرية آسايش دهوك |
| 20 | ملازم اول | هاريوان نازي عبدالله | مديرية آسايش دهوك |
| 21 | ملازم اول | ئارى فوزى شاكر | مديرية آسايش دهوك |
| 22 | ملازم اول | زمن عبداللطيف شاهين | مديرية آسايش دهوك |
| 23 | ملازم اول | شيروان عبدالكريم يوسف | مديرية آسايش دهوك |
| 24 | ملازم اول | ريژفان صديق شرو | مديرية آسايش دهوك |
| 25 | مقدم | صادق محمد طاهر | آسايش البلدة |
| 26 | رائد | عبدالله جعفر عزيز كوفلي | آسايش البلدة |
| 27 | نقيب | انور خليل رشيد | آسايش البلدة |
| 28 | نقيب | رشيد علي عمر | آسايش البلدة |
| 29 | ملازم اول | احمد مصطفى احمد | آسايش البلدة |
| 30 | ملازم اول | محمد حسن هادي | آسايش البلدة |
| 31 | ملازم اول | احمد عبدالرحمن حاجي | آسايش البلدة |
| 32 | ملازم اول | صديق حجي نوري | آسايش البلدة |
| 33 | ملازم اول | غفار رشيد محمد | آسايش البلدة |
| 34 | ملازم اول | داخاز جميد قادر | آسايش البلدة |
| 35 | ملازم اول | متين حسين مصطفى مبارك | آسايش ابراهيم خليل |
| 36 | ملازم | مصطفى امين كريم مراد | آسايش زاخۆ |
| 37 | ملازم | اديب جعفر مصطفى | آسايش زاخۆ |
| 38 | ملازم | اخلاص جندي عبدي | آسايش زاخۆ |
| 39 | نقيب | غازي صديق قاسم | آسايش عمادية |
| 40 | ملازم اول | جلنگ لزگين ابراهيم | آسايش عمادية |
| 41 | ملازم اول | سعدي محمد رمضان | آسايش شيخان |
| 42 | ملازم اول | طاهر غازي حسن | آسايش شيخان |
| 43 | ملازم اول | يوسف كمال جرجيس | آسايش شيخان |
| 44 | ملازم اول | فرهاد صبري يونس | آسايش شيخان |

# سه‌ركه‌وتنێكی تاڵ!

ئازاد چالاک



ئه‌گه‌ر وه‌ك بێلایه‌ن سه‌یری پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنی رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی هه‌رێمی كوردستان بكه‌ین‌و ده‌رئه‌نجامه‌كانی به‌ خێرایی شیبكه‌ینه‌وه‌، چه‌ند راستییه‌كمان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت:

١- گۆڕان له‌ بزووتنه‌وه‌یه‌كی جه‌ماوه‌ری غه‌یره‌ حیزبی‌و نه‌ناسراوه‌وه‌ هاته‌ مه‌یدان‌و بووه‌ ژماره‌یه‌كی دیاری ئه‌و هاوكێشه‌ سیاسییه‌ی ئه‌مرۆی كوردستان‌و چووه‌ ناو ته‌رازووی حساباتی هه‌مه‌لایه‌نی قه‌واره‌ سیاسییه‌كانی كوردستان‌و عێراق‌و هه‌رێمایه‌تی‌و دنیا، بۆ له‌مه‌ودوا كه‌س ناتوانێت حیسابی بۆ نه‌كات‌و به‌هه‌ند وه‌ری نه‌گرێت.

٢- بۆ هه‌ردوو حیزبی ده‌سه‌ڵاتدار له‌ كوردستاندا، به‌ تایبه‌تی بۆ سه‌ركردایه‌تییه‌كانیان‌و زۆر تایبه‌تمه‌ندتر بۆ هه‌ردوو جه‌نابی سه‌رۆك ئه‌و راستییه‌ی سه‌لماند كه‌:

ا- ئه‌ڵقه‌ی ته‌سكی ده‌وروپشتیان راستیان له‌گه‌ڵ نه‌كردوون، ته‌نیا قسه‌ی خۆشیان بۆ ده‌كه‌ن‌و سیاسه‌تی دوورخستنه‌وه‌ی كه‌سانی هه‌قبێژو نزیكخستنه‌وه‌ی خه‌ڵكانی ماستاوچی‌و هیچ له‌بارا نه‌بوو له‌ خۆیان ته‌نیاو ته‌نیا زه‌ره‌ری پێگه‌یاندوون‌و چه‌واشه‌ی كردوون.

ب- بێزاریی‌و زیادبوونی رق‌و تووڕه‌یی خه‌ڵك روو له‌ هه‌ڵچوونه‌و زه‌مان زه‌مانی خه‌باتی شاخ‌و پێشمه‌رگایه‌تی‌و تفه‌نگ نه‌ماوه‌و زه‌مانی جوینه‌وه‌و كاوێژكردنی سه‌ركه‌وتنه‌كانی رابردووو مێژوو نییه‌و ره‌فتارو هه‌ڵسوكه‌وتی نامه‌سئولی (١٧)ساڵی به‌رپرسانی حیزبه‌كان زۆری له‌و رابردووه‌ پاك‌و بێگه‌رده‌ی وه‌ك كا به‌ باداوه‌.

ج- رێزگرتن له‌ یاسا، ملكه‌چكردن بۆ ویست‌و ئیراده‌ی خه‌ڵك، بانگه‌شه‌ی دیموكراسی‌و باوه‌ڕبوون پێی، ئاڵوگۆڕ پێكردنی ده‌سه‌ڵات به‌ پێی ویست‌و خواستی جه‌ماوه‌ر ته‌نیا وه‌ك دروشم له‌ سێبه‌ری ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ ریكلامی بۆ ده‌كات زیاتر بڕ ناكات گه‌ر نه‌بێته‌ واقیع‌و به‌رنامه‌و كاری پێ نه‌كات‌و هه‌مووشمان له‌و جۆره‌ قسانه‌مان كردووه‌و گوێی خه‌ڵكیش وه‌ك جام پڕبووه‌و لێشی ده‌ڕژێت.

٣- په‌نابردن بۆ هێزی سه‌ربازیی‌و پێشمه‌رگه‌و ده‌زگا حیزبییه‌كان‌و چاوسووركردنه‌وه‌ له‌ خه‌ڵك‌و لایه‌نه‌كانی دیكه‌ سیاسه‌تێكی گه‌وجی بێسوودو بێهوده‌یه‌و زۆر كه‌س‌و حیزبی دیكه‌ له‌دنیادا به‌كاریان هێناوه‌و یه‌كێكیشیان سه‌ركه‌وتوو نه‌بوون‌و به‌ درێژایی مێژووی مرۆڤایه‌تی به‌خراپترین شێوه‌ شكستیانهێناوه‌و له‌ناوچوون.

٤- ده‌بێت حیزبی مۆدێرن‌و دیموكراتخواز به‌رده‌وام هه‌م به‌خۆیدا بچێته‌وه‌و هه‌ڵه‌كانی ده‌ستنیشان بكات‌و هه‌م خۆی نوێبكاته‌وه‌و له‌به‌ره‌ی گه‌لدا بمێنێته‌وه‌و نه‌بێته‌ رێگرو به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م پێشكه‌وتن‌و خواسته‌كانیدا.

حیزبه‌كانی كوردستان به‌ شێوه‌یه‌كی گشتیی‌و هه‌ردوو حیزبی ده‌سه‌ڵاتدار به‌ شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی ده‌مێكه‌ پێویستیان به‌ موراجه‌عه‌یه‌كی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی ده‌زگاو ئۆرگانه‌كانیان هه‌یه‌، نه‌ك چاكسازیی رووكه‌ش بكه‌نه‌ ئامانج بۆ داهاتوویان.

له‌بری بڕینی مووچه‌و ده‌ركردنی خه‌ڵكیش له‌سه‌ر بیروڕای سیاسیی جیاواز، ده‌بێت بیر له‌ باشتركردنی مووچه‌و خۆشگوزه‌رانی هاوڵاتییان بكه‌نه‌وه‌و سه‌روه‌ت‌و سامانی وڵاته‌كه‌یان بۆ بگه‌ڕێننه‌وه‌ كه‌ به‌ ناهه‌ق ده‌ستیان به‌سه‌ردا گرتووه‌و ته‌خشان‌و په‌خشانی ده‌كه‌ن، له‌ جیاتی ئه‌و هه‌موو ملیۆن دۆلاره‌ی كه‌ بۆ كڕینی ویژدانی خه‌ڵك به‌كاریده‌هێنن با بیر له‌ ئاوه‌دانی‌و خزمه‌تگوزاریی‌و خۆشگوزه‌رانی خه‌ڵك بكه‌نه‌وه‌.

ده‌بێت خه‌مخۆرانی ده‌سه‌ڵات بیر له‌وه‌بكه‌نه‌وه‌ كه‌ بۆچی زۆر له‌ دڵسۆزانی قاڵبووی سیاسه‌ت‌و حیزبه‌یاتی ریزه‌كانی حیزب به‌جێده‌هێڵن‌و واز له‌ پله‌و پایه‌و پۆست‌و ئیمتیازات ده‌هێنن، ئایا ئه‌وانه‌ سه‌رلێشێواو و گێره‌شێوێنن وه‌كو ناوزه‌دیان ده‌كه‌ن یاخود پێچه‌وانه‌كه‌ی.

ئه‌و ئامارانه‌ی له‌كوردستاندا ده‌سه‌ڵات رایگه‌یاندوون، سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌و كێشانه‌ی كه‌ لێیانكه‌وته‌وه‌ به‌ ته‌زویرو ناوزڕاندنی هه‌رێم‌و پرۆسه‌ دیموكراسییه‌كه‌ی‌و زویركردن‌و رقئه‌ستووركردنی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك به‌ سه‌ركه‌وتن بۆ خۆیان بزانن، ئه‌وا سه‌ركه‌وتنه‌كه‌یان دۆڕاندنێكی تاڵه‌و زه‌نگی دابه‌زینی خێرای كێرڤی ده‌سه‌ڵات‌و هێزیانه‌ له‌ كوردستان.

# کوردی تورکیا لە هەوڵی یەکخستنی دۆزەکەیاندا

**ئارام شێخ وەسانی**


فۆتۆ: AP

بابەتی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا وەک چۆن بووەتە بابەتی بەردەوامی میدیاکانی تورکیاو بەشێکی میدیا جیهانییەکان، بەهەمانشێوەش بووەتە بابەتی سەرزاری بەرپرسە باڵاکانی تورکیا، بارودۆخەکە لە ئێستادا لەئاستێکدایە کە لەزۆرینەی کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی سەرۆک وەزیرو سەرۆک کۆمارو وەزیری دەرەوەو بەرپرسە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکرێتو بەردەوام تێڕوانینو بۆچوونی تازە دەخرێنەڕوو.

ئەوەی لە بۆچوونەکاندا تا ئێستا بەیەکگرتوویی ماوەتەوە سووربوونی تورکیایە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام تا ئێستا تورکیا ڕێگەیەکی ڕوونو شەفافی نیشان نەداوە بۆ چارەسەرکردنی دۆزەکە، لە هەمانکاتیشدا ئەو هەڵوێستەی بەرپرسە حکومییەکانی تورکیا کەشێکی وای دروستکردووە کە لایەنە توندڕەوو ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیاش ناچار بکەن قسە لەسەر دۆزی کوردبکەنو ڕێگەچارەی تازە بۆ کێشەی کورد بخەنەڕوو، وێڕای هەوڵە بەردەوامەکانی لایەنە کوردییەکانو ڕۆشنبیرانو بەرپرسانی (دەتەپە) وەک تاقە پارتی کوردی سیاسی لە تورکیا، چەندین لایەنی بیانیش بوونەتە هێزی فشار لەسەر دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ئەوەی بەڕێگەی ئاشتیانە کێشەی کورد چارەسەر بکەن.

### کۆنفرانسێک بۆ یەک ئامانج

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شاری دیاربەکر کۆنفرانسێکی گەورە بۆ یەکخستنی پرسو داواکانی کوردی تورکیا ڕێکخرا، لەکۆنفرانسەکەدا وتاری یەکگرتوو ڕێکخرا سەبارەت بە داواکارییەکانی کوردو دۆزەکەیان بەرامبەر بە هەموو دۆخە چاوەڕواننەکراوەکان.

ڕۆژنامەی زەمانی تورکی لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە، کە ئامانجی کۆنفرانسەکە بۆ کۆی کێشەی کورد گرنگ بووە، لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە: کۆنفرانسەکە بەبەشداری چەندین بەرپرسی باڵای کوردی تورکیا بەڕێوەچووە، لەوانە بەشێکی زۆری ئەندامانی دەتەپەو لایەنە سەربەخۆکانو ڕۆشنبیران، ئەو کۆنفرانسە لەکاتێکدایە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان نەخشەی ڕێگەی پێشکەشی دەسەڵاتی تورکیا کردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەگەرچی ئەو نەخشە ڕێگەیەی کە ئۆجەلان خستوویەتیەڕوو تائێستا لەلایەن تورکیاوە بە فەرمی گفتوگۆو بۆچوونی لەسەر نەخراوەتەڕوو، ئەگەرچی بەشێکی نەخشە ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد لە لای ئۆجەلان یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو لێدوانو هەوڵانەی کە هەریەک لەسەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران باسیدەکەن سەبارەت بە کێشەی کورد، وەک زمانی کوردیو پێشخستنی ناوچە کوردنشینەکانو کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکان، بەڵام تا ئێستا تاکە گرفتێک کە بەهەڵواسراوی مابێتەوە، بریتییە لە بڕیاری لێبووردنی گشتیی بۆ چەکدارانی پەکەکە، ئەمەش بەپێی چاودێرانی سیاسی تاکە کلیلی چارەسەری کێشەی کوردە لە تورکیا، بەڵام بەپێی خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ بەرنامەکەی ئۆجەلان، پێدەچێت ئۆجەلان گەرەنتی ئەوەبدات کە پەکەکە چەک دادەنێت ئەگەر ئەو ئامانجانە جێبەجێبکرێن کە پارتەکەیان خەباتی بۆ دەکات.

### دەرفەتێکی مێژوویی

سایتی تودەی زەمان لە ڕاپۆرتێکدا کە لەلایەن ئەحمەد توران ئەیهانەوە ئامادەکراوە باس لەو دەرفەتە مێژووییە کراوە کە لەئێستادا بۆ کورد هاتووەتە پێش، لەو بارەیەوە نووسراوە: لەم ساڵانەی سەردەمی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا کورد زۆرترین دەرفەتی بۆ دروستبووە، لێرەدا دوو کارتی بەهێز کەوتە دەست کوردەکان بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانەی خۆیان بەدیبهێنن، یەکێک لە دەرفەتەکان بریتیبوو لە بابەتی دەنگدانی شارەوانییەکانو بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگو دەستخستنی سەنگێکی باش لە پرۆسەی سیاسیو دەسەڵاتەکەی ئەردۆغاندا، بەرەوپێشچوونی دووەم بریتیبوو، لەبابەتی ئەرگەنەکۆن، ئەو بابەتە زۆرترین ئاشوبی خستەسەر لایەنگرانی ئەو ڕەوتە، بەڵام کورد بەشێوەیەکی ئەوتۆ نەکەوتە ناو ئەو گەمە ترسناکەوە، هەروەها لێرەدا کێشەی کورد لەبابەتی بە تیرۆربوونی هەنگاو بەهەنگاو دواکەوتو بابەتەکەی بووە کێشەیەکی سەرەکی تورکیا، ئەمەش بەڕوونی لە زۆرینەی لێدوانەکانی یەکە بەیەکەی بەرپرسەکاندا دیارەو جەختی لەسەر کراوەتەوە.

# ژەنەراڵەکان دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرنەوە

**جەمال ئیختیار**

لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە مۆریتانیا، براوەی هەڵبژاردنەکان ژەنەراڵ محەمەد عەبدولعەزیز ڕایگەیاند: هەوڵەکانی لە دژی تیرۆریزمو هۆکارەکانی، هەروەها هەژاریی دەخاتەگەڕو هەوڵدەدات سوپاش بەهێز بکات.

پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ژەنەراڵ عەبدولعەزیز وەکو براوەی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەنرا، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە لە دەنگدانda (٦١٪) بووە، ژەنەراڵ عەبدولعەزیز بانگەشەی ئەوە دەکات کە (٥٢٪) دەنگەکانی بەدەستهێناوەو لە لای خۆیانەوە ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە بردنەوەی هەڵبژاردنەکانیان بە قازانجی عەبدولعەزیز، وا لەقەڵەمدا کە ئەو بەکودەتا هاتووەتە سەر حوکم.

پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندبوو: ئەگەری ئەوە هەیە ئەنجامەکان بەو جۆرە ڕێکبخرێن کە دەسەڵاتدارانی مۆریتانیا دەیانەوێتو جەختیان لەوە کردبووەوە کە پێویستە چاودێرانی نێودەوڵەتی بەوردی چاودێریی هەڵبژاردنەکە بکەن لەپێناو چەسپاندنی ویستی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەدا.

سەرەکیترین کاندیدی ئۆپۆزسیۆن مەسعود بولخەیر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: هەڵبژاردنەکە تەنیا شانۆگەرییەک بووە بۆ شەرعییەتدان بە کودەتا، لە ڕاگەیاندنێکیشدا چوار ڕکابەری سەرەکی عەبدولعەزیز، بەتوندی ئەو ئەنجامەیان ڕەتکردەوە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕاگەیەنرا، هەروەک متمانەیان بە بێلایەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە نییە. ئەو کاندیدە ڕکابەرانە داوایان لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کردووە کە لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە بکەن، بۆ ئەوەی ڕووناکی بخرێتە سەر لایەنە تاریکو شاراوەکانی پرۆسەکە کە بەبڕوای ئۆپۆزسیۆن ڕێکخراو بووەو بەپاکی بەڕێوە نەچووە.

ئاژانسی هەواڵی (ڕۆیتەرز) دەنووسێت: ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە مەسەلەی هەڵبژاردنەکانیان بردووەتە دادگای باڵا، لەلای خۆشیانەوە چاودێرانی فەڕەنسی کە چاودێری هەڵبژاردنەکەیان کردووە، دەڵێن: هەڵبژاردنەکە بە باشی بەڕێوەچووە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن ڕەخنە لەوە دەگرن کە چاودێران لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان زۆر کەمبووە، بەهەمانشێوەش کەمتر شارەزای سیاسەتی ئەو وڵاتەن تا بتوانن هەڵسەنگاندنی تەواو لەسەر مەسەلە پەیوەندارەکان بە هەڵبژاردنەکانی مۆریتانیا بکەن.

ژەنەراڵ محەمەد عەبدولعەزیز پێشتر لەساڵی (٢٠٠٥)دا لەگەڵ چەند هاوکارێکی خۆیدا لە سوپا لە دژی دیکتاتۆریەتی بیست ساڵەی (مائویا سەید ئەحمەد تایا) کودەتایەکی سەربازیی ئەنجامداو ڕێگەی بۆ چەندین ریفۆرم کردبووەوە، بەڵام لە کودەتای دووەمدا لە ساڵی(٢٠٠٨)ئەنجامیدا کە کەمتر لە ساڵێکە لەدەسەڵاتدایە نەیتوانی خەڵک ڕازی بکاتو کودەتای دووەمی وەکو گەڕانەوەیەک بۆ دواوەو لەناوبردنی دەستکەوتە دیموکراتییەکانی خەڵک لێکدراوەتەوە.

ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری باسی لەوەکردووە، کە ئەرکەکانی سەرۆکی داهاتووی مۆریتانیا بریتیدەبن لە چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسی، لەناوبردنی گەندەڵی، کۆتاییهێنان بە کۆیلەداریی، پاراستنی مافی گروپە کەمینە ڕەشپێستەکان، هەروەها ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەلقاعیدە لەو وڵاتەو بەگوێرەی شیکاری ئەو ڕۆژنامەیە تەنیا یەک یان دوو هەڵە بەسە کە خەڵکی ئەو وڵاتە لە دژی سەرۆک هەڵگەڕێنێتەوە.


لایەنگرانی محەمەد عەبدولعەزیز بانگەشە دەکەن

مۆریتانیا وڵاتێکی ئیسلامییە لە باکووری ڕۆژئاوای ئەفریقا لە کەناری ئۆقیانوسی باکووری ئەتڵەسیو دانیشتووانەکەی زیاتر لە سێ ملیۆن کەسە، لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو وڵاتە چەندین گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانە کودەتای (٢٠٠٥و ٢٠٠٨) کە بووە هۆی بێئاکامکردنی هەڵبژاردنی (٢٠٠٧)و ئێستاش بۆ جارێکی دیکە هەڵبژاردن لەو وڵاتە ئەنجامدراوە، کە ئۆپۆزسیۆن زۆر بەو هەڵبژاردنە گەشبین نییە.

چاودێران پێیانوایە؛ کە گۆڕانو پابەندی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە مۆریتانیا شتێکی دژوارەو پێویستە لەو ئاراستەیەدا کۆمەڵی نێودەوڵەتی گوشاری خۆی بەکاربهێنێت، تاهەڵبژاردنەکان نەبنە شانۆیەک بۆ شەرعیەتپێدانەوەی دیکتاتۆرەکانو ڕێز لە ویستو دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتانە بگیرێت، ئەگەر نا دەسەڵاتداران ئامادە نین بە ئاسانی ملکەچی ویستی گەل بنو هەموو کاتێک بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ناشەرعیی خۆیان پەنا بۆ ساختەکاریی دەبەنو نموونەی ئەو جۆرە بەناو سیستمانە لە باکووری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن کە ئامادە نین بچووکترین ڕێز لە ویستی گەلەکانیان بگرن.

## دەنگدانەوەی میدیایی

# (گۆڕان) پاوانخوازیی دوولایەنە تێکدەشکێنێت

ئا: شاڵاو فەتاح

ئەرکو ئەجێندای ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فراوان رووپەڕی میدیای جیهان دادەپۆشێت، بەجۆرێک هەندێک لە بڵاوکراوە بەناوبانگەکانی وەک واشنتۆن پۆستو ئیکۆنۆمیست «پێشبینی» دەربارەی هەڵوێستی لیستی گۆڕان بەرامبەر بەغدا بڵاودەکەنەوە. میدیای جیهان تارادەیەک دڵنیایە لە سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن لەناوخۆدا، ئەوەی کە ئێستا جێگەی پرسیارە، ئایا ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستی دەربارەی کێشەکانی عێراقو هەرێم چۆنە کە خۆیان لە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەرێمو ناوەندو سامانی نەوتدا دەبیننەوە. تەنیا شتێک کە هێشتا میدیای جیهان چاوی لەسەرلانابات بریتییە لە بوونی ساختەکاریی‌و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات بۆ سەر ئۆپۆزسیۆن، دوێنێش راپۆرتەکان باس لە ناشیرینی رووی ئەو کارانە دەکەنو دەنووسن کە تاکە سیفەتێکن بیرماندەهێننەوە کە هێشتا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداین.

**رۆژنامەی واشنتۆن پۆست** لە راپۆرتێکیدا دەربارەی کاریگەری هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەنووسێت: «لەدوای هەڵبژاردنەکان تاڵەبانی پەیمان دەدات حیزبەکەی دروستبکاتەوە». پاش ئەو هەڵبژاردنەی کە وەک خاڵی وەرچەرخان لە سیاسەتی شێواوی کوردییدا دەبینرێت، لەدوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنەکان ئەنجامێکی بەرچاویان بەدەستهێناو هەندێک کەس وەک سەرەتایەک بۆ کۆتایی یەکێتی دەبینن، تاڵەبانی سوێندی خوارد کە حیزبەکەی بینابکاتەوە.

رۆژنامەکە دەنووسێت «ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەتەواوی تاڵەبانی تووشی سەرسوڕمان کردووەو بەهیچ جۆرێک چاوەڕێی ئەو ئەنجامانە نەبووە». لەبارەی گۆڕانکاریی لە حیزبەکەیدا تاڵەبانی وتی: بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاریی لە بەرنامەدا ناکەین، بەڵکو لە سەرکردایەتیدا دەکەین. لەبارەی کارکردن بۆ حیزبەکەی تاڵەبانی کە لەپشت مێزەکەیەوە ئاڵایەکی عێراقی لێبوو وتی: سەرۆک کۆماریی کاتییە، بەڵام بوون بەئەندامی یەکێتی هەمیشەییە. تاڵەبانی کە هەندێک کەس وایدەبینن لەمەودوا خەریکی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی دەبێت، بەڵام هێشتا پێیوایە دەتوانێت ئیش لەسەر حیزبەکەی بکاتو گۆڕانکاریی تێدا بکات.

دواتر واشنتۆن پۆست دەنووسێت، هەرچەندە تاڵەبانی بەرگری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات، بەڵام ئەو دوو حیزبە هێشتا بەجۆرێک رەفتاردەکەن کە براوەی شەڕو شۆڕشنو مافی خۆیانە حوکمی ناوچەکە بکەن. تاڵەبانی دەڵێت: لە وڵاتانی دیکە گروپی شۆڕشگێڕان بەمافی خۆیانی دەزانن کە حوکمبکەن، بەڵام ئێمە کارئاسانی بۆ دەنگدان دەکەین. واشنتۆن پۆست لەزاری محەمەد تۆفیق کاندیدی لیستی گۆڕانو هاوڕێی پێشووی تاڵەبانییەوە دەنووسێت: «ئەو پیرترە لەوەی چاکسازیی پێبکرێت، ئەوانەی دەوروبەریشی هەریەکەی ئەجێندایەکیان هەیە، ریفۆرم چۆن وادەکرێت».

دواتر رۆژنامەکە دەنووسێت تاڵەبانی لەگشت لایەکەوە رەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە گرنگی زیاتری بە بەغدا داوەو ئاگای لە کوردەکان نەماوە، تاڵەبانی ئیعتیراف بەو رەخنانە دەکاتو پاشان دەڵێت: زۆرم پێخۆشە کە ئەو گروپە یەکێتییان بەجێهێشتووە، بەڵام گەر بیانبینم تەنیا پیرۆزباییان لێدەکەم.

**گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی** لەژێر ناونیشانی «ئەو دەمەی دەگۆڕێن» پرسیاری ئەوە دەکات، کە لیستی گۆڕان پاوانخوازیی دوولایەنە تێکدەشکێنێت، بەڵام ئایا سەربەخۆیی نزیکدەکاتەوە؟ ئیکۆنۆمیست لەژێر رۆشنایی پەیوەندیی‌و ئەجێندای لیستی گۆڕان دەربارەی کێشەی کورد دەنووسێت، کوردەکان هێشتا خەونێکیان هەیە، زەمەنێک گەورەترین خەونی ئەوان ئەوەبوو مەملەکەتێکی سەربەخۆ بنیادبنێن چونکە «گەورەترین میللەتن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەوڵەتیان نەبێت»، بەڵام عەرەبەکان لەم خەونە دەترسن، چونکە بەهۆکاری تێکشکانی وڵاتەکەیانی دەزانن‌و «نەوتێکی زۆری ناوچەکەشیان لەکیس دەچێت». کوردەکان توانیان لەژێر سایەی ئەمریکییەکاندا حوکمێکی خودموختاریی بەدەستبێنن، بەڵام ئێستاو لەو هەرێمە گشت بزاوتو بزووتنەوەیەک بەوە دەستپێدەکات کە ئایا سەربەخۆیی نزیکدەکاتەوە یان نا؟ هەربۆیە پرسیاری ئەوەش دەکرێت کە ئایا هەڵبژاردنەکانی رۆژی شەممە سەربەخۆیی نزیکدەکاتەوە؟

ئیکۆنۆمیست دەنووسێت: هەرچەندە لیستی گۆڕان دەنگی زۆری بە شەڕکردن لەدژی گەندەڵی‌و پاوانخوازیی بەدەستهێناوە، بەڵام بەشێکیش لەدەنگەکانی بەوە بەدەستهێناوە کە داوای سەربەخۆیی زیاتر دەکەن. دوای چەندین ساڵ لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن بۆ یەکەمجار توانیویەتی سەرکەوتن بەدەستبێنێتو چەندین کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بگرێت.

دواتر ئیکۆنۆمیست دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بە هۆز یان خێڵ ناودەباتو پێیوایە «دەسەڵاتی دوو خێڵەکە لە کوردستان بەرەو لاوازی دەچێت»و لەباسی هەڵبژاردنەکاندا دەنووسێت، «هەڵبژاردنەکانی کوردستان زۆر لە دیموکراسییەوە دووربووە»، دواتر باسی شێوازی ساختەکارییەکانی لیستی کوردستانی دەکات. هەروەها ئاماژە بەپشێوییەکانی شەوی ۷/۲٦ دەکاتو دەڵێت، هێشتا خەڵک ترسیان لە دەزگا ئەمنییەکانی دوو حیزبەکە هەیە کە تیرۆربکەن. «هەرچەندە دووحیزبەکە پێیانوایە، مالیکی دەیەوێت دەسەڵاتی یەکگرتووی ئەوان لاوازبکات لە بەغدا، بەڵام خەڵکی کوردستان متمانەی بە نوێنەرایەتی ئەوان نەماوە».

**زە ناشناڵ** راپۆرتێک دەربارەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بڵاودەکاتەوە، تێیدا باسی ئەوە دەکات کە سەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان حیزبە دەسەڵاتدارەکانی تووڕەکردووە، سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە دوای ئەوە دێت کە پەرلەمانی کوردستان تەنیا رۆڵێکی زارەکی مابووەوەو گەندەڵی هەرێمەکەی گرتبووەوەو مۆدێلی دیموکراسیش لە کوردستان لەبیرچووبووەوە. هەروەها زە ناشناڵ دەنووسێت: سەیر لەوەدایە یەکێتی نرخی تووڕەیی خەڵکی داوە، بەوەی جەلال تاڵەبانی‌و بەرهەم ساڵحی ناردووە بۆ بەغدا، لەکاتێکدا سەرکردایەتی پارتی لە هەرێم ماونەتەوە. دواتر رۆژنامەکە بە باسی تێکچوونی باڵانسی هێز لە رێککەوتنامە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتی‌و پارتی کۆتایی بە راپۆرتەکەی دەهێنێتو پێیوایە، ئێستا پارتی دەیەوێت سوود لە لاوازبوونی هاوبەشەکەی وەربگرێت.

لە راپۆرتێکی دیکەدا زە ناشناڵ بەدرێژیی باس لە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی کوردستان دەکات، لەسەر زاری دەنگدەرێکەوە دەڵێت «ئەگەر بموتایە دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەم، پاسەوانەکان دەیانوت نایاسایییە. دواتر ئەو هەموو چاودێرەی لێبوو کەسێک نەبوو یارمەتیم بدات لە دەنگداندا». دواتر دەڵێت «من کوردم دەزانم دەیانویست گوێیان لەچی بێت، لەبەئەوە ئەوەم پێوتن کە دەیانەوێت»، یونان هۆزا، جێگری سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری دەڵێت «زیرەکانە کارەکەیان کرد، لە بەیانیدا کە چاوی رۆژنامەنووسانیان لەسەربوو هیچیان نەکرد، بەڵام دوانیوەڕۆ دەستیان بە ساختەکاریی کرد». دوای باسکردنی جۆری ساختەکارییەکان زە ناشناڵ داواکاری‌و سکاڵاکانی لیستی گۆڕان لەدژی ئەو ساختەکارییانە باسدەکاتو دەڵێت «لیستی گۆڕان چەندین سکاڵای لەدژی ساختەکارییەکان بەرزکردووەتەوە». بەڵام کۆمسیۆنی باڵا «باوەڕی بە سکاڵاکان نییە»و وەڵامی داواکارییەکانی نەداونەتەوە.

**گۆڤاری ویکلی ستاندارد** وتارێکی پرۆفیسۆری زانستی سیاسەت جێری واینبێرگەری بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی گۆڕان بۆ کوردستان هاتووە. جێری دەڵێت، ئاسان نەبوو بۆ گۆڕان ئەو سەرکەوتنە بەدەستبێنێت، بەتایبەت ئەگەر بزانین پارتی دیموکرات هێرشی کردە سەر بنکەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لەدوو ساڵی پێشوودا. دواتر جێری باس لەبوونی ساختەکارییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوەو گومانیش دەخاتە سەر سەربەخۆیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بەوەی کە چاویان لەو ساختەکارییانە نوقاندووەو جێری دەڵێت «سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵا وەلائی بۆ بارزانی هەیە». دواتر جێری باس لە پەلاماری شەوی ۷/۲٦ دەکات بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی لیستی گۆڕانو کەناڵی ئاسمانی KNN. دواتر جێری باس لە دەستووری کوردستان دەکاتو بە دەستوورێکی سەرۆکخواز ناویدەباتو دەڵێت «حیزبەکان تاکەلایەنن بەرگری لەو دەستوورە سەرۆکخوازە دەکەن کە هێشتا راپرسی لەسەر نەکراوە».

**رۆژنامەی حورییەتی تورکی**، لە راپۆرتێکدا ئاماژە بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکاتو باس لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەهێز دەکات. رۆژنامەکە دوای باسکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، نەشیروان مستەفای سەرۆکی لیستی گۆڕان بە «ئۆبامای کورد» ناودەباتو بەهۆی سەرکەوتنە بەرچاوەکانی لیستی گۆڕان، دواتر حورییەت باس لەوە دەکات، هەر لەسەرەتای دامەزرانی لیستی گۆڕانەوە بووەتە هۆی ئەوەی رۆڵی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لاوازبکات لەو هەرێمەدا، ئەمەش لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت.

# ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەیمەنەی یەکێتی‌و پارتی لەرزاند

محەمەد ساڵح حەمەلاو

### سایتی ئەلغەدی ئوردونی

لەراپۆرتێکیدا تیشکدەخاتە سەر هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانو ئاماژە بەوەدەکات، هەڵبژاردنەکانی چەند رۆژی رابردوو، رێژەی هەوادارانو لایەنگرانی راستەقینەی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری نیشاندا.


بەپێی راپۆرتەکە لیستەکەی نەوشیروان مستەفا دەنگدانەوەو ئەنجامێکی باشی هەڵبژاردنەکانی بەدەستهێناوە، کە زۆربەی هەوادارانو لایەنگرانی پێکهاتوون لە توێژی گەنجانو لاوانو خەڵکانی ستەمدیدە.

راپۆرتەکە باس لەوەشدەکات «راگەیاندنی لیستی گۆڕان دوای ئەوەدێت کە پێشتر نەوشیروان مستەفا چەندینجار لەناوەوەی یەکێتی لەهەوڵی گۆڕانو سەرلەنوێ بنیادنانەوەی یەکێتیدابوو، بەڵام لەوهەوڵانەیدا سەرکەوتوونەبوو، هەربۆیە دواجار لەدەرەوەی یەکێتی گۆڕانی دروستکرد».

ئەلغەد نووسیویەتی یەکەمجارە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەو هەیمەنە تەقلیدییەی کە یەکێتی‌و پارتی هەیانە هێناویەتە لەرزین، ئەوەش لەکاتێکدایە بەپێی سەرچاوەکان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم ۷۱٪ی دەنگەکانی بەدەسهێناوە، بەڵام دەنگەکانی دیکە بەسەر چوارکاندیدەکەی دیکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا دابەشبوونو ئەو ئەنجامانەش ئەوە دەردەخەن کە هەیمەنەی سیاسی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەسەر ئاستی هەرێم پاشەکشەی بەخۆیەوە بینیوەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش رێژەی ٤٠٪ی کورسییەکانیان بەدەستهێناوە.

**شەرقولئەوسەت**: فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: هۆکاری رانەگەیاندنی ئەنجامەبەراییەکان بەهۆی جیانەکردنەوەی دەنگەکانو ئەو سکاڵایانەوەیە کە ژمارەیەک لەقەوارەو لیستە بەشداربووەکان پێشکەشی کۆمسیۆنیان کردووەو تا ئێستاش کێشەی ئەوسکاڵایانە یەکلایی نەکراونەتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان دەبێت بۆ سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەروەها نوێنەری سێ رێکخراوی بیانی کە بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان هاتبوونە هەرێمی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە سەرلەئێوارەی (۷/۲۷) لەسلێمانی سازیانکرد، تێیدا ناوەڕۆکی راپۆرتەکانی خۆیان ئاشکراکرد، کە بەرزی دەکەنەوە بۆ وڵاتەکانیان، کە بارەگاکانیان لەسویدو بەریتانیایە، لەکۆنگرەکەدا جەبار ئەمین، نوێنەری حیزبی سەوزو ئەندامی یەدەکی پەرلەمانی سوید ئاماژەی بەوەکرد «پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەریەک لەپارێزگاکانی سلێمانی‌و هەولێر لەو کاتە یاساییەی بۆی دیاریکرابوو بەشێوەیەکی رێکوپێک بەڕێوەچوو، بەڵام درێژکردنەوەی دەنگدان بۆماوەی سەعاتێک بووە هۆی لەکەدارکردنی پرۆسەکە». وتیشی «زۆربەی پێشێلکاریی‌و ساختەکارییەکان لەماوەی ئەوسەعاتەدا ئەنجامدراون کە درێژکرایەوە، بەتایبەت لەپارێزگای هەولێر».

جەبارئەمین، رەخنەی لەبڕیارەکەی کۆمسیۆنی باڵا گرت، بەوەی ئەوسەعاتەی درێژکرایەوە بۆ ماوەی دەنگدانەکە بەهیچ شێوەیەک رەوانەبوو، چونکە بنکەو ناوەندەکانی دەنگدان ئەوەندە قەرەباڵغ نەبوون تا ئەو ماوەیە درێژبکرێتەوە.


فۆتۆ: رۆژنامە

## هاوڵاتیان‌و چاودێران:

# ئۆپۆزسیۆن متمانەی بۆ هەڵبژاردن گەڕاندەوە

سەنگەر جەمال



ڕەوەز بەختیار، گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانییەو (٧/٢٥) یەکەمجاری بوو دەنگبدات، ئەو مانگێک بەر لەو ڕۆژە ڕای گۆڕی‌و بڕیاریدا بەشداری هەڵبژاردن بکات «ئەوەش بەهۆی بوونی لیستی جیاوازو ئۆپۆزسیۆنەوە».

هەرچەندە مەرەکەبی هەڵبژاردنەکە بە ئاسانی لێدەبووەوە، بەڵام پەنجەی شایەتمانی ڕەوەز تا دوو ڕۆژ بە تۆخی مابووەوە، ئەوەش وەک شانازییەک بەوەی بەشداریی هەڵبژاردنی کردووەو نوێنەری خۆی هەڵبژاردووە، وتی: «هەرچەندە بەهۆی کەمی تەمەنمەوە پێشتر دەنگم نەدابوو، بەنیازبووم ئەمجارەش بەشدار نەبم، ئەوەش بەهۆی ئەو نایەکسانییەی هەستی پێدەکەین، بەڵام لیستی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن‌و توندبوونی کێبڕکێکان وایکرد بۆچوونم گۆڕاو دەنگمدا».

خراپی‌و کەمی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان‌و دەستبەرزکردنەوەی زۆرینەی پەرلەمانتارانی (٤) ساڵی ڕابردووی کوردستان بە ویستی حیزبەکانیان نەک بۆ ویست‌و بەرژەوەندی گشتیی، زۆرێک لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانی ساردکردەوەو بڕیاریاندا لەساڵی (٢٠٠٩)دا دەنگ نەدەن وەک نارەزاییەک بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سیاسی‌و سەرکردەی حیزبە باڵادەستەکان، کاندیدێکی لیستی گۆڕانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشداریکردنی لیستی گۆڕان‌و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کاریگەریی ڕاستەقینەی هەبووە لە زیادکردنی ڕێژەی دەنگدەران بەوپێیەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا «ئینتیمای هاوڵاتیان کەمبووەتەوە».

بەدەنگەوە نەچوونی هاوڵاتیانیش بۆ هەڵبژاردن وەک سزادانێکی دەسەڵاتداران لێکدەدرایەوەو بەرامبەر بە خراپی ئەدای حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەوە هەڵبژاردنەکان هاوکات لەگەڵ گەرمای هاویندا بنکەکانی دەنگدان بە بەشداریی زۆرینەی هاوڵاتیان گەرمبوون‌و (٧٨,٥٪)ی هاوڵاتیان بەشدارییان تێداکرد.

دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان بەشداریکردنی ئەو ڕێژە فراوانەی هاوڵاتیان وەک دەستکەوتێک بۆخۆیان لەقەڵەمدا، بەڵام چاودێران‌و لیستە جیاوازەکان ڕوونیدەکەنەوە کە «بەشداریکردنی چەند لیستێکی ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی ڕاستەقینەی هەبووەو هەڵبژاردنەکەی گەرمکردووە». بەشێوەیەک کە پێش کردنەوەی دەرگای بنکەو کاتی دەنگدان زۆرێک لە هاوڵاتیان بە گوڕوتینەوە لە چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگای بنکەکاندا ڕیزیان بەستبوو بۆئەوەی بە دەنگی خۆیان نوێنەرانی چوارساڵی داهاتوویان لە پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرن.

هەروەک بە بڕوای چاودێرانی سیاسی «مانگێک چاوەڕوانی‌و بانگەشەی توندی هەڵبژاردنی نێوان لیستە جیاوازەکان، هۆکاری ئەو جۆش‌و خرۆش‌و گەرموگوڕییەی هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بۆ هاتنەکایەی لیست‌و قەوارەی جیاواز دەگەڕێتەوە». کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بەدی نەدەکرا.

زیاتر لە(٢) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دەنگدەری کورد ناویان لە تۆماری دەنگدەراندابوو، کە لە سلێمانی زیاتر لە (١) ملیۆن‌و لەهەولێر زیاتر لە(٩٠٠) هەزارو دهۆک (٥٠٠) هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم، کە دابەشکرابوون بۆ (١١٨٥) ناوەندو (٥٣٠٠) بنکە، لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک‌و سلێمانی‌و بەغدا لەپێناو ململانێکردن بۆ (١١١) کورسی پەرلەمان، لەو ژمارەیە (١١) کورسی بە سیستمی کۆتا بۆ نەتەوەکانی تورکمان‌و کلدان‌و ئەرمەن‌و تەرخانکرابوو. سەرۆکی هەرێم کە (٢٤) قەوارە سیاسی بۆ پەرلەمان‌و (٥) کەسایەتی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کێبڕکێیان دەکرد.

بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، سەرەڕای بەرزی پلەکانی گەرما ژمارەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە پرۆسەکەدا کرد، بەشێوەیەک کە لە شاری دهۆک (٨٥٪)و هەولێر (٧٩٪)و سلێمانی (٧٤,٤٪)و بەغدا تەنیا (١٥٪)و بەشێوەیەکی گشتیش لە هەرێمدا ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتیان گەیشتە (٧٨,٥٪).

پێشتریش لە دەنگدانی تایبەتدا کە (٢) ڕۆژ پێش دەنگدانی گشتیی بەڕێوەچوو، کە تایبەت بوو بە دەنگدانی سەربازو پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش‌و کارمەندانی نەخۆشخانەو بەندییەکان کە ژمارەیان زیاتر لە (١١٩) هەزار کەس بوو، ڕێژەی (٨٥٪) بەشدارییان تێداکرد، ئەوەش بەپێی بنەما نێودەولەتییەکان ڕێژەیەکی باشە بۆ بەشداریکردن.

ئارام شێخ محەمەد، ڕووناکبیرو چالاک‌و هەڵسوڕاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پێیوایە بەشێکی زۆری ڕێژە سروشتییەکەی دەنگدان بۆ لایەنە ڕکابەرەکان‌و ئۆپۆزسیۆنەکانە، ئەوەش دەریدەخات کە کۆمەڵگەی کوردی ویستی گۆڕان بکات، وتیشی: بە دڵنیاییەوە بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی لەسەر بەشداریکردنی خەڵک هەبوو، بەشێوەیەک کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ڕێژەی بەشدارینەکردن‌و کارتی سپی زۆربوو، بەڵام ئەمجارە ئەو شەوقە گەڕایەوە بۆ هەڵبژاردن، ئەوەش بەوهۆیەوە کە یەکەمجارە لە کوردستاندا ڕکابەری‌و ململانێی توندو کەمپەینی فرە ڕەنگ بەڕێوەبچێت، کەواتە «فەزڵی زۆری بەشداریکردنەکە بۆ ئۆپۆزسیۆنە نەک دەسەڵات».

پەیمان عیزەدین، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە بەشداریکردنی لیستی گۆڕان‌و لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتیانی لە هەڵبژاردندا زیادکردووەو وتی: «ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەر کەسێک وەک چاودێرێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی تەماشای مانگی بەر لە هەڵبژاردن‌و هەڵمەتی هەڵبژاردن بکات، هەستدەکات کە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان بوون کە گوڕوتینێک بدەن بە بەشداریی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، چونکە خەڵک‌و دەنگدەران ئەوە دەزانن کە لە دوو ساڵی کۆتایی حوکمڕانی حکومەت‌و پەرلەمانی ڕابردوودا ئینتیمای زۆرێک لە هاوڵاتییان کز ببوو.

کاندیدەکەی لیستی گۆڕان، لەو بڕوایەشدایە کە کەمبوونەوەی ئەو ئینتیمایەش بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی‌و هەڵبژاردندا کەمدەکاتەوەو بەبۆچوونی ئەو هەموو تاکێکی کورد پێشبینی دەکرد «کە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەبێت لە گۆڕانکاریدا، بەڵام بەبەشداریی‌و دەرکەوتنی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان‌و بەتایبەت لیستی گۆڕان کە چاوەڕێی ئەنجامێکی گەورەتری لێدەکرا هاندەرێکی زۆر گەورەو بەرچاو بوو کە خەڵک بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداری هەڵبژاردن بێت، ئەوەش لە مانگی بەر لە هەڵبژاردن‌و لەکاتی هەڵمەتەکاندا بە ڕوونی دیاربوو».

بەشداریی زۆری هاوڵاتیان بەوشێوەیە لەکاتێکدابوو کە ناوی چەندین کەس نەهاتبووەوە لە تۆماری دەنگەدەراندا، کە بەوهۆیەوە نەیانتوانی بەشداریی لە پرۆسەکەدا بکەن، هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن هۆکاری ئەوەی بۆ کەمتەرخەمی هاوڵاتیان خۆیان گەڕاندەوە کە پێشتر نەگەڕاون بەدوای ناوەکانیانداو بەدواداچوونیان بۆ نەکردووە، بەڵام لایەنە سیاسییەکان کۆمسیۆنیان بە کەمتەرخەم لە قەڵەمدا کە نەیتوانیوە وەک پێویست کاربکات‌و بەوهۆیەوە ناوی ئەو هاوڵاتیانە نەگەڕاوەتەوەو لە دەنگدان بێبەشبوون.

بەپێی وتەی چاودێرانی پرۆسەکەو چەند لیستێکی بەشدار بەتایبەت گۆڕان‌و چاکسازیی‌و ئازادی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، سەرباری بوونی ململانێ‌و هاندانی هاوڵاتیان بۆ دەنگدان، ساختەکاریی زۆر کراوەو ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر زیادکردنی ڕێژەی دەنگدەران.

ئارام شێخ محەمەد، هەرچەندە لەو بڕوایەدایە کە «ڕێژەی دەنگدەران بەوشێوەیە نەبووە کە دەسەڵات‌و لایەنە باڵادەستەکان ئاماژەی بۆدەکەن»، بەوپێیەی وەک ئەو ئاماژەی بۆ کرد «ڕێژەی بەشداریکردن تا سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆ بەوشێوەیە نەبووە، بەڵام لەو کاتە بەدواوەو دوای زیادکردنی سەعاتێک لەلایەن کۆمسیۆنەوە بەشداریکردن زۆر زیادبووە». هەروەک ئاماژە بەوەدەکات کە بەپێی ئەو هەواڵانەی لە ناوخۆو دەرەوە لەلایەن ڕاگەیاندن‌و «ڕێکخراوو چاودێرە سەربەخۆو بێلایەنەکان‌و چاودێرە نێودەولەتییەکانەوە» بڵاوبوونەتەوە دەنگدان‌و ڕێژەی بەشداریکردن لە پاشنیوەڕۆوە «بەشێوەیەکی سەیر» زیاد دەکات‌و «خروقاتی زۆر دەکرێت» کە ئەوە لەژێر پرسیاردایە، وتیشی: «ڕێژەی بەشداریکردن بەوشێوەیە نەبووە کە دەسەڵات خۆی پێوە بادەدات».

هەروەک پەیمان عیزەدین، ئەوەی خستەڕوو کە گومانی لەو ڕێژەی دەنگدەرانە هەیە کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە، بەڵام دەڵێت: «ئەگەر ئەو ڕێژەیە ساختەکاریشی لێبێنینە دەرەوە دیسانەوە هێزێکی بەراوردکاریی نییە لەنێوان ئەوەی کە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لیستی گۆڕان‌و لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی تێدا نەبوایە بەدڵنیاییەوە (١٠٠٪) ئەو بەشداریکردنە جیاوازی دەبوو، چونکە لە بنەمادا بەشداریی سیاسی پەیوەندی بە ڕۆحی ئینتیمابوون‌و بەشداریکردن لە پرۆسەی ئیدارەدانی وڵاتدا هەیە کە پێش سەرهەڵدانی لیستی گۆڕان‌و ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە بەرەومردن برابوو».


فۆتۆ: هیوا جەمال

# گەڕاندنەوەی ماف بۆ ئەو کەسانەی کە مووچەیان بڕدراوە
# کاری یەکەمی لیستی گۆڕان دەبێت لەپەرلەمان

دلێر عەبدولخالق

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، یەکەم کاریان لەهۆڵی پەرلەماندا بە فۆرمێکی یاسایی‌و مەدەنی لێپرسینەوەو بەدواداچوون دەبێت لەگەڕانەوەی مافی ئەو کەسانەی بەهۆی بۆچوونی جیاوازەوە لە دامەزراوەکانی حکومەتدا مووچەیان بڕاوە یان گوزراونەتەوە، وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمیش دەڵێت: «پشتگیریی لەهەر لیستێک دەکەین کە لەرێگەیەکی یاساییەوە کار لەسەر گەڕانەوەی مافی ئەو کەسانە بکات کە مافیان خوراوە».

لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا لەسەر بیروباوەڕی جیاوازو نەبوونی مەیلیان لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدارو لیستی دەسەڵاتدار مووچەبڕین‌و دوورخستنەوەی فەرمانبەرو گواستنەوەیان بەبێ خواستی خۆیان بووە دیاردەیەکی نەخوازراوی هەڵبژاردنەکە، ئەم دیاردەیەش بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسنووری یەکێتی‌و بەشێوەیەکی کەمتر لەسنووری پارتی بوونی هەبوو، هاوکاتیش جگەلە کادیرانی حیزبی‌و ڕێکخستنی حیزبی، کارمەندانی دەزگاکانی دەوڵەتیشی گرتەوەو لەناویشیاندا هێزی چەکدارو فەرمانبەری حکومیی‌و بنەماڵەی شەهیدانیشی تێدابوو.

بەپێی ئەو زانیاریانەی تۆمارکراون، نزیکەی (٢٠٠٠) کەس لە کارمەندی حکومیی‌و هێزە چەکدارەکان‌و ڕێکخستنی حیزبی‌و بنەماڵەی شەهیدان لەسەر بیروباوەڕی جیاواز دوورخراونەتەوەو مووچەیان بڕاوە.

شوان قلیاسانی، هەڵسوڕاوی لیستی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو زانیارییانەی لای ئێمە تۆمارکراون، نزیکەی (١٠٠٠) کەس لەڕێکخستن‌و پێشمەرگەی سەر بەحیزبە جیاوازەکان کە زۆرینەیان یەکێتین‌و بەشێکیان مووچەی حکومیان هەیە دوور خراونەتەوە، هەروەها لە هێزی چەکدارو ئەمنیش (١٠٠) پاسەوانی پاراستنی سنوورو زیاتر لە (٥٠٠) کارمەندی حکومیی لەدەزگا جیاوازەکانی سەر بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لەناویاندا هەیە.

نانبڕین‌و مووچەبڕین‌و کایگەری خستنەسەر بژێوی ژیانی فەرمانبەرو کارمەندی حکومیی، نارەزایی زۆری لەلایەن چاودێرانی سیاسی‌و نوخبەی ڕۆشنبیرو شەقامی کوردییەوە لێکەوتەوە.

د.بورهان یاسین نووسەرو لێکۆڵەر لەبارەی بەشێک لەو حاڵەتە نەخوازراوانەی لە وادەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەدیکران، بەتایبەت لەدەرکردنی فەرمانبەری حکومیی‌و نانبڕینی خەڵک، پێیوایە ئەو حاڵەتە لوتکەی فاشیزمە، لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی پێشووی ڕۆژنامەدا یاسین دەڵێت: «ئەگەر لەچاو وڵاتێکی دیموکراسیدا سەیری پرۆسەکە بکەین ناتەواوە، چونکە لەهیچ وڵاتێکی دیموکراتدا تاک نانبڕاو ناکرێت، لەبەرئەوەی ڕای خۆی گۆڕیوە، بەڵام لەوڵاتی ئێمە ئەو ئازادییە نییە». ئاماژە بەوەشدەکات هەردوو لایەنەکە پەنا دەبەنە بەر دەنگکڕین‌و نانبڕین‌و ترساندن‌و تۆقاندن، بەڵام کاتێک دەزانن ئەو دەنگانەیان پێ بەدەست نایەت، پەنا دەبەنە بەر ترساندن‌و تۆقاندن‌و نانبڕین‌و بەخشینەوەی پارەو کەلوپەل، ئەو هەوڵەش بۆ کڕینەوەی ئیرادە زۆر ناشیرنەو بەردوامییە بە ئاراستەی تۆتالیتاریی‌و سیستمی ئۆتۆکراتی.

ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەریدەخات، لیستی دەسەڵات بەشێوەیەکی بەربڵاو جەماوەریبوونی کەمیکردووەو لەبەرامبەریشدا لیستی ئۆپۆزسیۆن جەماوەریبوونی لەهەڵکشاندایە، لەو چوارچێوەیەشدا لیستی گۆڕان وەک ڕەوتێکی جەماوەری کە بۆ یەکەمجارە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو لەکورسییەکانی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەربکات، هاوکاتیش ژمارەیەکی زۆر لەو کارمەندانەی مووچە بڕاوکراون، لەسەر لایەنگری‌و هاوداریان بووە بۆ لیستی گۆڕان، هەر بۆیەش کاندیدەکانی ئەو لیستە ئاماژە بەوە دەکەن یەکەم کاریان گەڕانەوەی مافی ئەو کەسانەیە کە بەشێوەیەکی نایاسایی لەسەر کارەکانیان دوورخراونەتەوە.

د.جەعفەر عەلی ڕەسول، یەکێک لەکاندیدەکانی لیستی گۆڕان کە بەو هۆیەشەوە لە ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە لە ڕانیە دوورخرایەوە، باسلەوەدەکات کاری لەپێشینەی ئەندامانی لیستی گۆڕان گەڕاندنەوەی مافی ئەو کەسانەیە کە بەهۆی بۆچوونی جیاوازەوە نانبڕاوکراون‌و وتی: «ئەرکو پێشینەی کارەکانمان لێپرسینەوە دەبێت لەحاڵەتەکانی دەرکردن‌و نانبڕین‌و دوورخستنەوەی ئەو فەرمانبەرە حکومیانەی کە باجی ئەوەیان داوە سەر بە لیستی دەسەڵات نەبوون یان بیروباوەڕی جیاوازیان هەبووە، بەتایبەت کە دەزانین بەشێوەیەکی نایاسایی ئەو کارە کراوەو پشتیان بەهیچ بڕگەو یاسایەکی ئیداریی‌و یاسایی نەبەستووە، بەڵام دەبێت ئێمە پشتئەستوور بەیاسا ئەو کارە نایاسایانە ڕاستبکەینەوە».

جەعفەر عەلی ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو فەرمانبەرانەی دوورخراونەتەوە سەر بەهەر لایەنێک بن، واتە لایەنگرانی لیستی گۆڕان بن یان هەر لیستێکی دیکە، ئێمە داکۆکی لەهەموویان دەکەین، چونکە خۆمان بە نوێنەری ڕاستەقینەی هەموویان دەزانین. وتیشی: «مومکین نییە لەسەر ئەو حاڵەتانە بێدەنگ بین‌و شەردەکەین، بەڵام شەڕێکی یاسایی‌و دیموکراتی‌و مەدەنی لەناو هۆڵی پەرلەماندا بۆئەوەی ئەو هێزانەی ئەو کارەیان کردووە بۆمان بسەلمێنن کە کارێکی یاساییان کردووە، ئەگەر یاساییش نییە دەبێت ئەو مافە بگەڕێتەوە بۆ خەڵک».

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی لەکارنامەی لیستی گۆڕاندا مەودایەکی فراوانی بۆخۆی داگیرکردووە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەتە، چونکە ئەم تێکەڵاوی دەسەڵاتە بەشێکە لەو گرفتە گەورەیەی کۆی پرۆسەی سیاسیی‌و دەسەڵاتی ئیداری هەرێمی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، لەو ڕووەوە حەمە تۆفیق ڕەحیم، کاندیدی ژمارە سێی لیستی گۆڕان دەڵێت: «نابێت حیزب تەدەخولی کارەکانی حکومەت بکات، خاڵێکی سەرەکی لەبەرنامەی گۆڕاندا ئەوەیە کە حیزبایەتی لەدەزگاکانی حکومیی بهێنرێتە دەرەوە، بەو مانایەی هەموو کەسێک کە مووچەخۆری حکومەتە ئازادە لایەنگرو هەوداری چ حیزب‌و لایەنێک دەبێت، نابێت لەسەر ئەو بنەمایە مووچەو ئیمتیازاتی ببڕێت». حەمە تۆفیق کە پێشتر سەرکردەیەکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، ئەوەشی ڕاگەیاند: ئێمە بڕیارمانداوە لەناو پەرلەماندا کاری یەکەممان لێپرسینەوەو بەدواداچوون بێت‌و لەسەر مافی ئەو خەڵکانەی لەدەزگاکانی حکومەتدا دەرکراون‌و مووچەیان بڕاوەو دوورخراونەتەوە، دەبێت مافی ئەو کەسانە بگەڕێنرێتەوەو نابێت لەداهاتوودا هیچ کەسێک لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز لەدەزگا حکومییەکاندا مامەڵەی نەشیاوی لەگەڵدا بکرێت.

تۆفیق ڕەحیم ئەو شەڕە بە شەڕێکی یاسایی دەزانێت‌و پێیوایە، شەڕێکی قورس نییەو یاساییە، یان حیزب لەحکومەت جیادەکەیتەوەو حکومەت دەبێتە حکومەتی هەموو خەڵک، یان حکومەتی چەند حیزبێک دەبێت‌و وڵاتێکی دواکەتووی لێبەرهەم دێت.

یەکێکی دیکە لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە لە داهاتوودا دەوڵەت باوکی هەموو هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمە بێت، نەک حیزب، هەروەها دامەزراندن‌و وەزیفەی حکومیی پەیوەست نەبێت بە ئینتیمای سیاسییەوە.

عەدنان عوسمان، کاندیدی لیستی گۆڕان‌و نوێنەری گەرمیان وتی: دەبێت لیستی گۆڕان پێش هەر کارێک فەرمانبەرو مووچەخۆران بگەڕێنێتەوە سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت‌و حکومەت. کەس بۆ وەرگرتنی مووچە ناچاری حیزبایەتیکردن‌و کڕنووشبردن بۆ حیزب نەبێت، دەوڵەت باوکی هەموو هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمە بێت نەک حیزب، دامەزراندن، دەرکردن، زیادکردن‌و کەمکردنی مووچە پەیوەست نەبێت بەئینتیمای سیاسییەوە، بەڵکو پەیوەست بێت بە تواناو کارامەیی‌و پیشەییەوە. لەو چوارچێوەیەشدا عوسمان دەڵێت: «لیستەکەمان کار بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کەسانەی مووچەیان بڕاوە، یان لەکارەکانیان دەرکراون، یان بەبێ ڕەزامەندیی خۆیان گوازراونەتەوە دەکات، چونکە کارێکی نایاساییەو بەدەریشە لەڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان».

د.شوان محەمەد، وەزیری مافی مرۆڤ باس لەوە دەکات، هیچ کەسێک سکاڵای لای وەزارەتەکەی تۆمارنەکردووە لەسەرئەوەی مووچەی بڕاوە لەسەر بیروباوەڕی جیاواز، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی هەر لیستێک دەکەین کە بەرێگەیەکی یاسایی هەوڵی گێڕانەوەی مافی ئەو کەسانە بدات کە مافیان خوراوەو وتی: «یەکێک لەبنەماکانی مافی مۆرڤ جێبەجێکردنی یاسایەو دەبێت یاسا سەروەربێت، چونکە سەروەریی یاسا خزمەت بەمافەکانی مرۆڤو پرۆسیسی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی دەکات لەهەرێمدا».

**محەمەد تۆفیق ڕەحیم:**

**بڕیارمانداوە لەناو پەرلەماندا کاری یەکەممان لێپرسینەوەو بەدواداچوون بێت‌و لەسەر مافی ئەو خەڵکانەی لەدەزگاکانی حکومەتدا دەرکراون‌و مووچەیان بڕاوەو دوورخراونەتەوە، دەبێت مافی ئەو کەسانە بگەڕێنرێتەوەو نابێت لەداهاتوودا هیچ کەسێک لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز لەدەزگا حکومییەکاندا مامەڵەی نەشیاوی لەگەڵدا بکرێت.**

**عەدنان عوسمان:**

**دەبێت لیستی گۆڕان پێش هەر کارێک فەرمانبەرو مووچەخۆران بگەڕێنێتەوە دامەزراوەکانی دەوڵەت‌و حکومەت. کەس بۆ وەرگرتنی مووچە ناچاری حیزبایەتیکردن‌و کڕنووشبردن بۆ حیزب نەبێت، دەوڵەت باوکی هەموو هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمە بێت نەک حیزب.**

**د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ:**

**دەزانین بەشێوەیەکی نایاسایی ئەو کارە کراوەو پشتیان بەهیچ بڕگەو یاسایەکی ئیداریی‌و یاسایی نەبەستووە، بەڵام دەبێت ئێمە پشتئەستوور بەیاسا ئەو کارە نایاساییانە ڕاستبکەینەوە**

# جیهانێک، خاڵیی لە دەوڵەمەندەکان

ئا: محەمەد شێخ فاتح

**قەیرانی دارایی، جیهان چۆڵدەکات لە پارەو پارەداران، ئەوەی کە دەیهێڵێتەوە کاڵاو شمەکێکی زۆرە کە هەژارەکان تیایدا تەنیا مافی سەیرکردنیان هەیە.**

**ئەو قەیرانە متمانەو ئارامیی بەجۆرێک نەهێشتووە، کە تەنانەت ئەو دەوڵەمەندانەشی کە شاخێک لە سەرمایەیان هەبوو ئێستا وا خەریکە بێ پشتو پەنا بمێننەوەو ببنە هەژاری هەژارەکان.**

**ئەزموونەکانی پێشوو ئەوەیان دەسەلماند کە گۆڕان بەسەر بارودۆخی دەوڵەمەندەکاندا دێتو دەکرێت ماوەیەک سەرمایەکانیان تووشی متبوون ببێت، بەڵام ئەمجارەیان هێند کاریگەرە کە پێدەچێت دەوڵەمەندە زەبەلاحەکان ببن بە هەژارێکی لاواز.**

دەکرێت بڵێین بیڵ گەیتس لە ریزی پێشەوەی (٤٠٠) دەولەمەندەکەی ئەمریکادایە، کە سەرمایەکەی دەگاتە (٥٧) هەزار ملیۆن دۆلار، یان وارن بافیت لە پلەی دووەمدا بە بڕی (٥٠) هەزار ملیۆن، بەپێی لیستی فۆربز هەژارترینیان خاوەنی هەزار ملیۆنو (٣٠٠) ملیۆن دۆلارە، بەڵام کاتێک کە دێینە سەرباسی سەرمایەی ئەوانەی کە بە سەدانو دەیان ملیۆن دۆلارە ئەوا دەبێت قسەیەکی دیکە بکەین.




## دەوڵەمەندەکان: ئامادەو نائامادەکان

راپۆرتێکی زە وۆڵسیتریت جۆرناڵ، ئاماژە دەکات بە داهاتی ئەو خێزانانەی کە داهاتی ساڵانەیان (٢٥٠) هەزار دۆلارەو (٢-٤٪)ی دانیشتووان پێکدێنن، خۆیان بە دەولەمەند نازانن، بەڵکو بە «چینی ناوەندی باڵا» دەزانن.

ئەو خێزانانەی کە داهاتیان لەنێوان (١٠٠- ٢٠٠) هەزار دۆلاردایە (١٤٪)ی دانیشتووانی ئەمریکا پێکدێنن.

عومدەی شاری سان خۆسییە لە کالیفۆرنیا بە گاڵتەجاڕییەکەوە باس لەوە دەکات کە ژنو مێردێکی ئەندازیار دەتوانن (٢٥٠) هەزار دۆلار داهاتیان هەبێت، هاوکات پێیشیوایە کە ناتوانین بەوانە بڵێین دەولەمەند، بەڵکو ئەوانە «چینی کرێکاری باڵا»ن.

ئەو قەیرانە داراییەی کە ئێستا هەیە نوخبەی ئابووری بەشێوەیەک لەرزاندووە کە هاوکێشەو قورسایی دارایی‌و پارەی خستووەتە بەر پرسیارو مەترسییەکی چاوەڕوانکراوەوە.

بەپێی راپۆرتی کۆمپانیاکانی میریل لینشو کابجیمینی، لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا ژمارەی دەولەمەندەکان (ئەوانەی خاوەنی زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار)ن بەڕێژەی (١٤,٩٪) دابەزیوەو سەرمایەکانیشیان بەڕێژەی (٢٠٪) دابەزیوە.

بە بڕوای ئەو کۆمپانیایە «دەولەمەندۆچکەکان» (ئەوانەی سەرمایەکانیان (٣٠) ملیۆن دۆلارو بەرەو ژوورە) زیاتر کاریگەربوون بە قەیرانی دارایی، بەجۆرێک کە ژمارەیان بەڕێژەی (٢٤,٦٪) کەمیکردووە، هاوکات زۆرێک لەوانە لە دلە ڕاوکێیەکی زۆردا دەژین کاتێک دەزانن کە بەر هەڕەشەی هەژاریی دەکەون.

بەپێی ئەو راپرسییەی کۆمپانیای یونیتی مارکینگ، کردوویەتی‌و تیایدا راوبۆچوونی ئەو بەکاربەرە ئەمریکیانەی وەرگرتووە، کە داهاتیان زیاترە لە (٢٥٠) هەزار دۆلار، (٦٠٪)یان پێیانوایە باری ئابوورییان بەرەو رووخان دەڕواتو (٨٪)یان کارەکانیان لەدەستداوەو (٤٪)یشیان سەعاتی کارکردنیان کەمکراوەتەوە.

ئەو قەیرانەی کە روویکردووەتە دارایی جیهان، کاریکردووەتە سەر کەمبوونەوەی فرۆشی کاڵاو شتە بەنرخەکان وەک یەختو فڕۆکەی تاکە کەسی‌و ئۆتۆمبێلی گرانبەهاو وێنەو پارچەی هونەریی‌و خشڵەکان.

هەندێک لە هۆکارەکان دیارن کاتێک کە متبوونێک لە بازاڕەکانی وۆڵستریتو لەندەنەوە دەستپێدەکاتو کرێی کرێکارو ژمارەیان کەمدەکرێتەوە، ئەوا دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دەولەمەندەکان، بەڵام بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوە کە لەلایەن هەردوو ئابووریناسی بەناوبانگ جۆناسان بارکەرو وانیت فیسینگ ئەنجامدراوە، باس لەوە دەکەن کە دەوڵەمەندە گەورەکان کەمتر زەرەرمەند بوون لە دەوڵەمەندە مامناوەندەکان، چونکە (١٠٪)ی دەوڵەمەندە گەورەکان زەرەرمەند بوون، بەڵام (٢٦٪)ی هاوڵاتییە ئاساییەکان زیانیان پێکەوتووە.

بێگومان ئەو قەیرانە کاریگەرییەکانی زیاترە لەسەر خێزانە هەژارەکان، چونکە ئەو خێزانەی کە (٥٠) هەزار دۆلار داهاتیەتی، زۆر ئەستەمە بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو دابەزینەی کە بەڕێژەی (١٠٪) روودەدات لە داهاتەکەیدا، چونکە (٥) هەزار دۆلار لە داهاتەکەی کەمدەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە (٢٠٠) هەزار دۆلار داهاتیانە ئەگەر (٢٠٪)یشیان لێ کەمببێتەوە، ئەوا دەتوانن هەرچۆنێک بێت بیگوزەرێنن، هەروەک بەپێی ئامارەکانیش رێژەی بێکاریی لەناو هەژارەکان لە زیادبووندایە.

قەیرانەکە هێند کاریگەرە کە کاری کردووەتە سەر پیشەوەرەکانی وەک (پارێزەر، پزیشک، ژمێریار، راوێژکار)ەکانیش، ئەویش کاتێک کە دەبینرێت ژمارەی ئەوانەی کە بەویستی خۆیان دەیانەوێت نەشتەرگەرییەک بکەن یان خزمەتگوزارییەکی یاسایی‌و راوێژکارییان هەبێت لە ئێستادا پێویستیان بەو بوارانە نامێنێت.

ئەگەرچی بنکەی قەیرانەکە لە ئەمریکاوە تەشەنەی کردووە، بەڵام کاریگەرییەکانی هێند توندە کە هەموو وڵاتانی جیهانی گرتووەتەوە، بەجۆرێک کە ژمارەی دەوڵەمەندەکانی هیندستان بەڕێژەی (١٣,٦٪) دابەزیوە، واتە ئێستا ژمارەیان (٨٤) هەزار کەسە.

خەرجییەکانی بەکاربردن بزوێنەری سەرەکی ئابوورییەو بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە چینە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان دەبەستێت، لەبەرئەوەی زۆرترین بڕی پارە لای ئەوانە.


لەساڵی (٢٠٠٩)دا ئەو خێزانە ئەمریکیانەی داهاتیان (٢٠٠) هەزار دۆلارە (٣,٤٪)ی کۆی خێزانەکان پێکدێنن، بەڵام (١٤٪)ی خەرجیی بەکاربردن پێکدێنن، ئەوەش بەپێی بۆچوونی ستێرن، کە یەکێکە لە زانا ئەمریکییەکان.

بەپێی راپۆرتێکی کۆنگرێسی ئەمریکی، دەولەمەندەکان بڕێکی زۆر باج دەدەن، بەجۆرێک کە لەساڵی (٢٠٠٦)دا یەک لە سەدی دەوڵەمەندە ئەمریکییەکان (٢٨٪)ی بڕی باجی ئەمریکایان دابینکردووە، هاوکات (١٠٪)ی دەوڵەمەنەکانی دیکە کە «دەولەمەندۆچکەش»یان تیایە (٥٥٪)ی بڕی باجەکە پێکدێنن.

دەولەمەندەکان زۆرترین بڕی ئەو داهاتانە پێکدێنن کە بۆ بوارە خێرخوازییەکان دەڕوات، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا ئەو خێزانانەی کە سەرمایەکانیان زیاتر لە (٥) ملیۆن دۆلار بووەو (١,٥٪) پێکدێنن، (٢٧٪)ی کۆی هاوکارییەکانیان پێکهێناوە.

## پارەدارەکان بۆ کوێ چوون؟

قەیرانی دارایی جگەلەوەی کە ژمارەی دەولەمەندەکانی کەمکردووەتەوە، هاوکات کاری کردووەتە سەر دابەشبوونی دەولەمەندەکانو جێگۆڕکێکردنیان لەسەر ئاستی جیهان، بۆ نموونە ژمارەی دەوڵەمەندەکان لە وڵاتی چین بەڕێژەیەکی بەرچاو لە بەرزبوونەوەدایە، بەجۆرێک کە ژمارەی دەوڵەمەندۆچکەکانی ئەو وڵاتە لە دەولەمەندەکانی بەریتانیاو فەڕەنسا زیاترە، هەروەک پێشبینی دەکرێت ژمارەی دەولەمەندەکانی ئاسیا لە ساڵی (٢٠١٣)دا زیاتر بێت لە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکای باکوور.



# جێری واینبێرگەر: هێرشکردنە سەر بارەگاکانی گۆڕانو ئیسلامییەکانو تەزویرات لەلایەن دەسەڵاتەوە، وێنەیەکی ناشیرینی پیشانی دەرەوە دا

سازدانی: هێمن لهۆنی
شالاو فەتاح

(٢-٢)

**لەبەشی دووەمی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ رۆژنامە، جێری واینبێرگەری پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی میشیگنی ئەمریکی، باس لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەکاتو باوەڕی وایە «هێشتا دەسەڵاتی کوردی توانای قبوڵکردنی ئەنجامەکانی نییە». ئەو باوەڕی وایە سەرەڕای تەزویرو ترساندن، ریفۆرمخوازان توانییان «بردنەوەیەکی باش» مسۆگەر بکەن، پرۆفیسۆرە ئەمریکییەکە رەخنەی توند لە دەستووری کوردستان دەگرێتو بە هەنگاوێک بۆ دواوە وەسفی دەکات. جێری باسیش لە میدیاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵات دەکات، بوونی میدیای حیزبیی بە بێنرخکردنی رۆڵی میدیا دەزانێت.**

**رۆژنامە: ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە کوردستان دیارکەوتوون، تۆ پرۆسەکەو ئەنجامەکەی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* بەپێی ئەنجامەکان ئۆپۆزسیۆن بەهێزبوونو بەتایبەتی لیستی گۆڕان لەناوچەکانی سلێمانیو بردنەوەیان هەنگاوێکی گرنگە بۆ دیموکراسی لە کوردستان، پرۆسەکەش لە ناوچەکانی هەولێرو دهۆک تەزویرێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو سەرەڕای تەزویرو چاوسورکردنەوەو ترساندنو بڵاوبوونەوەی پێشمەرگە، ریفۆرمیستەکان دەنگی باشیان بەدەستهێناوە، هەواڵێکی دیکەی مەترسیدار ئەو پەلاماردانانەی بارەگاکانی یەکگرتوو و لیستی گۆڕانە لە هەولێرو دهۆک، کە بەڕاستی وێنەیەکی ناشرینیان پیشانی جیهانی دەرەوە داوە، پارتی پێشتر لە ساڵی (٢٠٠٥) بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی سوتاندو ئەمجارەش ئەو ئەزموونە ناشرینەی دووبارە کردەوە، سەلماندی کە دیموکراسی قبوڵ نییە. بەڕای من ئەو توندوتیژییەی ئەمجارە هۆکارەکەی دۆڕاندنی بارزانییە لە سلێمانی.

**رۆژنامە: پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی دەستووری پەسەندکرد، تۆ ئەو هەنگاوە چۆن دەبینیت؟**

* بوونی دەستوور گرنگە، بەڵام ئەو دەستوورەی کوردستان زۆر مەترسیدارە، چونکە هەنگاوێکە بەرەو دواوەو هەنگاوێکە بۆ لاساییکردنەوەی مۆدێلەکانی ئەمریکای باشوور. دەستووری هەرێمی کوردستان مەترسیدارە لەو رووەوەی کە دەسەڵاتێکی فرەی داوە بە سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانی کردووەتە دەزگایەکی تەشریفاتیو سەرۆک دەتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەم دەستوورە تەنیا دەستوورێکی سەرۆکخوازانەیەو سنووردارکردنی دیموکراسییە، من داوا لە ئۆپۆزسیۆنو لیستی گۆڕان دەکەم کە هەنگاوی داهاتوویان رووبەڕووبوونەوەیان بێت لە دژی دەستوورەکەی بارزانی.

**رۆژنامە: بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق، پرۆسەکەی هەرێم لای تۆ چۆنە؟**

* سەرەتاو چیتر لەو قسانە گومانم هەیە کە دەڵێن کوردستان مۆدێلێکە بۆ عێراق، هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بەشێوەیەکی پاکو بێ توندوتیژیی کۆتاییهاتو ئەوان هەڵبژاردنەکانیان بە لیستی کراوە بەڕێوەچوو، ئەنجامەکانیان قبوڵکرد بە سنگێکی فراون، بەڵام ئەمە لە کوردستان هێشتا نابینرێت.

**رۆژنامە: ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا هاوڕێی کوردە، ئایا تاچەندە گەلی کورد ناسراوە لە ناوخۆی ئەمریکاداو ئەم هاوڕێیەتیە راستەقینەیە یان نا؟**

* ئەوە راستە، لەجیهانیشدا هەروایە، پێشەکی زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا لەبارەی کوردستانەوە نازانن، بەڵام نوخبەکان دەزانن، ئەوانیش هەندێکیان ئێوەیان خۆشدەوێتو هەندێکیان نا، ئەوەش شایانی گرنگی پێدانە، ئەمەش لە پەیوەندی بەریتانیاو ئەمریکادا دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر ئێمە هاوپەیمانیش نەبین ئەوە هێشتا هاوڕێینو متمانەمان بەیەکە، کێشەی کورد ئەوەیە کە هێشتا بەتەواوەتی بڵاونەبووەتەوە، پەیوەندی سۆزداریی بۆ کوردەکان لە ئەمریکا قوڵ نییە، چونکە زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا ئێوە ناناسنو دەڵێن کورد کێن؟ ئەمریکا هاوڕێی کوردەکانە، بەڵام هاوڕێی حیزبەکان نییە، ئێمە هاوڕێی حیزبەکانین تا ئەو شوێنەی بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵیان یەکدەگرێتەوە، ئەمریکا دوای بەرژەوەندییەکانی دەکەوێت. ئەوە راستە کە ئێرە شوێنێکی سەقامگیر نییەو ئەم هەرێمەش هاوڕێیەکی نییە، بەڵام لە سیاسەتدا هیچ کەس هاوڕێی نییە، گەر نەتەوێت بەرگریی لەخۆت بکەیت ئەوە لەکێشەدایت، بەغداو باشوور گەر یەکتریشیان خۆشنەوێت، پێویستییان بەیەکە.

**رۆژنامە: ئایا میدیا تاچەند کاریگەریی هەبووە لە ناساندنی کێشەی کورد بە ئەمریکا، بەتایبەت ئێمە دەبینین لە رۆژنامە هەرە بەناوبانگەکاندا دەربارەی کێشەی کورد رۆژانە راپۆرت بڵاودەکرێتەوە؟**

* ئەمە پرسیارێکی قورسەو منیش رۆژنامەنووس نیم تا بتوانم بەتەواوی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە لە کۆشکی سپی رۆژنامەکان، بەتایبەت رۆژنامە باشەکان، دەخوێندرێنەوەو کاریگەریشی هەیە بۆ سەر سیاسەتی ئەمریکا، رۆژنامەکانی وەک وۆڵ ستریت جۆرناڵو نیویۆرک تایمزو نیوزویک ماس میدیان، کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە. میدیا هەمیشە کاریگەریی هەیە، بەڵام کێشەی رۆژنامەگەریی ئەوەیە، «ئەمە حەقیقەت نییە»، چونکە رۆژنامەکان هەمیشە لەبارەی شتێکەوە دەدوێن کە لەبارەیانەوە پرۆفیشناڵ نین، سیاسەتمەدارەکانیش هەندێکجار رۆژنامەکان بەمەبەستەوە فەرامۆشدەکەنو بەگوێیان ناکەن.

**رۆژنامە: دەوترێت رۆژنامە پێویستە سانسۆری هەبێتو سنوورێک بۆ ئازادییەکانی دابنرێت، ئایا میدیا پێویستە بەکۆتو بەندی یاسایی دەورەبدرێت؟**

* تۆکیۆڤیڵ لە زووەوە دەڵێت: «لە ئەمریکا رۆژنامە هەرچی بوێت دەیڵێت». میدیا دەتوانێت کاریگەر بێت بۆ سەر تەواوی بوارەکانی دیکە، ئەم ئازادییەش لەدوای داهێنانی ئینتەرنێت قوڵتربووەتەوەو کەسیش ناتوانێت کۆنترۆڵی تۆڕێکی ئاوا گەورە بکات، بۆیە تۆکیۆڤیڵ کێشەی میدیای ئەمریکی بەوە دەزانێت کە هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییەو ئازادیی تەواوەتی هەیە، رۆژنامە پێویستە هەمیشە نارەزایی دەرببڕێتو ئەوە ئیشی ئەوانە، چونکە کەس نایەوێت لەبارەی ئەوەوە بخوێنێتەوە کە سەگێک پەلاماری پیاوێکی داوە، بەڵام خەڵک حەزی لەوەیە لەبارەی شتێکی سەرنجڕاکێشی وەک پیاوێک پەلاماری سەگێکی داوە بخوێنێتەوە، بۆیە رۆژنامەنووسیش هەمیشە دەگەڕێت بەدوای شتێکی نهێنی سەرنجڕاکێش. ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانیش ئیشەکانی حکومەت پەکناخات، بەڵکو وای لێدەکات ئیشەکانی باشتر بکات. لە ئەمریکا میدیا سنوور بۆ ئیشەکانی حکومەت دادەنێت، تەنانەت بوونی هێزو چەکی پێشکەوتوو لە ئەمریکا پەیوەندی هەیە بە میدیاوە، چونکە لە ئەمریکا کاتێک حکومەت تانکێک دروستدەکات بەدوایەوە دەڕۆن نەوەک کەلوپەلی خراپی تێدا بەکاربهێنن.

**رۆژنامە: پەیوەندی میدیاو دەسەڵات زۆر قسەی لێدەکرێت، ئایا لەم هەرێمەی ئێمەدا ئەو پەیوەندییە دەبێت چۆن بێت؟**

* پێویستە پەیوەندییەکی خراپ لەنێوان حکومەتو میدیادا هەبێت، ئەمەش باشترە لەوەی حکومەت هەمیشە دڵشاد بێت بە میدیا، ئەمە راستە گەر حیزب رۆژنامەی هەبێت ئەوە پارەی تێدا سەرفدەکاتو بەمشێوەیەش ئازادیی لێدەکرێت، بەڵام رۆژنامەی تایبەت یان سەربەخۆ بەدوای راستییەکان دەکەوێت. لەم هەرێمە مەترسی لەوەدایە لەبەرامبەر میدیای ئەهلی میدیای حیزبیی هەیە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا سوکایەتیکردنە بە میدیای ئازاد، چونکە بەرامبەر هەر کارێکی میدیای ئازاد میدیا حیزبییەکان پڕوپاگەندە دەکەنو بەمەش ئەرکی راستەقینەی میدا نامێنێت.


جێری واینبێرگەر

**هەنگاوی داهاتووی ئۆپۆزسیۆنو لیستی گۆڕان دەبێت وەستانەوە بێت لەدژی دەستووری کوردستان، کە دیموکراسیەتی سنووردارکردووەو دەسەڵاتی پەرلەمانی نەهێشتووە**

**ئەو پەلاماردانانەی بارەگاکانی یەکگرتوو و لیستی گۆڕانە لە هەولێرو دهۆک، کە بەڕاستی وێنەیەکی ناشرینیان پیشانی جیهانی دەرەوە داوە، پارتی پێشتر لە ساڵی (٢٠٠٥) بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی سوتاندو ئەمجارەش ئەو ئەزموونە ناشرینەی دووبارە کردەوە، سەلماندی کە دیموکراسی قبوڵ نییە. بەڕای من ئەو توندوتیژییەی ئەمجارە هۆکارەکەی دۆڕاندنی بارزانییە لە سلێمانی**

# وانەیەک بۆ ئایندەی حیزبەکانی ئێمە

سەربەست کەرکوکی

شکستە گەورەکەی ئەم دوایییەی پارتی کرێکاران لە بەریتانیا (پارتی لێیبەر)، چ لە هەڵبژاردنی ناوچەییو چ لە هی پەرلەمانی ئەوروپیدا، کە گەورەترین دۆڕاندنە لە مێژووی حیزبەکەدا. دەبێت بۆ ئێمەی کوردستانی باشوور، بە تایبەتی بۆ ئەو حیزبو لایەنانەی ئاڵای سۆشیال دیموکراتیان هەڵگرتووە، گەورەترین زەنگی خەتەرو باشترین ئاماژەی ڕاچەنینو هێمای بەئاگاهێنانەوە بێت.

لێیبەر پارتی، لە ساڵی ١٩١٨-ەوە بگرە لە ناوچەی (وێلز)دا لە هیچ هەڵبژادنێکدا، هەرگیز لە پاش حیزبی پارێزگار (کۆنسێرڤەتیف)دا نەبووە، بەڵام مەخابن لەم دوا هەڵبژاردنەدا بووە پاشکەوت.

لە مێژووی کاری سیاسیو هەڵبژاردندا، ئەوە یەکەمجارە لە شارەکانی سکۆتلەندا، پارتی (سکۆتش ناشناڵ) لە لێیبەر دەباتەوە.

ئەوە یەکەمجارە، لە سەرتاسەری مێژووی حیزبە سیاسییەکانی بەریتانیادا، حیزبێکی ڕاستڕەوی دژە پەنابەرو بیانی، حیزبی نیشتمانی بەریتانی، لە پەرلەمانی ئەوروپیدا جێی دوو کورسی نوێنەرانی لێیبەر وەدەستدەهێنێت. لەوەش زیاتر، ئەوە بۆ یەکەمینجارە، کە لە مێژووی چل ساڵی ڕابردوودا، لێیبەر، لە هەڵبژاردنێکی بەریتانیدا پلەی سێیەمی دەستکەوێت. ئێنجا بە کێ بدۆڕێت؟ بە کۆنسەرڤەتیفو حیزبێکی بچووکی وەکو حیزبی سەربەخۆی ( یو.کەی).

لێیبەر پارتی، بەشێوەیەکی گشتی لە هەڵبژاردنی ئەوروپی ئەم جارەی بەریتانیادا، تەنیا (١١) کورسی وەدەستهێنا، شایانی باسە کە لە ٢٠٠٤-دا (١٨) کورسی هەبوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (کۆنسێرڤەتیف) (٢٤) کورسیو حیزبە بچووکە ناوبراوەکەش (١٣) کورسی بەدەستهێنا!

لە پێش ئەو کارەساتەشدا، تەنیا بە هەفتەیەک، لێیبەر پارتی، لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا، تووشی دۆڕانێکی قورس ببوو. کە لە کۆی هەڵبژاردنی (١٥٨) شارو شارۆچکەی بەریتانیا، تەنیا لە (٣٧) کاونسڵدا، باڵادەست بوو! لە بەرامبەردا (کۆنسێرڤەتیف) لە (٤٩) شارو پارتە نەتەوەییەکانیش لە ٦٠ دا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا! لە شارۆچکەکانی لەندەندا تەنیا لە (٥) شوێن، بەرامبەر بە (٩) شوێن بۆ (کۆنسێرڤەتیف) یان بە دەستهێنا. لەو هەڵبژاردنەدا، لێیبەر لە سێ شاردا کە لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە بە شاری کۆنترۆڵی لێیبەر ناسراون، دۆڕا، مەبەستم (داربشەر، لانکشەرو ستاتفۆردشەر)ە.

هەڵبەتە دۆڕاندنی لێیبەر، لە پڕو لە خۆڕا نەبوو، بەڵکو پاداشتی کۆمەڵێک هەڵەو پەلەی هەر هیچ نەبێت هەشت ساڵی ڕابردووی ئەو حیزبە سۆشیال دیموکراتەی بەریتانیا بوو. ئەدای لێیبەر پارتیو جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ ویستەکانی جەماوەر، بە ئاشکرا دیاربوو کە دوورو جیاوازە لەگەڵ ویستو بۆچوونەکانی تەنانەت ئەندامانی خۆشی. بۆیە ئاشکرابوو کە لێیبەر کەوتۆتە ناو لیتەی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی، ئابووری، ئیداریو خزمەتگوزارییەوە. کە بە کورتی خۆیان لەم چەند خاڵانەدا دەبیننەوە:

١- کەمکردنەوەی چەندایەتیو هەروەها جۆرایەتی خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردەیی، پۆلیسو ئەمنیەت، هاتوچۆو خانووبەر لەلایەن حکومەتەوە.

٢- سەرجەمی ئابووری وڵاتەکە تووشی ڕۆچوونو قەیران بووە، بەرپرسانی دارایی حکومەتەکەش بە دیدو بۆچوونی خەڵکەکە لە چارەسەرکردنی بە پەلەی ئەم کێشەو قەیرانە سستو کەمتەرخەمن.

٣ - ئاشکرابوونی گەندەڵییەکانی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە هەموو حیزبەکانو هەندێک لە ئەندامانی حکومەتی لێیبەر، لەوەی جگە لە مووچەی خۆیان، بەبێ هەقو بە بێویژدانانە لە ماڵومولکی دەوڵەت، واتە ماڵومولکی باجی خەڵکیان وەرگرتووەو بۆ کاروباری شەخسی خۆیان خەرجیانکردووە. هەندێک نموونە:

-ئەلن کینو ئان کین: کە ژنو مێردێکی پەرلەمانتارنو سەر بە لیبەرن، ئەوان لە کرێنی (شقە - فلات)ێک لە ناوەڕاستی لەندەندا، (٤٠) هەزار پاوەندی حکومەتیان خەرجکردووە. هەروەها بۆ پاککردنەوەی (فلات)ەکەیان هەفتانە (٥٥) پاوەندیان بە حکومەت خەرجکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ماڵی یەکەمی خێزانییان تەنیا (١٠) میل لە بینایەی (ویستمنستەر) پەرلەمانەوە دوورە.

-ئەندام پەرلەمانو وەزیری دادی حکومەتی بەریتانی، شەهید مالیک، لە ماوەی سێ ساڵدا (٨٢٧,٦٦) پاوەندی لە پارەی حکومەت بۆ چاککردنەوەی خانووی دووەمی خۆی خەرجکردووە.

بەڵام لە ناویشیاندا کەسانێکی وەک (مارتن ساڵتەر)ی نوێنەری ناوچەی (ریدینگ وێست)ی سەر بەلێیبەریش هەیە، کە ڕۆژانە بە قیتار دەچێت بۆ پەرلەمانو لە ساڵێکدا (٦٤١٣) پاوەندی خۆی خەرجکردووەو تەنیا (٢٢٢) پاوەندی لە پارەی پەرلەمان داواکردووەتەوە.

هەڵبەتە کەڵەکەبوونی ئەو هەموو کێشەو ناپوختیو خۆکێشانەوەی کۆمەڵێک وەزیرو سەرکردەو کارمەندی حیزبی لێیبەر، بە تایبەتی لەوەی لە هەفتەی پێش هەڵبژاردنی ئەوروپیدا کە شەش وەزیر دەستیان لە کارکێشایەوە، کە ئەمە بووە هۆی کێشانی سنووری سووری خەتەرناکو دروستکردنی دیوارێکی بەرزی ڕقوکینەی خەڵک بەرامبەر بە لێیبەرو مانەوەی لێیبەر لەسەر حوکمو دەسەڵات.

بۆیە خەڵکەکە دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بڕیاری تەمبێکردنی لێیبەرو لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکاندا، داری دەستی جەماوەر بۆ تەمبێکردنی لێیبەر پارتی، حیزبە خۆشەویستەکەی جاری جاران بە ئاشکرا دەرکەوت.

ئێستاش لەپاش ئەو دۆڕانە کارەساتاوییانە، لەوەناچێت کەفوکوڵی توڕەیی ئەندامانی حیزبەکە دامرکابێتەوە، ئەوەتا (٧٠) ئەندام پەرلەمانی لێیبەر، خەریکن داوا دەکەن کە (گۆردن براون) دەست لە سەرۆکایەتی حکومەت بەردات. خەڵکەکەش مقۆمقۆی ئەوەیان تێدا دروستبووە کە داوای هەڵبژاردنی بەپەلە بکەن. هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە گەندەڵکارانی وڵاتەکە حیسابیان لەگەڵدا بکرێتو سزا بدرێن.

لە کوردستانی ئێمەشدا، چەندین داینەسۆری بەرەڵڵای ئابووریو تەیری خورافی بیناسازییو پلانی بێپلان ڕۆژانە لە کارن! لە کوردستانی ئێمەدا لەگەڵ ئەوەی بە بێ چاودێرییەکی ئەوتۆ، گەورەترین سۆپەرمارکێتو مۆڵو بەرزترین هۆتێل دروستکراون یا دەکرێن، کەچی بە دەگمەن بیرمان لە دامەزراندنی بناغەی بە جەماوەریکردنی سیستمی بانکیو دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بیمەو تەئمین کردووەتەوە، یا لە ڕاستیدا هەر گرنگیمان بەو بابەتە نەداوە.

لە کوردستانی ئێمەدا، پەیتا پەیتا هەوڵدەدرێت، بۆ جوانکردنی شارە گەورەکان باغو باغچە دروستبکرێن، کەچی هێشتا لە بێئاویدا، خەڵکی لای ئێمە بە گشتی بۆ پڕکردنی تەنکی ئاوی ماڵەکانیان دەبێت شەوان خەو لەخۆ حەرام بکەن. شەقامە گەورەکان بە گلۆپی نوێو گەورە دەڕازێتەوە، کەچی هێشتا (ئەفرادی) ناو ماڵەکانمان، هەر لە خولی فێربوونی گۆڕینی سویچی ئەلەکتریکن، لە حکومییەوە بۆ مەولیدەو بە پێچەوانەشەوە!

لە کوردستانی ئێمەدا، لەبەر ئازادیی بازاڕ، کە بازاڕی دوکتۆرەکانمان لە هەموویان بێویژدانترەو خەڵکە هەژارەکانمان لە بێپارەییدا لە خوا دەپاڕێنەوە کە خۆیانو ماڵو منداڵیان نەخۆش نەکەون ...، کەچی خەڵکانو بەرپرسانی سۆشیال دیموکراتمان ئێستاش پرۆژەو سیستمێکی جدییان بۆ چارەسەری بنەڕەتیی ئەم پێداویستییە جەماوەرییە لەسەر مێزدا نییە.

لەکوردستانی ئێمەدا، بواردان بە کۆمپانیاکانی مۆبایل، بەبێ سنوور والایە، کەچی ئەوەندەی تۆزقاڵێک گرنگی نەدراوە بەوەی کە وڵاتەکە ئەگەر وڵات بێت، دەبێت سیستمی ڕێکو مۆدێرنی تەلەفۆنی ئەرزیی هەبێت.

لە کوردستانی ئێمەدا، هەر وەکو بەریتانیاو هەموو وڵاتێکی دیکەی دونیا، خەڵک دەشێت، دەکرێت، بەرامبەر بەم کەمتەرخەمییانەش خۆگرو هێمنو هێدی بن، بەڵام کە نا شایستییەکە دەگاتە سەر بابەتی (سوء استفادة) لە ماڵومولکی میللەت، لە گەندەڵی بەکارهێنانی پارەی حکومەتو حیزبەکان، لە گەندەڵیو تەوەزلی لە وەختی کارو دزینی کاتی دەوام.... خەڵکی لای ئێمەش گۆشتو خوێنو شعورە، بۆیە هەڵوێستوەردەگرن. ئەو هەڵوێستوەرگرتنانەش لە ڕۆژانی ئاساییدا، ڕەخنەگرتنو قسەکردنو بە بادانی توڕەیین، بەڵام لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا، بەداخەوە دەشێت لەو جۆرە بێت، کە لەم دوو هەفتەیەی دواییدا لەبەریتانیادا دژ بە لێیبەر تەقییەوە.

من، نەک بۆ ڕتووشکردنی دزێویی، نەک بۆ هەڵخەڵەتاندنی میللەت تا ڕۆژی هەڵبژاردن، نەک بۆ پروپاگەندە بۆ ئەموئەو، بەڵکو بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتیەتی ڕاستەقینەی چاوەڕوانکراو، بۆ ئەوەی ئەو حیزبانەی ساڵانێکی دوورو درێژی ناو شاخ، پێشەنگی خەباتو تیکۆشان بوون، ئێستاش هەر سەرقافڵەی خزمەتگوزاریو دابینکاری ئاسوودەییو خۆشگوزەرانی بن بۆ جەماوەرە ستەمدیدەکەمان، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە داخوازییەکانی ئەم چاخە بە دڵسۆزییەوە چاکسازبین، چاکسازیی سیستمی حکومەتییو ئیداری وخزمەتگوزاریو چاکسازیی ئابووری. بۆ ئەوەی یەکگرتوو بین بەرامبەر بە لایەکانی دژە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانمان، کە ئەمەش تەنیا بە پشتیوانی میللەتەوە دەکرێتو سەردەکەوێت. ئەو پشتیوانییەش لەمەودا دەبێتە موستەحیل، ئەگەر ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش نەکەینو بە ڕاستی نەبینە خزمەتکارو سایەو سێبەر بۆ میللەتەکەمان.

بۆ ئەمانە بە گشتی پێویستە، حیزبەکان، بە تایبەتی سۆشیال دیموکاتەکانمان، هەر لە ئێستاوە (تا لەوە درەنگتر نەبووە) بەری ئەو ڕۆچوونە چاوەڕوانکراوە بگرن. ئەو بەرگرتنەش تەنیاو تەنیا بە بڕیاری شۆڕشگێڕانەی دابڕکەر سەر دەگرێت. ئەو هەنگاوەش بە بیروبۆچوونی بەندەو زۆربەی دڵسۆزانی نەتەوەکەمان لە چەند خاڵێکی وەکو ئەمانەی خوارەوە خۆیان دەبیننەوە:

١ - بە پێی ڕێورەسمێکی بە پەلەی قانونیو حیسابداری، بە سەرپەرشتی (دیوانی چاودێری دارایی)و هاوکاریی (لیژنەی نەزاهەت)ی پەرلەمانی کوردستان (ئەگەر دروستبکرێت)و بە بڕیاری دیوانێکی دادوەریی سەربەخۆی نەترس، یەکەم هەنگاو، لێکۆڵینەوە لە مێژووی داراییو مولکایەتی هەموو بەرپرسانی حیزبیو حکومیی لە سەرۆکی هەرێمەوە بیگرە تا بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتەکان، لە سەرۆکی حیزبەکانەوە بیگرە تا ئەندام کۆمیتەو لقەکان، بکرێت.

٢ - هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا، حیزبەکان (مەبەست هەر هەموو حیزبو لایەنەکانە) بە جورئەت بن لە ئاشکراکردنی هەموو گەندەڵیو گەندەڵکارییەک کە بە ناوی ئەوانو لە ژێر پەردەو باڵی دەسەڵاتی ئەوانەوە کراوە. بێترس لە ئۆرگانەکانی خۆیانەوە، خۆیان پاک بکەنەوە لە هەر گەندەڵو گەندەڵییەک کە لە مەکۆی ئەوانەوە کراوە، چونکە ئەگەر کەسێک هەتا ئەگەر (٣٠-٤٠) ساڵیش لە سەختترین خەباتدا بووبێت، ئەوەی دوێنێی بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنی ئەمڕۆ کردبێت، ئەوا بازرگانییەکی ناشەریفانەی کردووە. بە گشتی، نابێت ئێمە لێخۆشبوونی بەو شێوەیەمان هەبێت. کە پاکی دوێنێ ببێتە پەردەی هیزەبەدەرخۆنەکردنی پیسی ئەمڕۆی هەر هاوڕێو هەڤاڵێکمان. ئەوەی دوێنێ بە گیرفانی خاڵیو بە کڵاشێکی لاستیکەوە بە سەربەرزیی دابەزییە ناو شارەکانەوەو ئەمڕۆکە بە هەپوویەکو بە خۆڕایی خاوەنی چەندین کۆشکو ئەرزەو کۆمپانیایە، نابێت ئەو مافەمان لێزەوت بکات، کە لێیبپرسین ئەرێ هاوڕێو هەڤاڵ ئەمانەت لە کوێی سیستمی ڕەواو لە کوێی کاری قانونیدا پەیداو دەستەبەر کردووە.

٣- بەپێی قانوونێکی تازە، لێپێچینەوەی ساڵانە لە حیساباتو داهاتو ماڵومولکی دەسەڵاتدارانی حکومییو حیزبی بکرێتو دەسەڵاتی ئەو کارە بدرێت بە بەڕێوەبەرێتییەکی نوێ لە ناو دیوانی چاودێری دارایی، ئەو بەڕێوەبەرێتییە وەکو دەستەیەکی ناو دیوان، بەرپرس بێت لەوەی لە پاش (واژۆ)کردنی لەلایەن دادگای تایبەتی ئەو بابەتە، بۆچوونی دیوانو بڕیاری دادگاکە بگەیەنێت بە دەستەی تایبەتی (نەزاهە)ی پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەی پەرلەمان بتوانێت (حەسانە) لەسەر ئەو کەسە گەندەڵە هەڵبگرێتو داوای دادگاییکردنی بکات.

٤ -خەرجییەکانی چاودێرییو پاسەوانیو ئەمنیەتی هەر هەموو دەسەڵاتدارانی حکومییو بەرپرسانی حیزبی، تا دواتنۆک کەمبکرێتەوەو ڕێورەسمی حکومی بۆ دابنرێت. لە کاری عەشارییو خزمایەتەوە بگۆڕدرێت بۆ کاری پرۆفیشناڵی حکومیی. بەگشتی، ئەمجۆرە خەرجییانە لەگەڵ کەمکردنەوەیان لە ژێر دەسەڵاتو کۆنترۆڵکردنی حیزبەکان دەربکرێن.

٥ - خەرجییەکانی هاتنوچوونی ناوەوەو دەرەوەی وڵات، ئەگەر بۆ کارو ئەرکی حکومەتی کوردستان نەبن، هی هەموو دەسەڵاتدارانی حکومەتییو حیزبی، لە سەرۆکی هەرێمەوە تا دوا دەسەڵاتدارو کارمەند، لە ئەرکو بەرپرسیارێتی بودجەی حکومەت دوور خرێن. هەمان هەنگاو بنرێت بۆ کەمکردنەوەی (نثرية)ی فەرمانگەو بارەگا حیزبییەکان، بە پەرلەمانیشەوە. ئەم مەسەلەیەی (نثرية) بەو شێوازەی ئێستا هەیە، یەکێکە لە دواکەوتووترین دیاردە عەشایەرییەکان لە سەر سەکۆی ئەو وڵاتەی دەیەوێت بەرەو تازەگارییو مەدەنیەت هەنگاوبنێت.

٦ - چاوبخشێنرێت بە سیستەمو چەندایەتی مووچەو نەسریەی بەرپرسانی حیزبیو حکومیو پەرلەمان، بەتایبەتی ئەوانەی لەهەر دوولا دەپچڕن، بە ڕادەیەک هەموار بکرێت، تا لەگەڵ ئاستی گوزەرانی گشتیی خەڵکی کوردستان شێوە گونجانێکی هەبێت.

لەکۆتاییدا، بوار بە خۆم دەدەم کە بە ئێوەی دەسەڵاتداران بڵێم: ئێوە ئەگەر دەتانەوێت تووشی کارەساتەکەی حیزبی لێیبەری بەریتانی نەبن، با لە ئێستاوەو بەپەلە بڕیاری شۆڕشگێڕانە بدەنو هەنگاوی جێبەجێکردنی شۆڕشگێڕانەتر بهاون، بەڵام ئەگەر گوێ نەدەنێو ئەم بۆچوونانە بە بادی هەوا بزانن، ئایا ئامادەن لە ئێستاوە کارەساتەکەی ئایندە وێنابکەن؟

## لە سلێمانی، لەبری یاسا کوڕی بەرپرسان سەروەرن

**« دەوڵەتی سەقامگیر تەنیا ئەو دەوڵەتەیە کە تێیدا هەموو هاوڵاتییانی لەبەردەم یاسادا یەکسانن». ئەرستۆ**

یاسین عومەر ئیبراهیم



کاتێک منداڵبووم، لەکۆڕو کۆبوونەوەی گەورەکاندا دادەنیشتمو گوێم لە زۆر دەستەواژەو زاراوەی سەیر دەبووو تێیان نەدەگەیشتم. یەکێک لەو دەستەواژانەی تێبینیمکردووە «حوکمی قەرەقوش» بوو. ئێستاشی لەگەڵدابێت نازانم (حوکمی قەرەقوش چییە!)، بەڵام دەزانم باس لە خۆسەپاندنو بڕیاری زۆرەملێیانە دەکات. بەداخەوە پێدەچێت ئێستا سلێمانی لەسەردەمی حوکمی قەرەقوشدا بێت...

بێگومان لەهەر وڵاتێکدا کە دەزگاو دامەزراوەی دیموکراتی هەبنو مرۆڤ ڕێزی لێبگیرێت، هەموان لەبەردەم یاسادا وەک یەکن. بەبێ ملکەچبوونی هەموان بۆ یاساو دەسەڵاتی دادوەریی هەر لەسەرۆکی وڵاتەوە تا هاوڵاتییەکی ئاسایی، هیچ مانایەک بۆ هاوڵاتیبوونو دیموکراسیو هەلی یەکسان نامێنێتەوەو بارودۆخی ئەو وڵاتە لەبەردەم هەڕەشەی گرژییو ئاڵۆزییو کەرامەتی هاوڵاتیان لەبەردەم سوکایەتی پێکردندایە.

ئەوەی لەماوەی مانگی ڕابردوودا لە سلێمانی بینیمان نە دەسەڵاتی یاساو نەڕێزگرتنی یاسا بوو. ئێستا لە سلێمانی یاسا سەروەر نییە، پۆلیس هێمنی شار ڕاناگرێت، هیچ کەسێک زامنی پزیشکێک ناکات لەکارەکەیەوە بەسەلامەتی بگاتەوە ماڵەوە، کارمەندانی نەخۆشخانەو کارمەندانی حکومەت لەژێر ڕەحمەتی میزاجو توڕەیی کوڕە مێردمنداڵەکانی لێپرسراواندان.

چەند پێشێلکارییەکی یەک لەدوای یەک، تەنانەت لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنیشدا ئاماژەی زۆر خراپن بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی لێپرسراوان لەگەڵ ئەم شارەدا، بۆ نموونە، کوڕی (مەلا بەختیار) وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە سکرتێری پارتەکەی سەرۆکی عێراقە، شەوێک دەکەوێتە گیانی پزیشکو کارمەندانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانیو سوکایەتی زۆریان پێدەکات، شەوێکیش دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم (٣٠) پاسەوانی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرۆکی پارتەکەیان سەرۆکی هەرێمە پزیشکێک خەڵتانی خوێن دەکەنو تا بەیانی ڕۆژی دواتر بە بەندکراوی لەخوێندا دەتلێتەوە (خوا دەزانێت ئەوانەی هێرشیان کردووەتەسەر کوڕی کێ بوون). یەکێکی دیکە لە داستانەکانی کوڕانی بەرپرسان هێرشکردنە سەر (پۆلیسی ١٠٤) بوو لەلایەن کوڕی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)یەوە، کە جێگری سکرتێری یەکێتیو جێگری سەرۆکی هەرێمە...

ئەو ڕووداوانە دەیسەلمێنن، لێپرسراوانی ئەم شارە ڕێزگرتن لەدەسەڵاتی یاسا خەمی گەورەیان نییەو بە بەرنامە کاری بۆ ناکەن، هەست بە گرنگی سەروەریی یاسا ناکەن. ئەوەی دەیڵێم تەنیا تۆمەتبارکردن نییە، ئەگەر بەرپرسانی شار هەست بە گرنگیو ڕۆڵی یاسا بکەن، پێویستە لە پێش هەموانەوە خۆیانو منداڵو خێزانو پاسەوانەکانیان فێری سەروەریی یاسا بکەن، خۆیان وەک پارێزەری یاساو مافی هاوڵاتیانو ئازادی پیشان نەدەنو ئەو چەمکانە بەخەڵک نەفرۆشنەوە، چونکە خۆیان لەهەموو کەس زیاتر پێویستیان پێیانە، وەک دەڵێن «تا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە». بۆیە باشترە جارێکی دیکە تێهەڵچنەوەو وتنەوەی وانەی ئازادیو مافی مەدەنیو ڕێزگرتنی کارمەندانی حکومەتی هەرێم کوردستان لە ماڵەکانی خۆیانەوە دەستپێبکەنەوە.

ئێستا، من وەک هاوڵاتییەکی ئەم شارە سەرمسوڕماوە کێ ئەم شارە بەڕێوەدەبات؟ کێ پارێزەری مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییانە؟ ئایا حکومەتێک پارێزگاری لە کارمەندو پۆلیسەکانی خۆی پێنەکرێت چۆن بەرگری لەخەڵکی ئاسایی دەکات؟ بۆ ئەو هەموو ڕووداوی هێرشکردنە سەر کارمەندانو کوڕی ئەم شارە، وا کەمتەرخەمانە سەیردەکرێت؟

پێویستە سلێمانی لەدەستی ڕەحمەتی توڕەیی کوڕی لێپرسراوانو کادیرانی حیزب ڕزگار بکرێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەباتی ئەوەی کوڕی لێپرسراوان سەروەربن، یاسا سەروەر بێت. (چارلس دی مۆنتیسکیۆ)ی بیرمەندی سیاسی سەدەی هەژدەی فەرەنسا دەڵێت: «لەباری سروشتیدا مرۆڤەکان بەیەکسانی لەدایک دەبن، بەڵام ناتوانن بەو یەکسانییە بەردەوامبن. کۆمەڵ ناچاریان دەکات لەدەستی بدەن، بەڵام تەنیا لەڕێی پارێزگاریکردنیان لەلایەن یاساوە ئەو یەکسانییە بەدەستدەهێننەوە».

# ئاسایشی نەتەوەیی کورد یان ئاسایشی دەسەڵات؟

یاسین قادر سەعید

لەم وتـارە کورتەدا، هـەوڵـدەدەم لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی کوردو ئەو هەڕەشانەش کە ڕووبەڕووی بووەتەوە بە زمانێکی گشتی ڕوون بکەمەوە، بەو ئامانجەی خوێنەری بەڕێز لە تەڵەی تێکەڵکردنی کارتە سیاسیەکان بێ باک بێتو تێبگات لەوەی خوازیارم تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان، لە ئاستی جەماوەردا، هەست بە گرنگی بایەخدان بە ئاسایشی نەتەوایەتی ئێستای کورد بکەنو بیکەنە بەشێکی زیندووی ڕۆشنبیری سیاسییان، بەتایبەتی لەم ساتەوەختە مێژووییەماندا کـە نـەتـەوەکـەمـان لـە هـەمـوو کاتێک زیاتر پێویستی بە بەشداری سیاسی ئەندامەکانێتی.

کاتێک قسە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتی کوردو هەڕەشەکانی سەر ئەو ئاسایشە دەکەین، جێی خۆیەتی بپرسین، جۆرو سەرچاوەو ئاستی مەترسی ئەو هەڕەشانە کامانەن؟

حکومەتی هەرێم لە ماوەی زیاتر لە (١٨) ساڵی دەسەڵاتداریدا، بە چ سیاسەتێک ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە بووەتەوە؟

چ شتێک لە ئێستادا لەژێر مەترسی ئەو هەڕەشانەدایە؟

ئایا گۆڕان بە ئاراستەی فراوانکردنی سنوورەکانی ئازادییو فرەیی حیزبیو بەهێزکردنی یەکسانیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی هەڕەشە دەرەکیەکانی سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عـێـراق زیاترو مەترسیدارتر دەکـات؟ ڕۆڵـی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نـێـودەوڵـەتـی لە ڕەوشـی ئێستای ئاسایشی نەتەوەیی کـورددا چییەو چی لێ چاوەڕواندەکرێت؟ تا چەند هارمۆنیبوونی سیاسەتی کورد لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکانی دەسەڵاتداریدا خزمەت بە دۆزی ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەگەیەنێت؟ ئەگەر کۆڵکەی هاوبەشو کۆکەرەوە لەنێوان دۆزی کوردو ئەمریکا لە عێراقدا بریتی بێت لە بە نموونەکردنی عێراق لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی ئەی خاڵی لێکترازانی نێوانیان چییە؟

بــەڕای مــن، ئێستا ئـەزمـوونـی سیاسی کوردستانی عێراق لەبەردەم وەرچەرخانێکی سیاسیو کلتووری سیاسی گرنگدایە. وا دەردەکـەوێـت، کلتووری سیاسی نەریتخوازی تاکپەرستانەی نیمچە خێڵەکیو بـاڵادەسـتو تەمەنی گەورە لەژێر فشاری دیموکراتیزەکردنی جیهاندا، لە ئایندەیەکی نزیکدا، جێگە بۆ هێزی هەڵکشاوی سیاسییە گۆڕانخوازو دیموکراتخوازەکان چۆڵبکات. ئەگەرچی ئەوەی تاکو ئێستا ئەم هێزە پاکیزە سیاسییە بەوە دەناسرێتەوە کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا، ئەندازیارو ڕابەرێتییە، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەگەرچی ڕۆڵی ئەم سەرکردەیە گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بانگەشەی گــۆڕانو ریفۆرم وەڵامێکە بەرامبەر شکستی ئەزموونی دەسەڵاتداریی زیاتر لە (١٨) ساڵی حیزبە نادیموکراتەکان.

من وای بۆ دەچم کە لە (١٠) ساڵی داهاتوودا، ئەم ڕەوتە دیموکراتخوازەی کە ئێستا داوای گۆڕان دەکاتو توندترین دژایەتی دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، شتێکی ئـەوتـۆ لـە میراتی کلتووری سیاسی پێش خۆی ناهێڵێتەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ناعەقڵانی بە حیزبیکردنی سەرتاپای دامودەزگا حکومیەکانو گشت کایە کۆمەڵایەتییەکانو دەستکورتی ئەپستمۆلۆجی عەقلیەتی سیاسی دەسـەڵاتـدارانـی کـورد لە پەرەپێدانی توانا ناوخۆییو ناوەکییە نیشتمانیەکانی هاوڵاتییان بۆ وەڵامـدانـەوەی پرسە هەنوکەییەکانی ئێستاو ئایندەی نزیکی سیستمی جیهانی نێودەوڵەتی (global System) کە نـۆرمو پێودانگەکانی ئەم سیستمە هیچ بەزەییەک بەرامبەر کلتوورە داخـراوە دژە دیموکراسییەکان نیشان نـاداتو دواجـار بە سایەی هەژموونی دیموکراتیزەکردنو گۆڕانیان دەسپێرێت.

لە سـەرو بەندی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی تەمموزی (٢٠٠٩)و هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە هەر شتێک بتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ پروپاگەندەیەکی کاریگەر، لەپێناو قورغکردنەوەی دەسەڵات نەک تەنیا بۆ پاشماوە کورتەکەی تەمەنی خۆیان، بەڵکو بۆ تەمەنی لە دایکنەبووی نەوەکانی دیکەی بنەماڵەکانیان، دەسەڵاتی سیاسی، هـەر وەک پێشبینی دەکـرا، مەترسی هەڕەشە دەرەکییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەی کوردستانی وەک پروپاگەندەیەکی سەرەکی هەڵبژاردن. ئەوان لەناو هاوکێشەیەکی وەهادا گوزارشت لە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەکەن تێیدا پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی کوردستان بە مانەوەو پەرستنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان یەکسان دەکەن.

بەڵگەش لەسەر بوونی ئەم هاوکێشەیە ئێجگار زۆرە، نوێترینیشیان وتەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی بوو لە کۆبوونەوەکەی (٢٠٠٩/٦/٢٢) لەگەڵ بەرپرسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستاندا کە زیاتر لە سیناریۆیەکی سواو و بێ پرۆڤە دەچوو لەسەر تەختی شانۆیەکدا نمایش دەکرا، ڕاگەیاندنە ئازادو سەربەخۆکانی وەک ئاوێنەو هاوڵاتیو لڤین ئامادەی بینین نەبوون، بـەڵام شکستی ئەم دەسەڵاتە لە فەراهەمکردنی لانی کەمی بنەماکانی دروستکردنی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی (Welfare Society) کە ئامانجی بنەڕەتی هەموو دیموکراتیەکانەو زۆربەی جاریش هۆکاری سەرەکی بـردنـەوەو دۆڕانـی دەسەڵاتە، لەهەمانکاتیشدا نیشاندەرێکی سـەرەکـیو سـتـانـداردی گەشەکردنی ئـابـووریـیـە لـەنـێـو نیشاندەرەکانی دیکەدا، بەتایبەتی لە ماوەی (١٨) ساڵی دەسـەڵاتـداریـدا کە تەمەنی نەوەیەکە ماوەیەکی دیکە دەنگ دەداتو بڕیاری خۆی لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی ڕابردوو و خەونەکانی ئایندە دروستدەکات، ڕەوایەتی ئەم هاوکێشەیەی خستووەتە ژێر گومانەوە.

پێدەچێت لە هونەری بەڕێوەبردنی کـاروبـاری دەوڵـەتـدا، حکومـەت (Stutecraft)و توێژینەوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هیچ یەکێک لە چەمکەکان هێندەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەییو لاستیکیو تەمومژاویی نەبێت، تاکو ئێستا ئەم چەمکە بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ پیادەکردنی دوژمنکاریی دەرەکـیو سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ بەکاردەهێنرێتو بە خراپیش بەکاردەهێنرێت.

نموونەکانی خراپ بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە مێژوودا زۆرن، وەک (ڕۆبسپێر، کـەیـسـەرویـلـیـەم، جـۆزیـف ستالین، سیناتۆر ماک کارشیو هاوکارەکانی، ســەدام حسێنو ئەحمەدی نـەژاد لە خۆپیشاندانەکانی ریفۆرمخوازەکانی ئەم دواییەی ئێران... هتد) کە هەموویان کردوویانەتە پاساوێک بۆ پاکتاوکردن، سنووردارکردنی ئازادییەکانی ڕادەربڕین، ڕۆژنامەوانیو گۆڕو کۆبوونەوەو گشت کایە دیموکراسییەکانی دیکە. هەر لەژێر ئەم ناوەشدا کەسایەتییە بەناو نەیارەکانیان تیرۆر کردووە، بێ سەرو شوێن کردووە، بگرە هەندێکجاریش کۆمەڵکوژییان کردووە، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، زۆربەی ئەو کارە دوژمنکاریانەی دەوڵەتان لەدژی یەکتری ئەنجامی دەدەن، هەر لەژێر هەمان پاساو دایە. بەهەمان پاساویش ئەمریکا نیکاراگوای داگیرکرد، عێراقیش بەهەمان پاساو لە (١٩٩٠)دا کوەیتی داگیرکرد.

بە ئاشکرا تێبینی دەکرێت کە تێچوونە ئابووریو مرۆییەکانی پاراستنی ئاسایشی نـەتـەوەی کە سیفەتێکی گـەردوونـی هەیە، زۆر لەسەر ئابووری نیشتمانی حکومەتەکان دەکـەوێـت، بۆ نموونە، بێجگە لە کۆستەریکاو ئایسلەندا، گشت وڵاتانی جیهان لەنێوان (١٪ـ٣٠٪) خەرجی ئابوورییان بۆ چەک کڕین بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆو دەرەکـی تەرخانکردووە، بەشێکی ئەم ڕێژەیەش بۆ مەبەستی بەرپەرچدانەوەو سەرکوتکردنی نەیارو ئۆپۆزسیۆنو شۆڕشو کودەتاکانی ناوخۆ تەرخانکردووە.

ئەوەی نکۆڵی لێناکرێت، ئەوەیە هیچ قەوارەیەکو سیستمێکی سیاسی نەبووە لە مێژوودا بەدەر بووبێت لە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتییەکەی قــەوارەی سیاسی کــوردی عێراقیش لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانی گــەورەدا بــەردەوامو ئێستاشی لەسەر بێت لەژێر هەڕەشەی دەرەکی نەتەوەو وڵاتانی دراوسێیدا بووە، گەلی کوردیش بە درێـژایـی مێژوو قوربانی ئێجگار گــەورەی داوە لەپێناو سەربەخۆییو پاراستنی شوناسی نەتەوایەتییەکەیدا، بـەڵام پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگەی کــوردی بەگشتیو کوردستانی عێراق بەتایبەتی، سروشتی سیستمی سیاسەتی نێودەوڵەتیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پـێـش هــەڵـوەشـانـدنـەوەی بلۆکی سوشیالیستی لە (١٩٨٩)دا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کـوردی ناچارکردبوو، چـەکـو خـەبـاتـی چـەکـداریـی بکاتە ئامرازی سەرەکی بەرووداوەستانەوەی مەترسیە دەرەکییەکان، لەوانەیە هەڵە نەبێت ئەو قۆناغە بە «خەبات لەپێناو مانەوەدا» ناوزەند بکەین، چونکە چەندین جـار کـورد کەوتووەتە بـەر هەڵمەتی کۆمەڵکوژییو زۆرترین چەکی وێرانکەرو کۆمەڵکوژیی کیمیاوییو بایلۆجی لەسەر تاقیکراوەتەوەو زیانی ماددیو ڕۆحی بێشوماری لێکەوتووە. ئەوکاتە، بەعسییەکانو ئەوانەی پێش ئەوانیش بەشێکی زۆری بودجەی عێراقیان بۆ سڕینەوەی کورد تەرخانکردبوو. لەدوای لێکهەڵوەشاندنەوەی جومگەکانی یەکێتی سۆڤێتەکانی ڕوسیاو وڵاتانی سۆسیالیستی نـاو بـازنـەی هـەژمـوونـی ڕووســی، سیستمی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە دوو جەمسەرییەوە گۆڕدرا بۆ فرە جەمسەری، کە تێیدا ئەمریکا پێگەی سیاسیو ئابووری، سەربازیی هەرە گرنگی داگیرکردو سیما سەرەکیەکانی خەونی ئەمریکی لەناو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، تا ڕادەیەکی بەرچاو، لە فۆڕمی گلۆبالیزەیشندا خۆی بەرجەستەکرد.

داگیرکردنی کوەیت لە (١٩٩٠)دا لەلایەن عێراقەوە، ئەو ڕاستییەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەلماند کە عێراق چیتر نایەوێت پابەندی یاساو نۆرمو ترادیسیۆنە نێودەوڵەتییەکان بێت، بەم کردەوەیەشی شەرعیەتی ئەندامبوونی لەناو «یانەی دەوڵەتان»دا لەدەستدا، بۆیە دەبوایە سزابدرێت.

دوای ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەورەترین هاوپەیمانێتی سەربازیی پێکهێناو عێراقی ناچارکرد سوپاکەی لە کوەیت پاشەکشێ پێبکات، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری (١٩٩١) لە کوردستانداو بـاشـوورو ناوەڕاستی عێراقدا بەرپابوو، بەپێی بڕیارێک نەتەوە یەکگرتووەکان ناوچەی دژەفڕینی هێڵی (٣٦)ی سەپاند، هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا لە ئامادەباشییەکی ڕێکخراودا بەرامبەر هـەر هەڕەشەیەکی سوپای عێراق بۆ بەزاندنی هێڵی (٣٦)و سزا نێودەوڵەتیەکانی دیکە جێگیرکرا، ئەو هەڕەشە مێژووییەی سوپای عێراقی بۆ سەر کوردستان دروستیکردبوو، ڕووبـەڕووی لێکپچڕاندنێکی ستراتیژی مێژوویی بـووەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بە کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی عێراق لە ناوچە ئازادییەکاندا، دیفاکتۆی بۆشایی سیاسیو کارگێڕی لە کوردستاندا هەلی جۆرێک لە سەربەخۆیی سیاسیو کارگێڕی لـەبـەردەم بەرەی کوردستانیدا ڕەخساند.

ئــەو پـاشـەکـشـێو لاوازبــوونــەی ســەرچــاوەی هــەڕەشــەی ســەرەکـی لە هەمبەر ئاسایشی نەتەوایەتی ئەم قەوارە سیاسییە کوردییەدا ڕوویـدا، بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی یەکجارەکی حکومەتی عێراقی پێشوو لە (٢٠٠٣)دا، گۆڕانکارییەکی ستراتیژیشی بەسەر ئـامـرازە تاقانە پێشینەکەی بــەرەنـگـاربـوونـەوەی هەڕەشەکانی حکومەتی ناوەند داهێنا، چیتر خاڵە لاوازەکانی قەوارەی سیاسی کورد لە عێراقدا بەهێزی سەر بازی بە تەنیا بەهێزناکرێت، ئەمە سەبارەت بە حکومەتی نوێی عێراقیش ڕاستە، بەڵکو ئامرازی ئێستای بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکانی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە ڕاستگۆیی دەسەڵاتدارانی حـکـومـەتـی هــەرێــم لــە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کـوردی مەدەنی کە لەو ناوچانەدا کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتییەوە، مافی گشت کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینیو مەزهەبیەکانی دیکە لەسەر بنەمای مافەکانی مـرۆڤ بـەڕێـوەبـەرێـتو بە شێوەیەکی یەکسان مافی هاوڵاتیبوونی گەلانی کوردستان بناسێنێتو پەرەبدات بەو دیموکراسییەی کە سەدان ساڵە گەلی کورد لەپێناویدا بەنرخترینو زۆرترین قوربانیی پێشکەشکردووە. لەهەمانکاتیشدا بەشدارییەکی چالاک بکات لە بیناکردنو گەشەپێدانی دیموکراسی لە عێراقدا.

ئەمانە ئەو مەرجە نێودەوڵەتیانەن کە دەبێت حکومەتی هەرێم بیکاتە نەخشەی کاری سیاسیو کارگێڕی خۆی، ئەگەر بیەوێت لە قۆناغی مانەوەوە بۆ قۆناغی گەشەپێدان بپەڕێتەوە.

جێگەی پرسیارە ئەگەر حکومەتی هەرێم وابزانێت بە پیادەکردنی سیاسەتی دووفاقی دەتوانێت دەسەڵات لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، سەرچاوەو ئاستو ڕێژەی گەندەڵیو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەناوی ئەزموونی (١٨) ساڵەی ئەم قەوارە سیاسییەدا هێندە ئاشکراو ترسناکە هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لێی ئاگادارنو بە دۆکیۆمێنت کراون، ئەم حکومەتە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانێت کە ئێستا پێشەنگە لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤداو ئەمڕۆ بێت یان سبەی ڕووبەڕووی دادگای نێودەوڵەتی دەکرێتەوە، ئەوەشی کە ئێستا بە گۆڕانو ریفۆرمو ئۆپۆزسیۆن ناوزەند دەکرێت تەنیا بەشێکن لە دەرهاویشتەکانی (١٨) ساڵ لە ستەمکردن.

لـێـرەوە هەموو لایـەک دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا باجی ڕۆحـیو مـاددی گەورەیان داوە، باجێک بە ڕوانگەی لیبرالیانەی خۆیان ڕەوایەتییەکی گەردوونی لە پشتەوەیە کە لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆریەکاندا بدرێت، لەبەرئەوە، بە هیچ لۆجیکێک پەسەند ناکرێت ئەگەر حکومەتی هەرێم بیەوێت لەڕێگەی خەفەکردنی دەنگە جیاوازەکانەوەو بەرتەسککردنی ئازادییە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیانی کــوردەوە مانەوەی دەسەڵاتێکی هەرێمی بێ چەکو سوپا لەناو عێراقێکی هەڵکشاو بەرەو دیموکراسیدا بهێڵێتەوە، ئەمەش نەک تەنیا خاڵی لاواز لە ئاسایشی نەتەوایەتی کوردا دروستدەکاتو ڕەواپەتی دەستێوەردانی دەرەکـیو نێودەوڵەتی دێنێتەکایەوە، بەڵکو خەونی هەزار ساڵانەی کوردان لە سەربەخۆییو مافی چارەی خۆنووسین لە هەر چـوار پارچەکەی کوردستاندا لەگۆڕدەنێت.

دەسـەڵاتـدارانـی ئێستای حکومەتی هەرێم لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە خواستی گۆڕان خواستی کەسو لایەنێک نییە، خواستی جەماوەرێکە خۆیان ناچاریان کردوون هاواری گۆڕان بکەن، ئەوان هەڵەیەکیان کردووە جارێکی دیکە چاکناکرێتەوە، متمانەیان لەدەستداوە، سووکایەتیان بە شکۆمەندی مرۆڤی کورد کـردووە، مافی ئەنفالکراو و شەهیدانو ڕۆشـنـبـیـرانو ئـافـرەتـانو لاوانـیـان پێشێلکردووە، سامانی نەتەوەیەکیان لــەهــەدەرداوە، ئایندەی نەتەوەیەکیان لەسەر کەنارەکانی تاریکترین چارەنووسی بەجێهێشتووە، تەنیا گۆڕان دەتوانێت ئەو هەڵانە ڕاستبکاتەوە کە ئەوان بە مەبەست (١٨) ساڵە پیادەی دەکەن.

هــەژدە ساڵە ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەزموونی کوردستانی عێراق دەپارێزنو هەوڵدەدەن هاوتەریبی سیاسی لەنێوان هەرێمو ناوەندا بە ئاراستەی بونیاتنانی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتدا دروستبکەن. لە بەرامبەردا، هەژدە ساڵە حکومەتی هەرێم هەموو تواناکانی خۆی لەپێناو قۆرغکردنی دەسـەڵات لەنێوان دوو بنەماڵەدا خستووەتەگەڕ، بەبێ ئەوەی توانیبێتیان کەمترین سنوور بۆ پێشێلکارییەکانی ئێرانو تورکیا دابنێن یان بە لانی کەمەوە، مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییان کردبێتە پێشینەی ئەجێندای کارەکانیانەوە، بێجگە لەم دوو مانگەی پێش هەڵبژاردنەکان.

مەترسی سەرەکی لەسەر ئاسایشی نـەتـەوەیـیـمـان بـەرتـەسـککـردنـەوەی ژیانی دیموکراسییە نەک فراوانکردنی، قۆرغکردنی دەسـەڵاتـە، نـەک فرەیی، گەندەڵییە نەک لێپرسینەوەو دادپەروەرییو یەکسانیخوازی.

هستریای قۆرغکردنی دەسـەڵات نەک خزمەت بە ئاسایشی نەتەوایەتیمان ناکات، بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەترسیو هـەڕەشـەکـانـی سـەر ئـەو ئاسایشە زیـاتـردەکـات، بـۆ نموونە لەکاتێکدا هـەوڵـدەدرێـت لەپێناو قۆرغکردنی دەسـەڵاتـدا، دوو حیزبە سەرەکیەکە پەرلەمان ناچاربکەن بەشێوەیەکی نایاسایی درێژە بە تەمەنی خۆی بداتو پاشان لە دوا هەناسەکانیدا دەستوورێک بۆ هەرێم تێپەڕێنێت کە هیچ بوارێک بۆ جەماوەرو ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوە مەدەنیو سیاسیەکان نەهێڵێتەوە، بەوردی تـاووتـوێ بکەنو خەڵکی لـێ هۆشیار بکەنەوە، لە داڕشتنی ئەو دەستوورەدا بە هیچ شێوەیەک گوێ بە چەمکی ئاسایشی نەتەوەی کورد نەدراوە، چونکە:

١ ـ لە دانانی ئەم دەستوورەدا ڕەچاوی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری عێراق لە تێپەڕاندنو پەسەندکردنی دەستووری هەرێمەکاندا نەکراوە.

٢ ـ بەهەمانشێوە، یەکلایەنانەو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داڕێژراوە.

٣ ـ چـاوەڕوانـی ئـەوە نـەکـراوە هەموارکردنە پێشنیازکراوەکانی ناو دەستووری عێراقی بە ئەنجامبگات، کە بەشێکی زۆری ئەو هەموارانە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر دەسەڵاتەکانی هەرێم جێدەهێڵێت.

٤ ـ دیاریکردنی سنووری کوردستان لەم قۆناغەو بە دەستوورکردنی، لەکاتێکدا هێشتا هەموو هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ناوچە جێیناکۆکەکان، بەتایبەتی کەرکوک بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر نەگەیشتووە، بۆی هەیە هەموو ئەو هەوڵانە لەناوبەرێتو بە زیانی کورد بشکێتەوە.

٥ ـ خودی فیدراڵیەت لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەژێر مەترسیدایەو زۆرینەی لایەنە عەرەبیە عێراقیەکان لە هەوڵی ڕەتکردنەوەیدان.

بەڕای من دەسەڵاتی کوردی لە هەموو لایەک دڵنیاترە کە سەرئەنجام دەبێت ئەم دەستوورە ڕەتبکرێتەوە، ئەگەرچی لە ریفراندۆمیشدا بە پشتگیری ژێراوژێری یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵو حیزبی سۆسیالیستو چـەپـە ڕەسمیەکان پەسەندبکرێت.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت پشتگیریی نێودەوڵەتی لەدەستنەدەین، پێویستە پابەندی یـاسـاو ڕێـکـەوتـنو فـۆڕمو ترادیسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی ئێستا بینو نەکەوینە هەمان ئەو هەڵەیەی کە سەدام حسێنی تێکەوت، حکومەتی هەرێم توانی هەژدە ساڵ درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ویستویانە بمێنێتەوە. لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراقدا، بێگومان هەڕەشە دەرەکییەکان ئاستی مەترسییان زیـاتـردەبـێـت. لـەبـەرئـەوە، پێویستە لەڕێگەی سەلماندنی شایستەییمان بۆ ژیانی دیموکراسیو سەربەخۆییەوە ڕایەڵەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغداو ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتییەکی گەردوونی لە بەرگریکردنی دیموکراسیو ئاشتیو مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا بەهێز بکەین، تاکو لەوە زیاتر وەک دۆست سەیرمان نەکەن، بەڵکو هاوپەیمان.

Yassinace2000@yahoo.co.uk

سەرچاوەکان:

People, State and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post – Cold War Era ,(London: Harvester Wheatsheaf ١١٢ (١٩٩١

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

**(( ڕاگەیاندن ))**

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بڕیاری ژمارە (٢)و بە بڕیاری کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٥٥)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٨دا، ئەم بڕیارەیدا:

١- غەرامەکردنی قــەوارەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار، ئەمەش بە پێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤)لە قانونی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو. ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان.

٢- داواکــردن لە قــەوارەی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە نـاوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناو رۆژنامە و راگەیاندن و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و پۆستەرەکانی سەر دیوار و یان هەر بانگەشەیەکی هەڵبژاردن رابگرێت.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

**(( ڕاگەیاندن ))**

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بڕیاری ژمارە (٢٩) لە کۆنوسی نا ئاسایی ژمارە(٥٠)لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨دا، ئەم بڕیارەیدا:

١- ئەنجومەن رەزامەندی دا لە سەر پابەند بوونی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە لە ماوەی (٢٤) کاتژمیردا رابگەیەنێ کە ئەو لیستە پەیوەندی بەو دەربرینانەوە نییە کە تیایدا ناوی قەوارەی ( حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان ) یان لە ناو بانگێستەکانادا بەکارهیناوە کوچی ئەو قەوارە سیاسیە لە ناو هاوپەیمانیدا نییە و دەبێ بۆ کۆمسیۆنی بسەلمێنێ کەوای نەکردووە , بە پێچەوانەی ئەوەوە کۆمسیۆن ئامادەیە کە باوەر دانەکەی بە هاوپەیمانی هەلبوەشێتەوە .

ئەو بریارە قابیلی تیاهەلچوونەوەیە لەبەر دەستەی دادوەریدا بۆ هەلبژاردەکان ,ئەوەش لە ماوەی سێ رۆژدا لە دوای بلاوبوونەوەی ئەو بریارە.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (هاوکار انور جوهر)
ژمارە/ ٢٠٠/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٣

لەبەر ئـەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ئیشعاری ئەنجومەنی هەڵبژێراوی (هەڵەبجەی شەهید) بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٢) لە یاسای (رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی) بە پێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیار ئەبێت بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

**دادوەر**
**قادر محمد نوری**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە/ ١٠٤/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٥
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (اسامە قیس نوری)

لەبەر ئـەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ئیشعاری ئەنجومەنی هەڵبژێراوی (هەڵەبجەی شەهید) بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٢) لە یاسای رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی) بە پێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیار ئەبێت بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

**دادوەر**
**قادر محمد نوری**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە سید صادق
ژمارە/ ٢٢/کەتن/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (ابراهیم عبدالله شریف)

لەبەر ئـەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ئیشعاری ئەنجومەنی هەڵبژێراوی (قەزای سید صادق) بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٢٤٨) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیار ئەبێت بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

**دادوەر**
**نجاة احمد حسن**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری ژمارە: ١٦٢٨/ب/٢٠٠٩
دادگای بەرایی سلێمانی ڕۆژ: ٢٠٠٩/٧/٢٢
دادگای باری شارستانی

**ـ ئاگاداری ـ**

داواکار: صبریه علی مولود
داوا لەسەرکراو: بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو باری شارستانی لە سلێمانی سەرەڕای کارەکەی
داواکار: (صبریه علی مولود) داوای بەرایی بە ژمارەی سەرەوە لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر بەڕێوەبەری رەگەزنامەو باری شارستانی سەرەڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی (خۆی) لە (صبریه) بۆ (هەوار) بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی دادگا بڕیاری دا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەکاندا هەرکەس و لایەنێک مافی رێگرتن هەیە لەم داوایە پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە یان بریکارێکی یاسایی لە بری خۆی بنێرێت لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێ بە گوێرەی یاسا. لەگەڵ رێزدا

**دادوەر**
**هاشم عبدالحامد حمه سعید**

---

هەرییمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومونی دادوەری
ژمارە: ٦٠/ش/٢٠٠٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی
ڕێکەوتی: ٢٠٠٩/٧/١٩
دادگای باری کەسێتی حاجیاوا

**ئاگانامە**

داواکار / منیره زرار خورشید
داوالێکراو / قاسم محمد رحیم کە ئێستا ناونیشانت نادیارە
داواکار / (منیره زرار خورشید) داوایەکی بەرەقەم (٦٠/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت کەتیایدا هاتوە داوای جیابونەوە دەکات. لەبەرنادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگابڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوورۆژنـامـەی رۆژانـەی ناوخۆیی فەرمی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەردەچــن، بە ئامادەبوونت لەبەردەم دادگا لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی کە دیاری کراوە بۆدادبینی، بەپێچەوانەوە ئەگەر خۆت ئامادەنەبووی یا بریکارێکت نەنێری ئەوا دادگا داواکە دەبینێ بوپێی یاسا.

**دادوەر**
**عبدالله عوسمان خزر**

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
ژمارە/ ١٧٩٦/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٢٨

**ئاگاداری**

داواکار/ ابوبکر علی أحمد کریم
داوا لەسەرکراوان/
١ ـ گەلاوێژ عارف کاکە اولا
٢ ـ هێرش عمر محمد کریم
٣ ـ هێمن عمر محمد کریم
٤ ـ هەرێم عمر محمد کریم

بۆ داوا لەسەرکراوان/ داواکار داوای ژمارە ١٧٩٦/ب/٢٠٠٩ لەم دادگایە تۆمار کردووە کە تیایدا داوای نەمانی کۆبەش دەکات لە موڵکی ژمارە ٣٦٩ م١٨ عربت لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆوە وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٨/١٨ کاتژمێر ٩,١٠.
لەگەڵ رێزدا

**دادوەر**
**عبدلله اسماعیل امین**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکان لە سلێمانی
ژمارە: ٣٩٤/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٢

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو رابعە احمد حمه کریم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (شارەزوور)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا/ سەروەر ضرار رشید**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکان لە سلێمانی
ژمارە: ٣٧٨/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٢

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو محمود شوقی صدیق و احمد شوقی صدیق
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا/ سەروەر ضرار رشید**

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستــەی نووســەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩


کارگێڕی و ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# سەرۆکە ئەبەدییەکان...!



کامەران عەزیز

سەرۆکە ئەبەدییەکان، کاتێک کە بیانەوێت وەهمی بەرائەتو پاکژبوونی خۆیـان بـە کۆمـەڵـگـە پیشانبدەن، دەگەڕێنەوە بۆ نێو باخچەو قوتابخانەی مـنـداڵان، مـنـداڵان لـە ئامێزدەگرن‌و ماچیاندەکەن‌و دەستی پیسی خۆیان بە سەر سەرو قژی پاکی منداڵاندا دەهێنن، زمانیان بچووک‌و منداڵ دەکەنەوەو لەگەڵیان دەدوێن‌و قاقای پێکەنینیان بۆ لێدەدەن، ئەم گەڕانەوەیە بۆ نێو منداڵان هەم کارێکی وەهمی‌و فریودەرانەیەو دەیانەوێت پیسی‌و ناپاکی‌و دڕندەیی خۆیان بە پاکی‌و بەرائەتی منداڵان بشۆرنەوەو هەمیش شا گەشکە دەبن، کە لە ئێستایاندا دەتوانن چەندەها منداڵ بە چەپڵەو پیاهەڵدان‌و گۆرانی‌و گوڵباران لە دەوری مەزنی دەسەڵاتیان کۆ بکەنەوە!

هـەروەهـا کاتێک سـەرکـردەکـان بیانەوێت ویژدانی خۆیان بسەلمێنن دەگەڕێنەوە بۆ شوێن‌و خانەی هەژاران‌و هەژارنشینەکان‌و لەنێو هەژارانیشیناندا دەچنە لای مرۆڤە کەم ئەندامەکان‌و لە گەڵیان دەکرێنەوەو سادەیی‌و بەزەیی‌و ویـژدانـی بێ بنەمای خۆیان لە پاڵ وێنەی ژیانی کەمئەنداماندا بەرامبەر بە کەمئەندامان‌و بە هاوڵاتیان پیشاندەدەن‌و دەیانەوێت بیسەلمێنن کە سەرچاوەی دڵـنـەوایـی‌و فـریـاگـوزاری ئـەوانـن، لە هەمانکاتیشدا دەیانەوێت بیسەلمێنن کە قـەدەرو کاری ئیلاهی‌و چارەڕەشی لە مەزنی‌و دەسەڵاتی ئەوان گەورەترەو لە بەرامبەریدا ئەمانیش دەستەوەستان‌و هیچیان پێناکرێت!

سـەرکـردەکـان بۆ سەلماندنی وەفـاداری‌و نمەکدارییان بەرامبەر بە هاوڵاتیان، لە زۆربەی پرسەی شەهیدان‌و قوربانیان‌و بۆنەو یادی خۆشی‌و ناخۆشی مێژوویی ئەو میللەتەدا ئامادەدەبن‌و دلخۆشی‌و خەمی درۆینەی خۆیان لە سەرەتاو یەکەم وتاری یادەکاندا بە وشە قەبەکانی ئەوان دەستپێدەکات‌و گوێی هاوڵاتیانی پێ کەڕو کپ دەکەن!

کاتێک سەرکرەکان بیانەوێت دڵسۆزی‌و هاوژیانی‌و هاوخەمی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵگەو هاوڵاتیان پیشانبدەن، ئەوا وەک بەخشندەیەک خۆیان وێنا دەکەن لە دروسکردنی مزگەوت‌و قوتابخانەو نەخۆشخانەو نەزرگەو شەقام‌و وێزگە بە (دەگمەنەکان)، هەرچەند هەموو ئەمانە بەرهەمی ڕەنج‌و ماندوبوونی هاوڵاتیانە، بەڵام ئەوان تێیدا دەبنە یەکەم وێنەو یەکەم نمایشی کرانەوەیی‌و مقەستی بڕینی پەتەکەی لە دەستی ئەواندا دەبێت!

یەکەم هەنگاوی چوونە ژوورەوە بە سەر فەرشی سووردا بە هەنگاوەکانی ئەوان دەستپێدەکات‌و بە پێکانی ئەوان پیس دەبێت!

پیشاندانی خـۆیـان لـە کـۆڕو کۆبوونەوەکانی نـاوەوەو دەرەوەی وڵات، پیشاندانی وێنەی سەرۆکەکان لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن‌و میدیاکانداو بینینیان لە هەر کات‌و شوێنێک، دەیانەویت پێمان بڵێن کە خەمخۆری ئێمەن‌و بۆ ژیانی ئێمە بۆ ئایندەی ئێمە سرەوت‌و پشوویان نییە! بەڵام بۆئەوەیە کە دەیانەوێت بە هاوڵاتیان بسەلمێنن، کە بەبێ بوونی سـەرۆک، هـاوڵاتـیـان سـەرگـەردان‌و پەراگەندەو هەتیون، ناتوانن کارو ژیان‌و ئایندەیان ڕێکبخەن، ناتوانن بەبێ ئەمان خۆیان لە برسیەتی‌و شـەڕو تـاڵان‌و داگیرکاری‌و دوژمن بپارێزن! دەیانەوێت بیسەلمێنن بەبێ بوونی ئەمان، هاوڵاتیان ناتوانن دادپـەروەری‌و خۆشگوزارانی‌و ئاسودەیی‌و بەختەوەریی بەدیبهێنن! بۆیە لە یەکەم وتاری سەرکردەی وڵاتانی دی ئەمان دێنە دەنگ تا ئەوکاتەی پەیمانی ئاشتی‌و قازانجی ئابووری‌و سیاسی، گشتی‌و تایبەتی، داخراوەیی‌و شاراوەیی، لە نێویاندا بەبێ بڕیارو پرسی هاوڵاتیان ڕوو دەدات! بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە پەنجەی خۆیان لە جیاتی هەموو پەنجەی هاوڵاتیان کار دەکات‌و شەرعییە! پەنجەی خۆیان دەکەنە سمبولی هەموو پەنجەکانی میللەت، بەپەنجەی خۆیان هەڕەشەو مۆرو ئیمزا دەدەن لە پەیمانە ئاشکراو نهێنییەکانیان‌و بە پەنجەی خۆیان جەنگ بەرپا دەکەن! بەڵام کە گەیشتە شەڕو جەنگ‌و زەرەر دەگەڕێنەوە بۆ بڕیارو پرسی هاوڵاتیان، بۆ دەنگ‌و خوێن‌و هێزو ئیرادەی دەست‌و پەنجەی هاوڵاتیان!

ئەم ئوسوڵ‌و شێوەکارە وەهمییانەی سـەرکـردەو سـەرۆکـە ئەبەدییەکان، کە لە سەرەوە ڕوونمکردەوە، هەموو کـاری وەهمین بۆ دەستەمۆکردن‌و بەسیجکردنی هاوڵاتیان‌و بەردەوامیی پێگەی سەرۆکایەتیی خـۆیـان، بۆ هیشتنەوەی کۆیلەیەتی‌و خزمەتکاری‌و کڕنوشی زیاتری هاوڵاتیان بەرامبەر بە مەزنی‌و بەرزیی باڵای خۆیان! بۆ بـەردەوامـی داگـیـرکـاری سـەروەت‌و سامانی وڵات‌و نیشتمان لە ژێر دەستی خۆیاندا! بۆ تاعەتکردن‌و خۆبەخشینی گیان‌و ژیانی هاوڵاتیان بە خـەون‌و پەیام‌و ویستی تایبەت‌و کەسێتیی خۆیان! بۆ دزیـن‌و نووسینەوەو مۆرکردنی مـێـژووی قـوربـانـی‌و بـەرەنـگـاری‌و بەرگری‌و دروستکردن‌و پێشکەوتن‌و داهێنانی هاوڵاتیانی نەتەوەو میللەت بە ناوی خۆیان‌و بنەماڵەو وەچەکانی دوای خۆیانەوە!

لە هەمووی سەیرتر ئەم سەرکردانە لە کاتی لاوازی‌و بێدەسەڵاتی‌و سەرەتای چوونە سەر کورسی حوکمڕانیدا، خۆیان لەگەڵ بێدەسەڵاتی‌و بێتوانایی (ساوایاندا) بەراوردو هاوسەنگ دەکەن‌و بە هاوڵاتیان ڕادەگەیەنن، کە داوای هیچیان لێنەکەن، چونکە ئەمان سەرکردەی حکومەتێکی ساوان‌و (حکومەتەکەیان ساوایە !)

ئەم بەراوردکردنەی سەرۆکەکان لە نێوان خۆیان‌و منداڵاندا، بۆ ئەوەیە هەرچییەکیان کرد، هەر درۆیەکیان کرد، هەرچیەکیان خوارد، هەرچییەکیان بردو داگیرکردو شـاردەوە، لە ڕووی یاسایی‌و کۆمەڵایەتییەوە حسابیان لە سەر نەکرێت‌و هاوڵاتیانیش بە چاوی سـاوایـیـەوە لـە تـوانـاو دەسەڵاتیان بڕوانن‌و بڵێن منداڵن، چونکە منداڵان وەکـو گـەورەکـان هیچ مەبەستێکی ناپاک‌و ناشیرینیان نییە لەو کارانەی کە ئەنجامیدەدەن! بۆ ئەوەی بڵێن تەمەنی ژیان‌و دەسەڵاتیان کەمەوبێ تەجروبەو بێ ئەزمونن، گوناهیان نییەو سادەو بێ تواناو بێبەریین، لە هەر هەڵەیەک کە دەرهـەق بە هاوڵاتیان ئەنجامیدەدەن! ئەم ساوایی‌و منداڵییە دەکەنە بیانویەک بۆ ئەوەی هاوڵاتیان نەتوانن داوای هیچ بکەن‌و هیچ داخوازییەکیان بە سەردا بسەپێنن.

دیعایەی ئـەوە بۆ خۆیان دەکـەن کە زۆر درەنـگ پێ دەگـرن، بۆئەوەی بێ توانایی ساوایان لەگەڵ تەمەنی ساوایی دەسەڵاتی خۆیاندا هاوتا بکەن‌و لە چارەسەر نەکردنی کێشەکاندا بێ توانایی‌و بێ تاوانی خۆیان لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا پیشانبدەن! بەڵام بۆ ژیان‌و ویستەکانی خۆیان بەبێ یارمەتی بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێت شتیک بکات بە دەمیانەوە دەتوانن بێ سنورو بێ ترس هەڵپە بکەن‌و بخۆن‌و بشارنەوە! چونکە ئەم جۆرە سەرۆکانە هەر لە تەمەنی ساواییەوە وەک داشە هارەیەک لە دایک دەبن، وەک مشەخۆرێکی دەستدرێژو زماندرێژ لە دایکدەبن، هـەر لەسەر بێشکەوە کەڵبەیان دەردێت‌و شمشێرو تـەورو چەکیان بە دەسـتـەوەیـە! بۆ بێدەنگکردن‌و خوێناویکردنی (لەل)ی هاوڵاتیان!

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە نەوسن‌و چڵێسن هەر بە قنگەخشکێ دەتوانن هەموو شتێک بدزن، لەبەر حەزو هەڵپەی خۆیان هەرگیز چاویان بە هاوڵاتیاندا هەڵنایەت‌و هیچ خەمێک بۆ بێ بەشی‌و نەبوونی هاوڵاتیان ناخۆن، خەم تەنیا بۆ لاوازی‌و شکستی دەسەڵاتیان دەخۆن!

ئەم جـۆرە سەرکردەو سەرۆکانە لە ساواییەوە ورگ‌و گیرفان‌و کۆنتۆیان مەشکەیی‌و (مەگاگی)یە، هەتا تێی بکەن دەکشێت‌و بە هیچ پڕ نابێت! هەر بە ساوایی‌و منداڵی لە سەر هەر ژینگەو خاک‌و نیشتمانێکدا بن شیلەو شیری هەموو دەمژن، تەڕو وشکی وەک دەریا هەڵدەلوشن‌و هەر پڕ نابن! بەڵی، تا ساوا بن ئاوا دەبن، تەنیا دەتوانن فریای خۆیان بکەون‌و ناتوانن گۆڕانکاری لە ژیان‌و گوزەرانی خەڵکیدا بکەن!

ئەگەر خوانەخواستە لە هەر دەورەو ساڵێکدا، تەمەنی منداڵی‌و ساواییشیان تێ بپەڕێنن‌و ببنە سەرۆکێکی گەنج، بگەنە قۆناغی (١٨) ساڵی، ئەوا ئاهەنگی (١٨) ساڵە دەگێڕن، ئاهەنگی گەورەبوون‌و پێگەیشتنی خۆیان دەگێڕن، ئاهەنگی ئەوە دەگێڕن کە لەم تەمەنەیاندا بە ئازادی دەتوانن دەست بخەنە دەستی سەرۆکە ناعەدالەت‌و مشەخۆرەکانی وەک خۆیان، تا پێکەوە لە گروپێکدا بەردەوام بە نەوت‌و پـارەو سامانی وڵات خۆیان مەست بکەن‌و بە ئازادی‌و بە ئاسانی بە ئاسمانی وڵاتاندا بخولێنەوە! کە بوون بە هەژدە ساڵ دەیانەوێت لەم تەمەنەدا بە تەواوی لە سەرەتاوە دەستپێبکەن‌و عەقڵی منداڵی فڕێبدەن‌و عەقڵی گەورەیی بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی ئەمجارە بزانن چی بخۆن‌و چی نۆش بکەن! چ خواردنێک سودی هەیەو تەندروستە بۆگەشەو گـەورەبـوون‌و تەمەنی درێژی دەسەڵاتیان! چی بخۆن بۆ ئـەوەی باڵای دەسەڵاتیان باڵاترو مەزنتر بنوێنێت! چی بکەن‌و چۆن تورە ببن تا بتوانن ترس‌و تۆقێن دروست بکەن، بیردەکەنەوە چۆن قسە بکەن‌و پێبکەنن، بە چ ڕەنگ‌و دیکۆرێک خۆیان جوان بکەن تا بتوانن دەوروبەرو کۆمەڵگە بەرامبەر بە هەیکەلی خۆیان سەرسام بکەن!

بەڵێ، کە بوون بە ١٨ ساڵ هەرچی یاسای مۆدێرن‌و سەردەمە بە هەقی شەرعی خۆیانی دەزانـن! وەک گەنجی وڵاتـە مـەدەنـی‌و کـراوەکـان، کرانەوە بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینن، دەیانەوێت بیسەلمێنن کە بە (یاساو دەستوور) لە (١٨) ساڵییەوە دەتوانن بڕیار بدەن‌و بە زۆربەی مافەکانی خۆیان بگەن ...! بەڵێ، لە ١٨ ساڵیدا دەیانەوێت وەک حکومەتێکی گەنج، سەرکردەیەکی گەنج دەتوانن ئازاد بن‌و ببنە هاوڕێ لەگەڵ حکومەت‌و سەرکردەکانی دی‌و دراوسێ .. ! (بەڵام بۆ کاری سیاسی‌و بەڕێوەبردن نا!)، بەڵکو بۆ هەوەسی گەنجانەی خۆیان کە بتوانن وەک سەکردەیەکی گەنجی بێ بەر پرسیارێتی بە ئارەزووی خۆیان بە سامانی ئەم وڵاتە، بانکەکانیان لێوان لێو بکەن لە پارە!

لەم ساتەدا دەیانەوێت هەموو کارێکی عاقڵانی‌و خزمەتگوزاری بەرامبەر بە ژیـان‌و پێداویستیەکانی هاوڵاتیان لە بیربکەن‌و تەنیا خۆیان بیربکەنەوە، بەڵێ وەک سەرکردەیەکی لاو دەیانەوێت لەم تەمەنەدا بە تەواوی خۆیان لە هەموو شتەکان وەک (پارەو زەوی‌و کۆشک‌و کۆمپانیاو زێڕو هەیبەتی دەسەڵات) تێر بکەن‌و دەم بژەننە سەروەت‌و سامانی ئەم وڵاتە بێکەسەو کەسیش نەتوانێت پرسیارو گومان بە ڕووی پیرۆزییاندا دەرببڕیت!!!!

دەیـانـەوێـت وەک مرۆڤێکی پێگەیشتووی درۆزن‌و هەڵپەرست، فێڵمان لێبکەن‌و بگەڕێنەوە بۆ یاساو دەستوور، هەر بە یاساو دەستووری دەستکردو نووسراوی دەستی خۆیان ناهەقییەکانیان بە سەر هاوڵاتیاندا بسەپێنن! دەیانەوێت بە یاساو دەستوور لە هەر گومان‌و لێپرسینەوەیەکدا لە وەڵامدا بڵێن وازمان لێبهێنن گەورە بووین، خۆمان هەست بە هەموو شتێک دەکەین، دەیانەوێت پێمان بڵێن کە بەپێی یاساو دەستوور کەس ناتوانێت ڕێگەیان لێبگرێت، لە هەر کارێکی ناشەرعی‌و ناهەقی کە بەرامبەر بە هاوڵاتیان ئەنجامیدەدەن!

ئەم جۆرە سەرکردانە بە تەواوی هەست بە خۆیان دەکـەن‌و دەزانـن لە چ قۆناغێکی تەمەنی دەسەڵاتدان، بەڵام زۆر بە وریاییەوە قۆناغەکانی خۆیان، توانای دەسەڵاتی ئابووری‌و سیاسی تایبەت بە خۆیان لە هاوڵاتیان بشێوێنن! جارێک هەڕەتی توانای‌و گەنجێتی خۆیان بە ساوایی‌و منداڵی دەناسێنن، لە ساتێکی دیدا تەمەنی کۆن‌و دواکەوت‌و پیریەتی‌و بـەسـەرچـووی خۆیان بە مـۆدێـرن‌و گەنجێتی دەناسێنن! پیشانیدەدەن کە سەرکردەیەکی تازەو مەدەنین کە هیچ عەیبێکیان نییەو ئەوان باوکی دڵسۆزو بابە گـەورەی تا هەتایی ئەوانن، بۆیە خۆیان بە باوک دەناسێنن، دەیانەوێت بیسەلمێنن کە هەموو کەسێک یەک باوکی هەیە، کەواتە دەبێت یەک سەرۆک‌و یەک سەرکردەشی هەبێت! بۆئەوەی هەر خۆیان لە دەسەڵاتدا سەرۆک بن‌و جێگە بۆ هیچ سەرکردەیەکی دیکە، هەم وەک خۆیان‌و هەم جیاواز لە خۆیان هەرگیز چۆڵ نەکەن، گەر مردن لێیان بگەڕێت تا ئەبەد هەر سەرۆک دەبن!

# جێبەجێکردنی مافەکانمان

ساڵح فەرەج کەریم

لەم ڕۆژانـەدا گۆڕان‌و گۆڕانکاریی بووەتە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتیی، گـۆڕان لە سیستمی ئـیـداری‌و سـیـاسـیـدا، ئـەمـە خـۆی وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ژیانی گەلی کورددا. دەبێت ڕێزی لێبگیرێت‌و بە هەند وەربگیرێت، دەبێت لە ئێستاوە دەنگمان بە هەر لیست‌و قەوارەیەک داوە ئەم چوار ساڵە بە چاوێکی وردبینانەو ڕەخنە ئامێزەوە سەیریان بکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئاستی وەڵامدانەوە نەبوون لە جێبەجێکردنی مافەکانی خەڵکدا بتوانین چـوار ساڵی داهـاتـوو بیانگۆڕین بە گۆڕانیشەوە. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەویش پیرۆزباییکردنە لە جەماوەری بە شەرەفی ئەم وڵاتە کە توانین بەشێوەیەکی شارستانیانە پیشانی دۆست‌و دوژمنانی گەلەکەمان بدەن، پیرۆزبایی لە هێزی پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش‌وهاتوو چۆو هەموو براو ئەو کەسانەمان کە بە یەک چاو پارێزگاریی لە وڵات‌و جەماوەرمان کرد بەبێ جیاوازی،

بەڵام نابێت هەرگیز ئەوە لە بیربکەین کە ئـەوانـەی ئـەم ڕۆژەیـان بۆ ئێمە هێنایەکایەوە، ئەوانە ئەو ساوایانەی وڵاتەکەمان بوون کە کاتێک شۆفڵەکانی حیزبی بەعس بە زیندوویی خۆڵی بەسەردا دەکردن‌و جارجارێک دەمی لە مەمکی دایکی هەڵدەگرت‌و وای دەزانی دایکی یاری بۆ دەکات.

ئەوە شەهیدانی هەڵەبجەبوون کە لە شارەکانی ئەسفەهان‌و شیرازو تاراندا کرێکارەکانی شـارەوانـی لەبەر خوا دەیاننانە گۆڕ.

ئەوە منداڵ‌و پەککەوتەکانمان بوون کە لە کۆڕەوە گەورەکەی گەلەکەمان بە دەم ڕێگاوە لە سەرماو برسا گیانیان لەدەستدەداو لەبن بەردو ئەشکەوتەکاندا بە باڵاپۆشەکانی خۆیانەوە لە گۆڕ دەنران.

ئەوە شەهیدانی سەنگەربوون بەبێ ئەوەی کەسێکیان لە ژوور سەر بێت‌و دڵنەوایان بکات چاوەکانیان لە یەک دەنا.

ئەوانە شەهیدانی سەر سێدارەکانی ڕژێمی فاشیبوون کە تا دوا هەناسەیان سرودی (ئەی ڕەقیب)یان دەوتەوە.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نەک گۆڕان لە سیستم‌و دەسەڵات، بەڵکو دەبێت گۆڕان لە تاکی خۆشماندا بکەین.

کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتی (١٨) ساڵەی قورخکراو بۆ بنەماڵە کۆتایی پێبهێنین‌و بیدەینە دەست نەوەی نوێی گەلەکەمان‌و کاتی ئەوە هاتووە خەڵک هـان بدەین سیستمێک دامەزرێنین کە بتوانێت وڵات لە پاشاگەردانی ڕزگاربکات‌و عەدالەتێکی هەمەلایەنە بنیاد بنێت.

کـاتـی ئـەوە هـاتـووە ڤـێـلاکـان‌و کۆمپانیاکان‌و باخەکان‌و پارەکانی بە تـاڵان بـراو بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی گەلەکەمان بۆ ئەوەی گوندو دێهاتە دووجار ڕووخاوەکانمانی پێ ئاوەدان بکەینەوە.

کاتی ئـەوە هاتووە مووچەکان‌و نەسریەکانتان کەم بکەنەوە تا بخرێتە سـەر مووچەی پاشماوەی ئەنفال‌و شەهیدو هەژارانی ئەم گەلە تا ئەوانیش بتوانن بژین.

کاتی ئـەوە هاتووە حیمایەکانتان کەم بکەنەوە تا بیانخەینە سەر هێزی وڵاتـپـارێـزمـان بە جـۆرێـک کە ئیتر پێویستمان بە حیمایەی شەخسی نەبێت.

کاتی ئەوە هاتووە وەنەوشەکانتان کەم بکەنەوە تا بیاندەین بە سەیارەی فریاکەوتن (ئیسعاف)و بیانخەینە بەردەستی بنکەکانی تەندروستی بۆ ئـەوەی منداڵە چاوگەشەکانمان لە گوندەکان بەهۆی پێوەدانی دوو پشک چیتر گیان لەدەستنەدەن، دڵنیاش بن گەلی کورد هەرگیز لەبیری تۆڵەسەندنەوەدا نییەو بەڵگەش بۆ ئـەوە هەموومان بینیمان هەر لە سەردەمی حەرەس قەومی‌و جاشی محەلی‌و موستەشارو فایلدارەکانی سەرکردایەتیەکان‌و بە شەڕی (٣٦) ساڵەی جەلالی‌و مەلایی‌و یەکێتی‌و پارتیشەوە هێمنی‌و بێدەنگی خۆی پاراستووە.

دڵنیابن لەوەی ئەگەر بێت‌و پەشیمان ببینەوەو داوای لێبوردن بکەن، نەک هەر پێی بچووک نابنەوە، بەڵکو زۆر پێی گەورە دەبن‌و ئەوکات ئێوەش دەبنەوە براو کەسەکانی ئێمەو سەروەرییەکی دیکە دەخەنەسەر ئەو سەروەریانەی پێش (١٨) ساڵتان.

# پرۆژەی ڕۆژ ستی .

## کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ وەبەرهێنانی خانوو بەرە












+ ڕۆژ ستی – لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود ( نزیك سەنتەری بۆلینگ ) .
+ ( ژووری میوان , چێشتخانە , ( 3 ) نوستن , حەمام , توالیت , شوێنی غەسالە و مەغسەل , بالکون ) .
+ هیچ مانگانەیەکی خزمەت گوزاری نادەیت .

+ نرخی یەکەیەك ( $ 50 000 )پەنجا هەزار دۆلارە ,( $ 25000 )لە لایەن سندوقی نیشتەجێ بوونەوە دەدرێت بۆ هەموو هاوڵاتیەك , تەنها بری ( $25000 )دەدرێت بە چوار قیست - پێشەکی $6500.

ئۆفیسی کۆمپانیا - فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەلیك- بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر - ت ( 0750 152 1717 - 0770 152 93932 - 0771 016 5555 )

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩